
## د.رۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆک وەزیرانی عیراق بۆ گوڵان:

# هەموو كات لایەنە كوردستانیەكان بۆ كێشە چارەنووسسازەكان یەک هەڵوێستن



بارودۆخی ئێستای عێراق بە قۆناخێكدا گوزەر دەكات كە دەرگای هەموو ئەگەرەكان واڵایەو هەموو لایەنە سیاسیەكانیش لە هەوڵی ئەوەدان دەروازەیەك بۆ دەرچوون لەم قەیرانە بكەنەوەو بەدوای رێگە چارەیەك دەگەڕێن ئەم كێشەیەی پێ چارەسەر بكەن، لەساڵی ٢٠١٠ەوە دوای نزیكەی چەندین مانگ تێپەڕبوون بەسەر هەڵبژاردنەكانی عیراقدا لە چوارچێوەی دەستپێشخەرییەكەی سەرۆك بارزانی رێككەوتنی هەولێر بۆ دەسنیشانكردنی هەر سێ سەرۆكایەتی كۆمار و پەرلەمان و حكومەت لە نێوان لایەنە سیاسیەكان ئیمزا كرا، ناوەڕۆكی ئەم رێككەوتنە گشتگیر و هەمەلایەن بوو، كە دەشێت پێی بگوتریت نەخشەی رێگە بوو بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی عیراق و دوورخستنەوەی عیراق لە هەموو داهاتوویەكی ترسناك، بەڵام بەهۆی كەمتەرخەمی سەرۆك وەزیرانی عیراق و خۆدزینەوەی لە جێبەجێكردنی تەواوی رێككەوتنەكە، رۆژ لەدوای رۆژ پرۆسەی سیاسی عیراق زیاتر تەنگژەی تێكەوت و زیاتر لایەنە سیاسییەكان لە حكومەت دووركەوتنەوەو گەیشتە ئەوەی هەموو لایەنە سیاسیەكان بێجگە لە لیستی دەوڵەتی یاسا سەرۆك وەزیران بە تاكڕەو وەسف بكەن و هەڵویستی لەبەرامبەر وەربگرن، ئێستاكە باردۆخەكە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی كە دەبێت رێگە چارەیەك بۆ ئەم قەیرانە بدۆزرێتەوە، گوڵان بە باشی زانی ئەم پرسە لەگەڵ بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆك وەزیرانی عیراق و نوێنەری سەرۆك بارزانی بۆ چاودێریكردنی جێبەجێكردنی رێككەوتنی هەولێر باس بكات، بەڕێزی بەسوپاسەوە بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی گوڵانی دایەوە.



*** بارودۆخی عیراق بە قۆناغێکی سەخت و دژوار تێدەپەڕێت، تا ئەو ڕادەیەی زۆربەی کوتلە سیاسیەکان بەدوای ئەلتەرناتیڤێك بۆ ئەو بارودۆخە دەگەڕێن، بە ڕای بەڕێزتان بۆچی بارودۆخەکە گەیشت بەو دژوارییە؟**

ـ بە تێڕوانینی من، بە شێوەی سەرەکی بەشێکی گرنگ و زۆری هۆکاری بنەڕەتی گەیشتنی بارودۆخ بەم ئاستەی ئێستا، جێبەجێ نەکردنی خاڵەکانی ڕێکەوتننامەی هەولێرە، چونکە ڕێکەوتننامەکە تەنیا بۆ ئەوە نەبووە کەسایەتییەکانی وەك سەرۆکی وەزیران و سەرۆکی کۆمارو سەرۆکی پەرلەمان دەستنیشان بکرێن و فیسارو فلانیش ببنە وەزیر، بەڵکو ڕێکەوتننامەکە بەرنامەیەکی تێکڕایی بوو بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانانەی لەو کاتەدا کە عیراق پێی تێدەپەڕی و هەروەها کۆکردنەوەی هێزە سیاسییەکانی عیراق ئەوانەیان کە بڕوایان بە پرۆسەی دیموکراتییەو پابەندی دەستووری وڵاتن، بە داخەوە پێش ئەوەی باسی ئەوەش بکەین، بۆچوونی ڕێکەوتننامەکە ئەوە بوو کە دامودەزگایەکی دیموکراتی ئاوها لە عیراقدا دابمەزرێت تا پرۆسە دیموکراتیەکە بەرەوپێشەوە بچێت، هەروەها بۆ چەسپاندنی مەبدەئی شەراکەت کار بکرێت، چونکە ئێمە لەو قەناعەتەداین و بە تایبەتی جەنابی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان و زۆر هێزی تریش لەو قەناعەتەدان کە ئەم وڵاتە بە پێکهاتەیەك یان بە دوو پێکهاتە حوکم ناکرێت، بۆیە پێویستە هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکە بەشدار بن لە بەڕێوەبردنی عیراقدا و هەر سێ پێکهاتەکە شەریکی هاوتا بن بۆ یەکتر، ڕێکەوتننامەی هەولێر دەروازەیەکی ئاوەڵاکردەوە تا ئەم مەبدەئە بچەسپێنرێت، ڕێگەیەکی

**جەنابی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان و زۆر هێزی تریش لەو قەناعەتەدان کە ئەم وڵاتە بە پێکهاتەیەك یان بە دوو پێکهاتە حوکم ناکرێت. بۆیە پێویستە هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکە بەشدار بن لە بەڕێوەبردنی عیراقدا و هەر سێ پێکهاتەکە شەریکی هاوتا بن بۆ یەکتر**

**ئەگەر تۆ هیوات لەوە بڕی کە ئەم بارودۆخە بەو شێوەیەی لە ڕێکەوتنی هەولێردا هەیە چارەسەر بکرێت، پێویستە گۆڕانکاری بکرێت، پرۆسێسی گۆڕانکاریش هەرچۆنێك بێت، دەبێت لە چوارچێوەی دەستووردا ئەنجام بدرێت**

نەخشاند تا پرۆسە دیموکراتیەکە پتەو بکرێت، دامودەزگای ئەوتۆ دروست بکرێت کە مەبدەئی شەراکەتی ڕاستەقینەو شەراکەتی نیشتمانی بچەسپێت و کاری پێ بکرێت، ئەو خاڵانەی کە تا ئێستا جێبەجێ نەکراون گرنگی خۆیان هەیە، لەوانە مەسەلەی دەزگای سیاسەتی نیشتمانی، ئەمە دەبووە دەزگایەکی گرنگ بۆ بڕیاردان لە سیاسەتی گشتی وڵاتەکە، چ سیاسەتی دەرەوە بێت یان سیاسەتی بەرگری یان سیاسەتی ئاسایش یان ئابووری، جگە لەمە ڕێ و شوێن دانرا تا پێڕەوی ناوخۆ بۆ ئەنجومەنی وەزیران هەبێت و ئەم پێڕەوە ناوخۆییە بوار بۆ ئەنجومەنی وەزیران بڕەخسێنێ تا لە ئەنجومەنی وەزیران مەبدەئی شەراکەت و شەفافیەت جێبەجێ ببێت، لەو شتانەی کە جێبەجێ نەکران ئەم دوو خاڵە گرنگەشی تێدایە، جگە لە جێبەجێ نەکردنی مەبدەئی هاوسەنگی دەستووری و ئەو ڕێکەوتننامانەی کە لەگەڵ هەرێمیشدا هەبوون کە دەبوایە کێشەکانی چارەسەر بکرانایە، ئەمانە هەموویان بوونە هۆی ئەوەی لە جیاتی ئەوەی هێزەکان لە یەکترەوە نزیك ببونایەتەوە، کەچی گەیشتنە ئەم بارە نائاساییەی کە ئێستا بووەتە قەیران، دەتوانم بڵێم ئەمەیە هۆکارە سەرەکیەکانی ئەو قەیرانە وەك باسم کردن..

*** لە کاتێکدا لایەنی کوردی ڕۆڵی ئەکتیڤی لە دامەزرانەوەی دەوڵەتی عیراق هەبوو هەروەها بەشێك نەبووە لە کێشەکان بەڵام بەو شێوەیەی ئێستا کە باس دەکرێت وایان لێ کرد کە کێشەکە وا باس بکەن کە لە نێوان عیراق و هەرێمدا بێت بۆچی بەو ئاڕاستەیەدا براوە**

ـ لایەنی کوردی لە سەرەتادا بەشێك نەبوو لە هیچ جۆرە کێشەیەك بەڵکو هاوکاری سەرەکی دروست کردنی پرۆسەیەکی دیموکراتی بوو لە قۆناغەکانی پێشوودا، ئەوەمان لە بیر نەچێت ئەو پرۆسەیە سەرەتا لەسەر دەستی جەنابی سەرۆك بارزانی و لایەنی کوردی دەستی پێ کرد، واتە ئێمە ناوبژیوانێك بووین لە نێوان لایەنەکانی عیراقیدا، لە لایەکەوە ڕۆڵمان گۆڕدرا و بووین بە بەشێك لە ڕێکەوتننامەکەو لە دارشتنی ڕێکەوتننامەکە بەشداربووی سەرەکی بووین، لە لایەکی تریشەوە وەك کەفیلی ڕێکەوتننامەکە بووین، چونکە ئەو ڕێکەوتننامەیە لە ژێر سایەو سێبەری جەنابی سەرۆك بارزانی ئەنجامدرا بۆیە بەڕێزیان بوونە کەفیلی جێبەجێ کردنی، خۆ ئەمە هەر ئەوەنییە تۆ واژۆ لەسەر ڕێکەوتننامەیەك بکەیت، تا لایەنەکان بێن و کۆیانبکەیتەوە لەسەری ڕێکبکەون، بەڵکو پێویستە هێزو توانای ئەوەشت هەبێت کە موتابەعەی جێبەجێ کردنی خاڵەکانی بکەیت و زەمانەتی جێبەجێ کردنی بدەیت، ئەگەر جێبەجێ نەکرا ئەوا حسابێکی ترە، بۆیە هەر چۆن سەیری دەکەیت وا دەکەوێتەوە کە من بە ئەرکی سەرشانی لایەنە کوردستانیەکانی دەزانم، ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن لە زامنکردنی جێبەجێکردنی ئەو ڕێکەوتننامەیە، یان ڕۆڵیان لە ڕاستکردنەوەی ڕێچکەی هەموو پرۆسەکەدا هەبێت..

*** فراکسیۆنی لایەنە کوردستانیەکان لە ناو پەرلەمانی عیراقیدا دەستیان کرد بە هەڵمەتی کۆکردنەوەی ئیمزا کۆکردنەوەی پەرلەمانتاران بۆلێسەندنەوەی متمانە لە مالیکی سەرۆکوەزیران، باشە ئەگەر متمانەی لێ سەندرایەوە، ئەلتەرناتیڤ بۆ مالیکی لە لایەن کوردەوە کێ دەبێت**

ـ جارێ هەر پێشهات و شتێك لە عیراقدا لەبەردەم دوو ڕێگەدایە، یەکەمیان ڕێگەی چاکسازییەو جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی هەولێرە کە زۆر لایەن بەدووری دەبینن لە ژێر سایەی ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی کە ئەمڕۆ دروست بووە جێبەجی بکرێت، بۆچوونەکەی تر ئەوەیە کە ئەگەر تۆ هیوات لەوە بڕی کە ئەم بارودۆخە بەو

**ڕێکەوتننامەی هەولێر دەروازەیەکی ئاوەڵاکردەوە تا مەبدەئی شەراکەت بچەسپێنرێت. ڕێگەیەکی نەخشاند تا پرۆسە دیموکراتیەکە پتەو بکرێت و، دامودەزگای ئەوتۆ دروست بکرێت تا تێیدا مەبدەئی شەراکەتی ڕاستەقینە کاری پێ بکرێت**

**بە ئەرکی سەرشانی لایەنە کوردستانییەکانی دەزانم، ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن لە زامنکردنی جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی هەولێر، یان ڕۆڵیان لە ڕاستکردنەوەی ڕێچکەی هەموو پرۆسە سیاسیەکەدا هەبێت**

شێوەیە چارەسەر بکرێت، پێویستە گۆڕانکاری بکرێت، هەردوو پرۆسێسەکە هەرچۆنێك بێت دەبێت لە چوارچێوەی دەستووردا ئەنجام بدرێت، چونکە ئێمە پابەندی دەستوورین و دەستوور بۆ هەمووانە هەر هەنگاوێك یان بڕیارێك بدرێت پێویستە بە ڕێگەو شوێنە دەستوورییەکاندا تێپەڕ بێت، ناشبێت هیچ کەسێك لەو خاڵانە عادز بێت لە هەنگاونانیدا بۆ چارەسەری کێشەکان بە پێی دەستوور، ئەو هەوڵ و جموجووڵانەی کە ئێستا لە ئارادایە بە شێوازە دەستووریەکەیەتی تا هەموو لایەنەکان بگەنە قەناعەتێك بۆ چارەسەری قەیران و کێشەکان، هەر خودی لایەنەکەی کە سەرۆك وەزیرانی پاڵاوتووە بۆ ئەو پۆستە دەنگیان بەو دەستوورە داوە کە ئێستا کاری پێ دەکرێت، بۆیە پێویستە پابەندی بن.

***سەرۆك وەزیرانی عیراق گرەو لەسەر نایەکگرتووی هەڵوێستی کورد دەکات لە کێشە چارەنووسسازەکانیدا، ئایا ئەمجارە لایەنی کورد لەهەمبەر کێشە چارەنووسسازەکان هەڵویستیان چۆن دەبێت؟**

ـ چەند جارێك لە هەموو کۆبوونەوەکانیشدا دووپات کراوەتەوە کە کورد تێکڕا لەم بارودۆخەدا یەکگرتوون، لەبەر ئەوەی کورد فرە حزب و فرەلایەنە ڕەنگە لە هەندێك ئیجتیهادات جیاوازییان لەگەڵ یەکتر هەبێت کە لە کۆی گشتیدا دوور نین لە یەکتری کە مەسەلەکەش بێتە سەر نکۆڵی کردن لە مافەکان واتە کە هاتە سەر ئێسقان کورد هەمووی یەکە..

*** هەست دەکرێت بەرپرسانی باڵای باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عیراق خۆیان دوورە پەرێز گرتبێت لە کێشەکانی عیراق، وەك دەوڵەتێکی هاوپەیمانی عیراق ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە هەڵوێستێکیان هەبێت**

ـ ئەو ڕۆڵەی پێشان ئەمەریکا لە عیراقدا هەیبوو ئێستا ئەو ڕۆڵەی نەماوە، ئێستا تەنیا پێوەندی دۆستانەی لەگەڵ عیراقدا هەیە بە پێوەندی دیپلۆماسیەوە گرێبەندەو ڕاو بۆچوون دەگۆڕنەوە لەگەڵ هەموو هێزەکانی عیراق و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش ڕۆڵی باڵایان هەیە لە پارێزگاری بەرژەوەندی عیراق لە دەرەوە،ڕێکەوتننامەی ستراتیژی هەیە هەموو بارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، بەڵام ناتوانێت کاریگەری لەسەر پرۆسەی حوکمداری هەبێت وەك پێشان لەم هەنگاو یان ئەو هەنگاو هەیبوو،مەرجیش نییە زۆر لە هێزەکانی کە لە عیراقدان بڕوایان بەو دۆستایەتیەی عیراق و ئەمریکا هەبێت، ئەمەریکاش سیاسەتی وەك جاران نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕاوبۆچوونیان لەگەڵ دەگۆڕینەوەو پشتگیری لە هەموو پرۆسەیەکی دیموکراتی ئەم وڵاتە دەکەن، هیچ گۆڕانکارییەکیان لە دەرەوەی ئەو دەستوورەی دەنگی پێ دراوە نییە، من لەو بڕوایەدام ئەمەریکاش وەك ئەوروپیەکان و ئەنجوومەنی ئاسایش جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە عیراق سەقامگیر بێت لە بوارەکانی ئابووری و ئەمنی و سیاسیەوەو هەروەها لە ڕووی یاساییەوە ڕێز لەو دەستوورە بگیرێت کە هەمووان پێی قایل بوون و لە دانانیدا لەسەر خاڵ و بەندەکانی کۆك بوون، بۆیە گرنگە بەلایانەوە کە هەمووان پێوەی پابەند بن..

*** هەتا ئێستاش عەقڵیەتێکی ئەوتۆ لە ناو عەرەبی عێراقیدا زاڵە کە نکۆڵی لەمافەکانی کورد بکەن، ئایا لەبەرامبەر ئەم عەقڵیەتە کورد چی بکات باشە؟**

ـ ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو تا ڕووخانی ڕژێمی بەعس کوردو شیعە دەسبەسەربوون و زوڵمیان لێ کراوە، لەبەر ئەوەی مافیان دەخوراو بەشخوراو بوون لە عیراقدا تەنگوچەڵەمەی زۆر دروست بوو، شەڕو شۆڕش بەردەوام هەبووە، تا گەیشتوە بەوەی بە چەکی کیمیاوی و ئەنفالەوە گەلی کورد جینۆساید بکرێت ئەمانە

**خۆفەرزێنی و هەوڵی کەمکردنەوەی سەڵاحیاتی هەرێم لە لایەن حکومەتی ناوەندەوە زەق بۆتەوەو ئیجرائاتی ناتەندروست دەکرێت تا سەڵاحیاتی هەرێم نەهێڵدرێت، بۆیە لێرەوە پێویستە دۆخەکە بخرێتەوە سەر ڕێچکەی خۆی، ئەویش بە دەستنیشانکردنی سەڵاحیات بە پێی دەستووری وڵات**

**لەبەر ئەوەی کورد فرە حزب و فرەلایەنە، ڕەنگە لە هەندێك ئیجتیهادات جیاوازییان لەگەڵ یەکتر هەبێت، کە لە کۆی گشتیدا دوور نین لە یەکتری، کە مەسەلەکەش بێتە سەر نکۆڵی کردن لە مافەکان واتە کە هاتە سەر ئێسقان، کورد هەمووی یەکە..**

مێژووی تاڵی ئەم وڵاتەن، مرۆڤ پێویستە واقیعبین بێت ئەو مێژووە دژوارە وا بەئاسانی ناسڕدرێتەوە، شوێنەوارە سلبیەکانی ئەو زوڵم وزۆرە تا ئاستێك چ لای کوردو چ لای شیعە چەسپاوە ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکەی ترەوە، بە شێوەی گشتی لە ناو میللەتانی دەوروبەر ئەو تەبیعەتی شۆفینیستیە دەردەکەوێت و بە پێی بارودۆخەکان و گۆڕانکارییەکانی لە وڵاتدا ڕوودەدەن، جاری وایە کەم دەبێتەوەو دەکەوێتە ژێر فشارەوە، جاریش هەیە پەرە دەسێنێت، کاتێك ئەو کەسایەتییە شۆفینستانە باڵادەست دەبن و بە سووك و کەم تەماشای کەسانی تر دەکەن و خۆیان بە فکرەی ئومەی عارەبی هەڵدەواسن تا مەرامی پاوانخوازی خۆیان بهێننە دی. جگە لەمە تەبیعەتی سیستمی فیدراڵی هەمیشە ململانێی تێدایە کە جاری وایە شاراوەیە جاریش هەیە دێتە سەر ڕوو،لە زۆربەی شوێنەکانی دنیا ئەم ململانێیە بوونی هەیە لە نێوان هەرێمەکان و حکومەتی ناوەندی، لەسەر زیادکردنی دەسەڵاتەکان، چ حکومەتی ناوەندی چ حکومەتی هەرێمەکان لە هەوڵدان هەر جەمسەرە بۆ خۆی دەسەڵاتەکان زیاد بکەن، بەڵام عادەتەن چونکە هەمیشە حکومەتی ناوەند بە هێزتر ناوی دەهێنرێت ئەوا حکومەتی هەرێمەکان دەکەونە ململانێ بۆ پاراستنی سەڵاحیاتەکانی خۆیان، دواتر حکومەتی ناوەند دەکەوێتە پەلاماردان تا سەڵاحیاتەکانی هەرێمەکان کەمبکاتەوە، ئەم خۆفەرزێن و هەوڵی کەمکردنەوەی سەڵاحیاتی هەرێم لە لایەن حکومەتی ناوەند زەق بۆتەوەو ئیجرائاتی ناتەندروست دەکرێت تا سەڵاحیاتی هەرێم نەهێڵدرێت، بۆیە لێرەوە پێویستە دۆخەکە بخرێتەوە سەر ڕێچکەی خۆی ئەویش بە دەستنیشانکردنی سەڵاحیات بە پێی دەستووری وڵات، کە هەرێمیش سەڵاحیاتی خۆی هەیەو کەس ناتوانێت بە میزاجی خۆی لێی کەمبکاتەوە.

# عێراق لە دووڕیانی پابەندبوون بە ڕێکەوتنەکان و پەنابردن بۆ ڕێگەچارەی سەندنەوەی متمانە لەسەرۆک وەزیران



**سەرۆك بارزانی لەبەر ئەوەی خۆی چاودێری ڕێككەوتنەكەی هەولێر بوو، بەئەركی خۆی دەزانی بەدواداچوونی لەسەر بكات و لایەنی پێوەندار بۆ جێبەجێكردنی ڕێككەوتنەكە لە ئەیلوولی ٢٠١١ بە نامەیەك ئاگادار بكاتەوە**

ئاكامی سیاسەتی مانۆڕكردن و خۆدزینەوە لە جێبەجێكردنی ڕێككەوتنەكان، پرۆسەی سیاسیی عێراقی گەیاندۆتە ئەو ئاستەی نەزانرێت عێراق بەرەو كام ئاراستە دەڕوات، هەربۆیە ڕێككەوتنی نێوان لایەنە سیاسییەكان لەسەروو هەموویشیانەوە ڕێككەوتنی هەولێر كە بەدەستپێشخەری بەڕێز مسعود بارزانی لە ساڵی ٢٠١٠ بووە هۆكاری ئەوەی عێراق لە قەیرانێكی گەورەو ترسناك ڕزگار بكات و، بەجۆرێك داڕێژرابوو بۆ ئەوەی كە ببێتە نەخشەی ڕێگە بۆ دووبارە ڕێكخستنەوەی پرۆسە سیاسیەكەو هەروەها پێكەوە حوكمڕانی كردنی ئەم وڵاتە لەلایەن پێكهاتە سەرەكیەكانیەوە، هەربۆیە دوای ئەوەی ڕێككەوتنی هەولێر ئیمزا كراو هەرسێ سەرۆكایەتیەكەی كۆمار و پەرلەمان و حكومەت دەسنیشانكراو دوای ئەویش حكومەت پێكهات، ڕێككەوتنی هەولێر جۆرێك لە خەمساردی بە بیانووی جیاواز لە جێبەجێكردنی خاڵەكانی تێداكرا، هەروەها لەبری ئەوەی دوای پێكهێنانی حكومەت و ڕێكخستنەوەی پرۆسە سیاسیەكەی حكومەتی عێراق خزمەتی هاووڵاتیانی عێراق بكات و بەشێوەیەكی ڕێك و پێك خزمەتگوزارییە سەرەكیەكان بۆ هاووڵاتیان چارەسەر بكات و پرانسیپی هاوبەشی ڕاستەقینە لە حوكمڕانی پیادە بكات، كەوتە پێشێلكردنی بەندەكانی ڕێككەوتنی هەولێر، هەربۆیە وەك ئەركیكی ئەخلاقی بۆ چاودێریكردنی جێبەجێكردنی ئەو ڕێككەوتنە، سەرۆك بارزانی لە ناوەڕاستی ئەیلوولی ٢٠١١ دوای ئەوەی كۆبوونەوەی لەگەڵ هەموو لیستە كوردستانیە بەشدارەكانی لە پەرلەمانی بەغدا كرد، نامەیەكی ئاراستەی نوری مالیكی سەرۆك وەزیرانی عێراق كرد بەوەی ئایا ئامادەیە ئەو ڕێككەوتنەی هەموو لایەنەكان ئیمزایان لەسەر كردووە جێبەجێی بكات یان نە؟ هەروەها لەنامەكەدا هاتبوو ئەگەر مالیكی ئەو ڕێككەوتنە ئیمزا نەكات ئەوا كورد بڕیاری پێویست دەدات، لەگەڵ ئەوەی ڕێككەوتنی هەولێر بەندەكانی هەموو پرۆسەی سیاسی عێراق دەگرێتەوە، بەڵام سەرۆك بارزانی لەبەر ئەوەی خۆی چاودێری ڕێككەوتنەكە بوو بەئەركی خۆی دەزانی بەدواداچوونی لەسەر بكات و لایەنی پێوەندار بۆ جێبەجێكردنی ڕێككەوتنەكە ئاگادار بكاتەوە، بەڵام وەك نەریتی سیاسەتكردنی سەرۆك وەزیرانی عێراق، دوای گەیشتنی نامەكەی سەرۆك بارزانی بەڵێنی دا تەواوی لیستەكان دەست بكەنەوە بە كۆبوونەوەكانی خۆیان بۆ ئەوەی میكانیزمێك بۆ جێبەجێكردنی ئەو ڕێككەوتنە بدۆزرێتەوە، بەڵام لەبری ئەوەی هەوڵەكان چڕبكرێنەوە بۆ جێبەجێكردنی ڕێككەوتنەكە هاوكات لەگەڵ وادەی كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لە عێراق هەموو پرۆسەی سیاسی كەوتە بەر مەترسی و بووە هۆكاری ئەوەی كە نێوانی كوتلەی ئەلعراقیەو دەوڵەتی یاسا بەتەواوەتی تێكبچێت، لەم حاڵەتەدا كە پێویستە لایەنی كوردستانی و شەخسی سەرۆك بارزانی دووبارە بۆ جێبەجێكردنی ڕێككەوتنەكە بێتەوە وەڵام، دوای چاوەڕوانی نزیكەی شەش مانگ لەبری ئەوەی هەنگاوەكان بەرەو خاوبوونەوە بچن، زیاتر لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە دەسەڵاتەكان قۆرخ دەكران و بەرەو تاكڕەوی زیاتر ملی دەنا، لەمەش زیاتر دەستی كرد بە هەوڵدان بۆ گۆڕینی بنەمای حوكمڕانی لەسەر بنەمای هاوبەشی ڕاستەقینەوە بۆ حوكمڕانی زۆرینە، كە ئەمەشی نەك لەناو پەرلەمان بەڵكو لەناو هاوپەیمانی نیشتمانی بۆ نەچووە سەرو ڕەتكرایەوە، ئەمەش دەرچوون بوو لە بنەماكانی ڕێككەوتنی هەولێر، هەروەها عێراقی خستە دووڕیانی هەڵدێر یان ڕازیبوون بە دیكتاتۆریەتێكی تازە، بۆیە جارێكی دیكە سەرۆك بارزانی لە نەورۆزی ئەمساڵدا ڕاشكاوانە پەیامی خۆی ڕاگەیاند، ئەگەر نەگەڕێنەوە بۆ پرانسیپی هاوبەشی ڕاستەقینەو چارەسەركردنی كێشەكان لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا، ئەوا دەگەڕێنەوە بۆ گەلی كوردستان تا خۆی بڕیار لەچارەنووسی خۆی بدات، ئەم پەیامەی سەرۆك بارزانی ئاماژەیەكی ڕاشكاوانە بوو بۆ ئەوەی:

١- كورد ڕازی نابێت جارێكی دیكە لە عێراقدا دیكتاتۆرێكی دیكە دروست بێتەوە.

٢- عێراق دەوڵەتێكە لە دوو پێكهاتەی سەرەكی كوردو عەرەب پێكهاتووەو عەرەبی عێراقیش دابەش بوون بۆ پێكهاتەی سوننەو شیعە، بۆیە ئەم وڵاتە پێویستە لەلایەن هەموو پێكهاتەكانیەوە لەسەر ئاستی حكومەتی فیدرالی بەغدا حوكمڕانی بكرێت و لەسەر ئاستی هەرێمەكانیش (دوای ئەوەی دروست دەكرێن) هەر پێكهاتەیەك خۆی حوكمڕانی ناوچەكەی خۆی بكات.

٣- دەسەڵاتی حكومەتی فیدرالی سنووردار دەبێت و دەسەڵاتی حكومەتی هەرێمەكان فراوان دەبێت، حكومەتی فیدرالی دەسەڵاتە سنووردارەكانی خۆی لە بواری بەرگری، دارایی و دەرەوە پیادەدەكات، ئەمەش مانای ئەوەیە دەبێت سەرۆك وەزیران بڕوای بە دابەشكردنی دەسەڵات هەبێت نەك هەموو دەسەڵاتی حكومەت بە وەزارەتەكانی ناوخۆ و بەرگری و بانك و دەسەڵاتی دادوەری لەدەستی خۆی كۆبكاتەوە، كە ئەمەش پێچەوانەی دەستووری عیراقە.

**دەبێت سەرۆك وەزیران بڕوای بە دابەشكردنی دەسەڵات هەبێت نەك هەموو دەسەڵاتی حكومەت بە وەزارەتەكانی ناوخۆو بەرگری و بانك و دەسەڵاتی دادوەری لەدەستی خۆی كۆبكاتەوە، كە ئەمەش پێچەوانەی دەستووری عیراقە**

٤- سەرۆك بارزانی مەبەستی بوو بە ئاشكرا بە عێراقیەكان و هەموو جیهان بڵێت، پێشێلكردنی دەستووری عێراق واتە پێشێلكردنی سەروەریی و یەكپارچەیی عێراق، كاتێكیش حكومەتی بەغدا خۆی سەروەریی و یەكپارچەیی عیراق پێشێل بكات و هەوڵبدات گەلەكەی خۆی سەركوت بكات، ئەوا كورد ئامادە نابێت ئەو یەكپارچەییە بپارێزێت.

٥- پەیامەكەی سەرۆك بارزانی دووبارە وەبیرهێنانەوەی پێناسەی بونیادنانەوەی عێراقی نوێ بوو، بەوەی عێراقی نوێ پێویستە وەك لەدەستووردا ئاماژەی پێكراوە دەوڵەتێكی دیموكراتی و فیدرالی و فرەیی و پێكەوە ژیانی ئارەزوومەندانە بێت، ئەم دەوڵەتە ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە بونیاد نەنرێتەوە ئەوا گەلی كوردستان خۆی بڕیار دەدات لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتە دەمێنێتەوە یان نە.

٦- ئەو پەیامە ئەوەی ڕوونكردەوە كورد پابەندە بە مافە دەستوورییەكانی خۆیی و ڕێز لە مافە دەستوورییەكانی حكومەتی فیدراڵی دەگرێت، بۆیە لەم چوارچێوەیە دژی ئەو پرۆژە یاسایەی نەوت و گازە كە سەرۆك وەزیران بە پێچەوانەی ڕێككەوتنی لەگەڵ هەرێم ناردبوویە پەرلەمان، بۆیە بەپێی ئەو ڕێككەوتنەی نێوان هەرێم و بەغدا، هەرێمی كوردستان پابەندە داهاتی نەوت وگاز بەسەر هەموو عیراقیەكاندا دابەشبكرێت، بەڵام بە مافی دەستوری خۆشی دەزانێت هاوبەش بێت لەبەڕێوەبردنی كێڵگە نەوتی و گازییەكانی خۆیدا.

ئاماژەكردن بۆ ئەم خاڵانە بیر خستنەوەیەكە بۆ ئەوەی چۆن خۆدزینەوەو مانۆڕكردن بۆ جێبەجێ نەكردنی ڕێككەوتنی هەولێر بارودۆخی عێراق گەیاندۆتە ئەو ئاستەی كە هەموو پێكهاتەكانی عێراق بە كورد و شیعەو سونەوە بەدوای



ئەمین هادی پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا:

## ئەو کۆبوونەوانەی کە سازکران کۆبوونەوەی راوێژکاری بوون و بۆ مەبەستی خستنەرووی کێشەکان بووە، بەڵام چارەسەرکردنی لەڕێگەی میدیاو کەناڵەکان ناکرێت

بۆ ئەم قەیرانە بگەڕێن، ئەویش خۆی لە دوو خاڵدا بەرجەستە دەکات:

یەکەم : لایەنە سیاسیەکانی عێراق لە کۆبوونەوەی نەجەف و هەولێر، مۆڵەتیان بۆ حکومەتی عێراق دیاری کردبوو بۆ ئەوەی پابەندبێت بە ڕێککەوتنی هەولێر و جارێکی دیکە پرۆسە سیاسیەکە بخریتەوە سەر سکەی خۆی، بەڵام لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراق ئامادەنەبوو لەماوەی دیاریکراودا ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکات، ئەوا بەدوای ڕێگە چارەی دووەم دەگەڕێن.

دووەم: ڕێگەچارەی دووەمی لایەنە سیاسیەکان کە دیسان ئەویش هەنگاو هەڵگرتنە لە چوارچێوەی پرانسیپە دیموکراتیەکان و دەستووردا، هەوڵدانە بۆ کۆکردنەوەی ئیمزای پێویست بۆ ئەوەی بدرێتە سەرۆك کۆمار و سەرۆك کۆمار داوای متمانە لێسەندنەوە لەسەرۆك وەزیران بکات.

ئەم دوو هەنگاوەی کە لایەنە سیاسیەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق هەڵیانگرتووە، هەموویان لەچوارچێوەی پرۆسەی دیموکراتی و دەستوری عێراقدا بووە، بەڵام ئایا لیستی دەوڵەتی یاسا کە نوری مالیکی سەرۆکایەتی دەکات مل بۆ ئەم پرانسیپە دیموکراتی و دەستووریانە دەبات، یان ئەمجارەش پەنا بۆ سیاسەتی مانۆڕکردن و خۆدزینەوە دەبات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەگەڵ ئەوەی ئەگەر نوری مالیکی بیەوێت لەمەشدا هەمان سیاسەتی پێشوو دووبارە بکاتەوە، ئەوا عیراق دەکەوێتە بەر هەڕەشەیەکی ترسناك و پرانسیپەکانی دیموکراتی و دەستوور دەکەویتە مەترسییەوە، لەمەش زیاتر وەك ئەمین هادی پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا لە لێدوانێکدا بۆ ئەم ڕاپۆرتە جەختی لەسەر کردۆتەوە بەوەی ئەوان ئامادەنین وەڵامدانەوەیان بۆ لێسەندنەوەی متمانە لە سەرۆك وەزیران هەبێت و ئەمە گرێدەدەنەوە، ئەمەش یەکێکە لەو مەترسیانەی کە ڕاشکاوانە ڕووبەڕووی پرۆسە سیاسیەکە دەبێتەوە، بۆیە لەمبارەوە بەگوڵانی ڕاگەیاند: (ئەو کۆبوونەوانەیش کە سازکران کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری بوون و بۆ مەبەستی خستنەڕووی کێشەکان بوو بەڵام چارەسەرکردنی لەڕێگەی میدیاو کەناڵەکان ناکرێت، بەڵکو چارەسەرەکە ئەوەیە کە بگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕێچکەیەی کە هەموومان لەسەری کۆکین و لەسەری ڕاهاتووین و ئەویش بریتییە لە ڕێگەچارەی دیموکراسی کە هەموومان پێکەوە لەسەر یەك مێز دانیشین لەسەر بنەمای دیالۆگ و لەژێر چاودێریی بەڕێز سەرۆك کۆمار بەوشێوەیەی کە دەستبکەین بە خستنەڕووی کێشەکان و هەوڵبدەین بۆ دۆزینەوەی چارەسەرەکان)).

ئەم وەڵامەی پەرلەمانتارەکەی دەوڵەتی یاسا هەمان وەڵامی دەوڵەتی یاسایە کە دوای نامەکەی سەرۆك بارزانی بۆ مالیکی دووپاتکرایەوە، بۆیە لایەنە سیاسیەکان متمانەیان بەم قسانە نەماوە، لەم چوارچێوەیەدا پرسیارمان لە وەلید عەبود پەرلەمانتاری لیستی ئەلعراقیە کرد لەوەڵامدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (ئێمە تا پێمانکرا هەوڵماندا بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخەکە لەبەرئەوەی ئێمە پێمانوایە کە چارەسەرکردنی بارودۆخەکە زۆر ئاسانتر و باشترە لە گۆڕینی حکومەت، ئەویش لەبەرئەوەی گۆڕینی حکومەت پێویستیی هەیە بە هەوڵ و کۆششی زیاتر و هەروەها پێویستیی بە کاتی زیاتر هەیە و لەوانەشە پێویستیی هەبێت بە تەوافوقی سیاسی، بەڵام ئێمە هەستدەکەین کە گەیشتووینەتە ڕێگەیەکی داخراو لەڕووی چاکسازی بۆیە گەیشتینە دوابژاردن کە بریتییە لە سەندنەوەی متمانە لە حکومەت لەبەرئەوەی ئەمڕۆ لێسەندنەوەی متمانە بووە بە شتێکی پێویست چونکە بارەکە گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە تیایدا هیچمان پێ ئەنجام نادرێت، ئێمە تاکو ئەمڕۆ لایەنێك بووین بۆ دەرکردنی یاساکان، بەڵام هەستدەکەین هەندێك لایەن هەن، ئەگەر یاساکانیان بەدڵ نەبێت ئەوە جێبەجێی ناکەن و ئەمەیش واتای سەرپێچییەکی گەورەیە لە دەستوور و پێشێلکردنی یاساکان و سەیرکردنی ئینتقائیانە لەڕووی جێبەجێکردنی بڕگە دەستوورییەکان، ئەم هەموو مەسەلانە سێبەرەکەیان لەسەر دیمەنە سیاسییەکە داپۆشیوە و وای لە هەموو قەوارە سیاسییەکان کرد کە بیربکەنەوە لە چارەسەرێکی بەدیل و ئەم چارەسەرەیش بریتیە لە پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ کە هەڵستێت بەکۆتاهێنانی دۆسیەکان لەڕووی دۆسیەی ئەمنی و دۆسیەی وەزارەتە ئەمنییەکان کە تاکو ئەمڕۆ وەزیریان بۆ تەکلیف نەکراوە، لەگەڵ ئەو وەزارەتانەی کە بە وەکالەت بەڕێوەدەبردرێن، ئەم مەسەلانە هەموو قەوارە سیاسییەکانی سەرقاڵ و بێزارکردووە، ئەمڕۆیش هەستدەکەین کۆدەنگی



وەلید عەبود پەرلەمانتاری لیستی ئەلعیراقیە:


## هەستدەکەین کۆدەنگی هەیە لەلایەن هاوپەیمانی نیشتمانی و هاوپەیمانی کوردستانی و لیستی عێراقییە لەوبارەیەی کە چاکسازی پێویستە و ئەو چاکسازییە تەنیا لەڕێگەی سەندنەوەی متمانە دێتەدی

هەیە لەلایەن هاوپەیمانی نیشتمانی و هاوپەیمانی کوردستانی و لیستی عێراقییە لەوبارەیەی کە چاکسازی پێویستە و ئەو چاکسازییە تەنیا لەڕێگەی سەندنەوەی متمانە دێتەدی. لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بەوە بکەم هەموو لایەنەکان هەوڵ و کۆششێکی زۆرماندا هەتا حکومەت پێکهێنرا، بەڵام هەستدەکەین ئەمڕۆ حکومەت جددی نییە لە بنبڕکردنی گەندەڵیی ئیداری و نەهێشتنی قەیرانە ئەمنیەکان کە ڕۆژانە ڕوودەدەن، خزمەتگوزارییەکانیش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕوو لە پاشەکشە دەکات و هاووڵاتیان دەناڵێنن بە دەست نەبوونی تەزووی کارەبا، بۆیە زۆر بەداخەوە ئێمە پێمانوایە کە بارودۆخەکە ڕووی لە لێواری شکست کردووە نەك بەرەو ئاراستەی بەرەوپێشەوەچوون، هەربۆیە بەپێی توانا هەوڵماندا ئەم هەموو دۆسیانە چارەسەربکەین، بەڵام هەوڵەکانمان بێسوودبوون و هاوکات بینیمان هەندێك کەس هیچ نییەتێکی فعلییان نییە بۆ چاکسازی، بۆیە تاکە چارەسەر ئەوە بوو متمانە لە حکومەت بستێندرێتەوەو حکومەتێکی نوێ ئامادەبکرێت بەو ئومێدەی کە سەرلەنوێ بتوانێت ڕێچکەکە ڕاستبکاتەوەو پرۆسە سیاسییەکە چارەسەربکات. ئەم هەنگاوەش پەندێك دەبێت بۆ حکومەتەکانی داهاتوو، هەروەها حکومەتی نوێ لەو ڕاستییە تێدەگات کە کەسانێك هەن بتوانن متمانەی لێ بستێننەوەو ئەمەیش باشترین گرەنتییە لەبەرئەوەی ئەگەر حکومەت ڕێچکەی پرۆسە سیاسییەکە ڕاست نەکەنەوە ئەوە لایەن هەن کە بتوانن متمانەی لێ بستێننەوە.))

بەهەرحاڵ پرۆسەی سیاسیی عیراق دەچێتە قۆناخێکی دیکە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ئەگەر ڕێز لە پرانسیپە دیموکراتیەکان و دەستووری عێراق نەگیرێت، زۆر زەحمەتە چاوەڕێی ئایندەیەکی باش بۆ عیراق بکرێت.

# پابەند نەبوونی مالیکی
# بە دەستوری نوێی ئێراق

ئەو دیموکراسییەی کە پێشبینی دەکرا لە دوای رووخانی رژێمی بەعس لە ئێراق بێتە دی، خەریکە بەرەو نەمان دەچێت، ئەمەش دوای بوونی (نوری مالیکی) بە سەرۆک وەزیران لە ساڵی (٢٠١٠) کە گشت هەوڵەکانی خستەگەر بۆ کۆنترۆڵ کردنی تەواوی بەسەر دەزگا ئەمنیەکان لە ئێراق،کە بەشێوەیەکی ئاشکرا رێڕەوی سیاسی لەو وڵاتە بەرەو دەسەڵاتداریەتی تاکەکەسی برد ئەمەش مانای گەڕانەوەی دیکتاتۆرییەتە لە وڵاتەکە، کە هاوشێوەی ئەو سیاسەتەی رژێمی پێشووی بەعسە. وەک دەزانین دەسەڵاتی دەوڵەت لە ئێراق دابەش کراوە لەنێوان پەرلەمان و دەسەڵاتی جێبەجێکارو دەسەڵاتی دادوەری، نەک تەنیا بۆ مالکی ،بەڵکو لایەن و پارتە سیاسیە جیاجیاکانی تریش تیایدا خاوەن بڕیارن ،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مالیکی بەشێوەیەکی تاکلایانە هەڵسوکەوت دەکات، بێ گوێدان بە بۆچوونی لایەنەکانی تر،ئەمە جگە لە دەست بەسەرداگرتنی بەسەر گشت دەزگاکانی دەوڵەت. وەک ئاشکرایە پاڵپشتیکردنی مالیکی لە تەوەرەکانی ئێران و سوریا کاریکردۆتە سەر ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر سیستەمی ئێراقدا هاتووە، کە بەرەو پێچەوانەی ئاراستەکەی بردووە. هەروەک دەزانین ئێران کاریگەرییەکی زۆری هەیە بەسەر مالیکی، ئەمەش وایکرادووە بە بێ رەزامەندی ئێران،بڕیار لەسەر هیچ گۆڕانکارییەک لە ئێراق نەدات،باشترین بەڵگەش نەبینینی ئاڵای ئێراق بوو لە کاتی سەردانەکەی مالیکی بۆ ئێران ، کە بەپێی پرۆتۆکۆل دەبێت لەکاتی سەردانی هەر سەرۆک وەزیرانێک بۆ وڵاتێکی تر، ئاڵای هەردوو وڵات لە دواوەیان دابنرێت،کە ئەمە لە سەردانەکەی مالیکی نەبینرا. جێگەی ئاماژەیە هەر لەدوای کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئێراق، مالیکی دەستی کرد بە دژایەتی کردنی ئەو پارتە سیاسیانەی کە هاوبیر نین لەگەڵ پارتەکەی ئەو، بەتایبەتیش (لیستی ئەلعراقیە) بە سەرۆکایەتی (ئەیاد عەلاوی)،کە دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ لەگەل یەک کۆک نەبوون، کە هەر ئەمەش وایکرد پێکهێنانی حکومەت ماوەی هەشت مانگ دوا بکەوێت، تا ئەو کاتەی (مەسعود بارزانی)سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستپێشخەری پرۆژەیەکی کردو، وایکرد هەردوولا لەسەری کۆک بن و کۆتایی بە پێکهێنانی حکومەت بێنن. ئێستاش مالیکی نانەوەی کێشەیە بۆ کورد کە بە گوێرەی ویست و خواستەکانی خۆی بڕیار دەردەکات دوور لە مەرجەکانی دەستوور و پێوانەی بنەڕەتی مافەکانی مرۆڤ،ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە مالیکی بەهیچ شێوەیەک ڕێگە بە هەبوونی بۆچوونی جیاجیا نادات. ئەو ناکۆکیانەی کە مالیکی هەیەتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، تا ئێستا هەوڵی چارەسەرکردنی نەداوە، کەچی خەریکەدۆسیەی ئەتۆمی ئێران چارەسەر دەکات، لە ڕێگەی بەستنی دانوستاندنی(٥+١)کە لە بەغدا بەسترا، لەکاتێکدا کێشە ناوخۆییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە هەڵواسراوەیی جێهێشتووە. لێرەدا ئەو پرسیارەی کە لەلامان دروست دەبێ ئەوەیە، تاچەند مالیکی بڕوای بە دەستوری نوێی ئێراقی فیدراڵ هەیە؟ ئەو دەستورەی کە گەلانی ئێراق لەژێر رەحمەتی کردەوە تیرۆریستیەکان و ئۆتۆمبێلە مینڕێژ کراوەکان توانیان دەنگی لەسەر بدەن، کە تیایدا مافی بە هەموو تاکێکی ئێراقی فیدراڵی داوە.



شۆڕش عەزیز سورمێ

**پاڵپشتیکردنی مالیکی لە تەوەرەکانی ئێران و سوریا کاریکردۆتە سەر ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر سیستەمی ئێراقدا هاتووە، کە بەرەو پێچەوانەی ئاراستەکەی بردووە**

# دەوڵەتی کوردی لەچەمکی شەرعیەتدا هیچ گرفتێکی نییە

دکتۆر محەمەد شەریف*


تائێستاش هەندێ لایەن لە بوونی دەوڵەتێك بۆ کوردان یا بانگەشەکردن بۆی سڵدەکەنەوە هاوشێوەی ئەستەمێکی بێچارە هەژماری بۆ دەکەن، بەپاساوی واقیعبینی بە نەشیاوو خەیاڵی دەزانن، یان وەك لووتکەی هیمالایەو حەسارۆست دەیبینن و تێی دەڕوانن، وەك ئەوەی کەگەیشتن پێی لە ئەستەم ئەستەم تربێ، بەرجەستە بوونیشی بەبۆمبێکی ئەتۆمی دەچوێنن، گوایا خۆی و دراوسێیەکانی لە چرکەیەکدا لە ناو دەبات، وێنەی فیلمی تۆقێنەر پیشانی دەدەن.

بەداخەوە دەمێکە بەپاساوی بێبنەمای جۆراو جۆرەوە ئیش لەسەر ئەم بیرۆکە نەزۆکە دەکرێت، ئەمەش مەترسی ئەوەی پەیداکرد کەببێتە کەلتورێکی سەلمێندراو، بیچەسپێنێ کەکورد بەم هەلومەرج و جیۆپۆلەتیکەی کە ئێستا هەیەتی، شایەنی دەوڵەت نییە، دەبێ ڕازی بێ بەم قەدەرەی ئەوان دەیانەوێ بیچەسپێنن، کەچی قەدەری خودا کەچەمکێکی ئایینیە، ڕێز لەوانە ناگرێت دەست لە ئەژنۆ دانیشتوون چاوەڕوانی خەڵکی دەکەن کاریان بۆ بکات، تا بۆ بەرژەوەندی تەسکی خۆیان بەکاریان بێنن، تەنیا ڕێز لەوانە دەگرێ بەرهەڵستن و خاوەنی ئیرادەی خۆیانن، بەبەردەوام لەسەرپێن و دانەنیشتوون.

ئەم چەواشەکارییە دەمێکە بێشەرمانە پڕوپاگەندەی بۆ دەکرێ، پێچەوانەی هەموو ئەو راستیانەی کە لەدنیای مەعریفی ئەمڕۆدا زاندراوەو ئاشکرایە، کە دواتر بەکورتی ئاماژەیان پێدەدەین، بێئەوەی حسابی ئەوە بکرێت کە میللەتی کوردو پێشڕەوە مێژوویەکانی هەمیشە ڕازی نەبوون بەو چارەنووسەی لەسەریان چەسپاندون، لەئەسپی کۆشش و خەباتیان بۆ ئازادی و رزگاری میللەتەکەیان، نەهاتنە خوارەوە، ئەمەی ئەمڕۆ هەیە شایەتی حیکایەتی رۆژانی سەختی ئەوانن .

بەراستی، گرنگی پەیامەکەی سەرۆك بارزانی کە بانگەوازی دەوڵەتی کوردی تێدا بوو لە نەورۆزی ئەمساڵدا، لەوەدایە: کەهەموو ئەو سیحرو جادووەی ڕەواندەوە کە دەیانویست عەقڵی کوردی پێ چەواشەو سڕکەن.

هەندێك لەو ڕاستیانەی، کە شەرمەزاربووی ئەو کەلتوورەی ئەوان دەیانویست بچەسپێت دەکات، جگە لەم حکایەتانەی باسمان کردن، لاپەڕەکانی مێژووە کە کۆکن لەسەر ئەوەی میللەتی کورد زیرەك و پاڵەوانن، لەجەنگدا حیسابی تایبەتییان



بۆکراوە، سەلاحەدین نموونەیەکی نێودەوڵەتی جیهانییە، ئەبوموسلیمی خوراسانیش لەدنیای موسڵمانان وەکو کورد باسی لێکراوە، میللەتی کورد خاوەنی مێژوویەکی دەوڵەمەندە، بەشدارییەکی بەرچاوی هەیە لە کەلتوورو شارستانییەتی ئیسلامەتیدا، شوێن پەنجەو قەڵەمی زانایانی کورد لەزانستە ئیسلامیەکان تایبەتەو بەرزە. زلهێزانی سەرکەوتوو لە جەنگی جیهانی یەکەم ئاگایان لەم راستیە بوو، دەیانزانی میللەتی کورد شایەنی بڕیاردانی چارەنووسی خۆیانن، بۆیەش لە جاڕنامەی سیڤەر لەبڕگەی ٦٢، ٦٣، ٦٤ نەخشەی دەوڵەتی کوردییان دانا، پێش ئەوەی گەمەی بەرژەوەندی تایبەتییان بێتە گۆڕێ کە لە دواییدا بوونە قوربانی ئەم گەمەیە کەبەرژەوەندی زلهێزەکان بوو، دابەش کراین، بێ ئەوەی نە ئەوان مافی ئەوەیان هەبوو ئەم کارەساتە بە ئێمە بکەن، نە ئەوانەی بەسەریان دابەشکراین، خاوەنی ئەو مافە بوون، تەنانەت ستەمێکی مێژوویی گەورە بوو لە کورد کرا، ئێستاش ئێمەو ئەوان بەو دەردە دەناڵێنین .

خۆشیان نەیانتوانی پاساوێکی یاسایی یا ئەخلاقی نێودەوڵەتی بدۆزنەوە بۆ ئەم زوڵمە مێژووییەی کردیان بەرامبەر کورد، بەڵکو ئەو کردەوەوە قێزەوەنە بەپێچەوانەی مافی سروشتی و ئەو هەموو پرەنسیبە بریقەدارانە بوو، کە وودرو ویڵسن سەرۆکی ئەمەریکای ئەو کات، بڵاوی کردبووە، هەروەها بەهایەکانی مرۆڤایەتی کەپێش سەدساڵ زیاتر چەسپابوو لەکەلتووری رۆژئاوادا، وەکو (ئازادی- یەکسانی- سەروەری میللەتان).

دەمێکە وتراوە هەر زەمانێك سیستەمی خۆی دەوێت، زانایانی ئیسلامیش وتویانە( بەگوێرەی هەلومەرجی تازە بڕیار و حوکم دەگۆڕێت، جگە لە باوەڕی دینی و بەهایەکانی مرۆڤایەتی کەسروشتی ئادەمیزادو دەقی موقەدەس بەبنەمای نەگۆڕی داناوە. ئەم هەلومەرجەی دوێنێ ڕێگر بوو لە بوونی دەوڵەتی کوردی لەناوچەکە وەکو خۆی نەماوەتەوە،رژێمە دیکتاتورییەکان لەناوچوون، جیهانگەرایی «عەولەمە» کەتێکەڵی بەرژەوەندی دەوڵەتانە، بەتایبەت لەلایەنی ئیکۆنومی واتە ئابووری، گۆڕانێکی گەورەی هێنایە ئاراوە لە نرخی سنووری دەوڵەتان، ئەوەی پێی دەڵێن بەهاری عەرەبی خەریکە عەقڵی برا عارەبەکان دەجووڵێنێتەوە.

گومانم لەوە نییە، کە دەوڵەتی کوردی لە چەمکی شەرعیەتدا هیچ گرفتێکی نییە، چ شەرعیەتی مێژوویی بێ، یاخود شەرعیەتی یاسایی، هەر وا شەرعیەتی دینی ئیسلامی، بەپێچەوانەوە، دەبوایە کورد خاوەن دەوڵەت بوایە بەگوێرەی ئەم شەرعیەتانە، بۆ درێژەدان بەم وردەکارییە میتۆدێکی ئەکادیمی دەوێت، جێگای لەم کورتە نووسینەدا نابێتەوە، بەڵام ئاماژەیەکی کورت پێویستە بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیە:سەرچاوەی شەرعیەتی مێژوویی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژووە دەوڵەمەندەی کورد هەیەتی لە بەرخودانی هەزار ساڵەی دژی داگیرکەران و خاپوورو کاولکەرانی کوردستان، روایەتەکانی هەموو شەڕەکانی ئیسکەندەرو تەتارەکان، پێشتر میدییەکان، ئەم راستیە دووبارەو سێبارە دەکاتەوە ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە کورد هەمیشە خاوەنی خۆی بووە.

شەرعیەتی یاسایی نێودەوڵەتی بەڕاشکاوی دەڵێت هەر میللەتێك مافی بڕیاری چارەنووسی خۆی هەیە، ئەدی کورد میللەت نییە؟

پێشی ئەوەی چەمکی مۆدێرن و تازەگەری زاڵ بێت، سەربەخۆیی میللەتان ببێتە پرەنسیبی بنەڕەتی لە نێو سیستەمی نێودەوڵەتی ئەوکات، ئێمە وەکو کورد، تورك، عارەب، لەژێر چەتری برایەتی دینی ئیسلامدا دەژیاین، برایەتیەکە وای دەخواست کەلەدوای کەوتنی ئەم چەترە، یا ڕووخانی، هەماهەنگیمان هەبایە بۆ دروستکردنی خانوو بۆ هەر یەك لەو برایانە،کە لە رۆژانی سەخت و چەڵەمە پێکەوەبوون، بەڵام وانەبوو لێرەدا تەنیا کورد بەدەست بەتاڵی مایەوەو کەوتە دەستی بێ ویژدانان، دەبووایە عیبرەتی لێوەرگرین.

ئەمرِو کە زەمینەی سیستەمی سیاسی لەگۆڕێدایە پێویستە بەزووترین کات کار بۆ دەوڵەتی کوردی بکرێت، نەك بەگیانێکی دوژمنانە لە گەڵ برایانی عەرەب، هەروەها تورك و فارس کە چارەنووسمان لەگەڵیانە و دراوسێمانن، مێژوویەکی دوورو درێژمان پێکەوە نوسیوەتەوە، دەبێ بیسەلمێنین، بە کردەوە کەدەوڵەتی کوردی لە کوردستانی عێراق لە بەرژەوەندی گشت لایەکە، لانی کەم، لایەنی عیراقی کەلەم بارە قورسە گوناحە قوتاریان دەبێت، ئەوەش یارمەتی هەردوو لایەکان دەدات بۆ ئەم برایەتیە بێ گەردییەکەی کۆنی خۆیان. دووەم- لایەنی نێودەوڵەتیش کە دەرباز دەبێت لەم شەرمەزارییەی کە هەموو کاتێك دەبێ هەستی پێبکەن، کەتا ئێستا میللەتێکی خاوەن چل ملیۆن بەشەری هەیە وەك قەد و قامەتی میللەتی کورد کەچی دەوڵەتی خۆی نییە. سێیەم- خودی خەڵکی کوردستان، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە هەموو کوردێك بڵێت ئیتر بەسە، بەڵام لەچوار چێوەی دیالۆگ و تێکگەیشتن.

*** سەرۆکی کۆڕبەندی هزری ئیسلامی**

**گرنگی پەیامەکەی سەرۆک بارزانی کە بانگەوازی دەوڵەتی کوردی تێدا بوو لە نەورۆزی ئەمساڵدا، لەوەدایە: کەهەموو ئەو سیحرو جادووەی رەواندەوە کە دەیانویست عەقڵی کوردی پێ چەواشەو سڕکەن**

**زلهێزانی سەرکەوتوو لە جەنگی جیهانی یەکەم دەیانزانی میللەتی کورد شایەنی بڕیاردانی چارەنووسی خۆیانن، بۆیەش لە جاڕنامەی سیڤەر لەبڕگەی ٦٢، ٦٣، ٦٤ نەخشەی دەوڵەتی کوردییان دانا**

**گومانم لەوە نییە، کە دەوڵەتی کوردی لە چەمکی شەرعیەتدا هیچ گرفتێکی نییە، چ شەرعیەتی مێژوویی بێ، یاخود شەرعیەتی یاسایی، هەر وا شەرعیەتی دینی ئیسلامی، بەپێچەوانەوە، بەگوێرەی ئەم شەرعیەتانە دەبوایە کورد خاوەن دەوڵەت بوایە**

**قەدەری خودا کە چەمکێکی ئایینیە، ڕێز لەوانە ناگرێت دەست لە ئەژنۆ دانیشتوون چاوەڕوانی خەڵکی دەکەن کاریان بۆ بکات، تەنیا ڕێز لەوانە دەگرێت کە بەرهەڵستن و خاوەنی ئیرادەی خۆیانن، بەبەردەوامی لەسەرپێن و دانەنیشتوون**

# لە سەر ئاستی میللی چ دەرفەتێک ماوەتەوە بۆ پێوەندی نێوان عەرەب و کورد؟



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بۆ خوێندنەوەیەکی بابەتییانەی سروشتی پێوەندییەکانی نێوان عەرەب و کورد لە عێراق دا، پێویستە لە ڕووی مێژوویییەوە لە بنەچەی پێکەوە ژیانی ئەم دوو نەتەوەیە بڕوانین، ئەوەش لەخاکی میزۆپۆتامیادا کە باوەشی بۆ یەکێتی ئۆرگانییانەی گەلانی ئەم ناوچەیەو ئەو ڕەمزانەش کردۆتەوە کە بۆ تێکەڵاوبوون و بونیاتنانی پێوەندی دۆستانە، ئیجابیانە دروستبووە، لە مێژووی عێراقیشدا بە سەدان نووسەرو بیرمەندو ئەدیبی کورد ناویان چۆتە پاڵ ناوی ئەو کەسایەتییە مێژوویانەی کە کاروبەرهەمیان هەبووە لە پێناوی داڕشتنەوەی کەسایەتی مرۆڤانەی ئەم دەڤەرەدا بۆ یەکگرتن و پێکەوەژیان، لەسەرەتای سەدەی ڕابردوووداو هەروەها لەدەسپێکی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی هاوچەرخەوە گرفتێکی جۆرایەتی جیاواز سەریهەڵدا، لەو کاتەوەی بەڵێنیان بەگەلانی ناوچەکە دا کە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت پشتگیریان لێ بکەن، وەك ئەو بەڵێنەی لە ساڵی ١٩٢٠ بەگەلی کوردیان دا بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی، کەچی هەر زوو لە دوای سێ ساڵ و تا بەڕۆژی ئەمڕۆشمان دەگات لەو بەڵێنە خۆیان دزییەوەو هیچی لێ شین نەبوو..

هەر لەسەرەتاکانی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە ڕێگای توندوتیژی دژ بەکورد گیراوەتەبەرو تەنانەت لەساڵانی سییەکانەوە هێزی فڕۆکەوانی عێراقی بۆ بۆردومانکردنی گوندو شارەکانی کوردستان تاقی دەکرایەوە، ئیتر لەو قۆناغەوە خەڵکی کوردستان هۆشیاربوونەوە، ئەو دوژمنایەتییە فەرمیانەی دەوڵەتی عێراقی هاندەریان بووە تا خۆیان ڕێکخەن و لە ناوەندی سەدەی ڕابردوودا لەدایکبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕابگەیەنن، کە دواتر بوو بە ڕێچکەو دینگەیەك بۆخەباتی درێژخایەنی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد، لەمەیدانی سیاسەتی میللیدا هەرگیز ناکرێت چاوپۆشی بکەین لەهەڵوێستی چەپە دیموکراتەکان کە جەختیان دەکردەوە لەسەر بەهاکانی هاوپەیمانی نیشتمانی نێوان عەرەب و کوردو نەتەوەکانی تری عێراقی. لەم ڕووەوە پەیام و دروشمی (دیموکراتی بۆ عێراق و حوکمی زاتی بۆ کوردستان) هەر لەسەرەتای بزاڤی رزگاریخوازی کوردەوە بەرزکرایەوەو بارزانی نەمر لەبیروبڕوایدا ئەم پەیامەی چەسپاندو جەختی لێدەکردەوە، هەروەها سەرکردایەتی پارتی و کۆی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانی داوایان دەکرد. حزبە نیشتمانیە دیموکراتیەکانی ناو عێراق لەم هاوپەیمانێتیە دوور نەدەکەوتنەوە، کورد زۆر بەهێزەوە لەسەرکردایەتی هەموو حزبە عێراقیەکان و زۆربەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەشداری دەکرد، بەقوتابیان و لاوان و ئافرەتان و کرێکاران و چین و توێژەکانی تریشەوە، هەروەها بوونی کورد لە پارێزگاکانی تری عێراقی دەرەوەی بازنەی کوردستانیشدا کاریگەرێتی گەورەی هەبوو بۆ ئەوەی نموونەیەکی ڕێکوپێك ببەخشرێت بە دۆستایەتی و برایەتی نێوان ئەم دوو نەتەوەیە، لەملاشەوە سیاسەتی فەرمی کنەی دەکردو ڕێگەی نەدەدا وڵاتەکە سەقامگیری بێت، بەڵکو پیلان و بەرنامەی دادەڕشت تا دووبەرەکی و هەستەوەری و قەومچێتی و شۆڤێنییەت و حاڵەتی توندڕەوی بوروژێنێت، بەتایبەت لەململانیەکانیدا کە ئەو حاڵەتانەی بە ڕێگایەکی وا گەورە دەکردەوە کە خزمەتی دەروونی نەخۆشی ئەو کەسایەتیانە بکات، کە جڵەوی فەرمانڕەوایەتیان لەدەست بوو، قووڵایی تاوانی بەرجەستەکراوی سیاسەتی فەرمی فاشییەکان لەو کاتەدا بەدەرکەوت کە تاوانەکانی جینۆساید و ڕشتنی چەکی کیمیاوییان لەهەڵەبجەو شوێنەکانی تری کوردستان ئەنجام دا، لەهەمووشیان شەرمهێنتر بۆ سەرجەم مێژووی مرۆڤایەتی، تاوانەکانی ئەنفال بوو کە ئایەتێکی قورئانی بۆ کردە پەردەو ئەنجامی دا، ئەم تاوانە کارەسات ئامێزانە نەدەقەومان ئەگەر بهاتایە ڕایەڵەکانی هاوپەیمانێتی و ڕەفتارەکانی هێزە دڵسۆزەکانی دۆزی کوردو عەرەب نەپسێنرانایە، بەتایبەتی ڕایەڵی یەکێتی ئارەزوومەندانەی نێوانیان کە هەردەم بەشێوازێکی نادروستەوە لە لایەن هێزە شۆفینیەکانەوە دەخرایە سەر لێواری لەناوبردنەوە، ئەو ڕووداوانە بوونە هۆی ئەوەی ڕەگی شۆڤێنیەت بەقووڵایی هەندێ توێژی عەرەبیدا ڕۆبچێتە خوارەوەو و پەڕگیری و توندڕەوی لای چەند هێزێکی عەرەبی چەکەرە پێ بکات، کە دواتر کوشتنی کوردیان بەحەڵاڵ دەزانی، بەمشێوەیە ئەرکی دیموکراتیەکان و بانگهێشتکارانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەهەردوو جەمسەری کوردو عەرەبەوە زەحمەتتر دەبوو، بەڵام بەهۆی ئەزموون و شارەزایی و وریایی گەلەوە، لەدژی ئەو فێڵ و پیلانانەی دەسەڵاتە فەرمیەکان بەردەوام کاریان لەسەر دەکرد، یان بەهۆی قووڵایی هۆشیاری مرۆڤایەتیەوە لەهەستکردن بەمافی ئەوانی تر لەسەر ئاستی میللییەوە دەتوانرێت هەموو پلانێکی شۆڤێنی لەگۆڕ بنرێت، دێینە سەر پێوەندی نێوان عەرەب و کورد لەپاش ساڵی ٢٠٠٣ — دیسان ناچارین کە بەرینایییەك لەنێوان هەڵوێستی میللی و هەڵوێستی فەرمی دەستنیشان بکەین، خیتابی فەرمی ئێستاش پڕە لە دژیەکی (تناقض) کە باگراوەندەکەی بریتییە لەکەلتوورێکی نەخۆشی شۆڤێنیەکانی دوێنێ، کە هەندێکیان خزاونەتە ناو دەسەڵاتی ئێستاوەو هەروەها بەهۆی کورتبینی سیاسیی و لاوازی ئەزموونی هەندێك لایەنەوە کە ئەمڕۆ لەدیمەنە سیاسیەکەدا بەشێکی جڵەوی حوکم بە دەستیانەو لەبەغداش جڵەو بەدەستن، دەتوانم بڵێم هۆکاری ڕەسمی کەمتەرخەمبوون و دوژمنایەتی لە پێوەندییەکاندا کە دروست دەکرێت، بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە :

١- هەبوونی کەسانێك کە لەسەر ئاستی عێراق تێڕوانینێکی نەخۆشیان یا دیدی شۆڤێنییان لەبەرامبەر بزاڤ و حزبە سیاسیەکان بە گشتی هەیە.

٢- بوونی چەند مەرجەعیەتێك یا چەند ڕایەڵێکی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی کە پاڵ بەکەسانێکەوە دەنێت، گرفت لەناو پێوەندییەکانی عەرەب و کورد دروست بکەن تا لە ئاکامدا سەقامگیری عێراق بشێوێنن.

٣- هەڵەو کەموکورتی لەستراتیژیەت و تەکتیکاتی هەندێك لایەن کە ڕەنگ دەداتەوە بەسەر ڕەفتاری ئەندامەکانیانەوە، وەك خۆدزینەوە لە ڕێکەوتنامەکان، بەنموونەش خۆدزینەوە لە

**هەر لەسەرەتاکانی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقیەوە ڕێگای توندوتیژ دژ بەکورد گیراوەتەبەرو تەنانەت لەساڵانی سییەکانەوە هێزی فڕۆکەوانی عێراقی بۆ بۆردومانکردنی گوندو شارەکانی کوردستان تاقی دەکرایەوە**

ڕێکەوتنامەی هەولێر دوا بەدوای وەدیهاتنی هەندێك ئامانجی تایبەتی بۆ ئەو کەسانە.

٤-بەکارهێنانی فەلسەفەی ئینتقائی لە جێبەجێکردنی خاڵەکانی دەستوورو ئەوەش بەچاوپۆشین لەهەندێك خاڵ و جێبەجێکردنی هەندێك خاڵی تر، بەتایبەتی ئەوانەی پێوەندییان بەسروشتی ململانێ و گوشارە ناوخۆیی و هەرێمیەکانەوە هەیە.

٥- هەوڵی هەژموونگەرایی یاخود زاڵ کردنی سیاسی یان فەلسەفەی دەسەڵاتی ناوەندی و هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی ناوەند لەسەرحسابی فەلسەفەی حوکمداریێتی فیدراڵی ئەوەش لە پێناوی بەپەراوێزخستنی ڕۆڵی بەشێکی کۆمەڵگەو کەسانێکدا کە ڕۆڵی مێژوییان لە چەپاندنی مەبدەئی دۆستایەتی هەیە.

٦- دیاردەی دوژمنایەتیکردنی کورد بەبێ بەهانەو هەڵگرتنی گڵۆپی سەوز بۆ وتەبێژەکان و ڕاگەیاندنکاران و هەندێك لەسیاسەتمەداران، تا هەڵوێستی مێژوویی و جوامێرەکانی کورد بە ناشرینی بشێوێنن .

٧- مەترسیدارترین خاڵێك کە لە ڕووی مەیدانیەوە لەسەر ئاستی نیشتمانی کاری بەردەوامی بۆ دەکرێت هەڵگیرساندنی جەنگێکی ناڕاگەیاندراوە دژ بەهەرێمی کوردستان کە نزیکە لەو ڕەفتارەی ڕژێمی پێشوو کاتێك گەمارۆی ئابووری خستبووە سەر ئەو هەرێمە و ئێستاش هاوشێوە لە ڕێگای گەمارۆدانی ئابووری و بەهۆی سیاسەتی سزادانی کۆمپانیاکانی کە لەناو هەرێمدا کار دەکەن گوشار دەخرێتە سەر هەرێم.

٨- هەوڵدان بۆ کەرتکردنی بزاڤ و هێزو حزبەکانی ناوخۆی هەرێم یا دوور خستنەوەی ئەو هێزانەی کە هاوپەیمانن لەگەڵ هەرێمدا و سەر ڕێگە لێ گرتنیان تا هاریکاری ئامانجە ڕەواکانی هەرێم نەکەن، تەنانەت پیلانگێڕان بۆ کاری خراپتر لەمانەش لەپێناوی مانۆڕکردن ئەمسەرو ئەوسەرکردن لەگەمەی دانوستانەکاندا، بەمشێوەیە کورد لە مەیدانی عێراق و پارێزگاکانیدا بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نەدراوە، بەتایبەت کوردە فەیلیەکان کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ وە مژدەی باشکردنی ژیانیان پێدراوە، بەڵام هەر زوو بە زوو بە شێوازی تر ڕووبەڕووی پەراوێزخستن و پشتگوێخستن بوونەوە، ناچارن دیسانەوە خەباتێکی نوێ لە پێناوی بەدەستهێنانی مافەکانیان رابگەیەنن، تا چیتر گەمە بەچارەنووسیان نەکرێتەوە، دوای ئەوەی ڕووبەڕووی قێزەوەنترین تاوانی جینۆساید بوو بوونەوە ئێستاش پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ڕەهەندی میللی و پرسیارەکە بەمشێوەیەیە؛ ئایا هیچ دەرفەتێك ماوەتەوە بۆ پێوەندی نێوان عەرەب و کورد لەرووی میللیەوە؟ ئەوەتا ڕاگەیاندنێکی پیلانگێڕو قین لەدڵ بەخراپترین شێواندنەوە کە لەخیتابی سیاسی نەخۆشیاندا ڕەنگ دەداتەوە بەهەموو توانایەوە شێواندن بڵاودەکاتەوە، سەبارەت بەتەوژمە سیاسیە میللییەکانیش دەپرسین داخۆ هەڵوێستی تەوژمە دیموکراتیەکان چین، یا چ پەندێك لەتەوژمی ئیسلامی سیاسی یەوە وەردەگیرێت؟ هەڵوێستێکی ئیجابی پاڵ دەنێت بەتەوژمە دیموکراتیەکانەوە تا دروشمی فیدراڵی و دیموکراتیەت و ڕووی دروستی پێوەندی نێوان عەرەب و کوردو ڕاستە هێڵی ئەو پێوەندییە توندوتۆڵ بێتەوەو ئەوەش لەهاوپەیمانیەتیەکی پوختەدا، چونکە هیچ جۆرە دروشمێکی دۆستانە سەرناخرێت ئەگەر بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردو تەوژمە دیموکراتیەکانی عێراق هاوپەیمانێتی ڕانەگەیەنن.

تەنیا ئەلتەرناتیڤ و چارەسەر کە بتوانێت ڕێڕەوەکە بخاتەوە سەر سروشتی خۆی و وەڵامی داخوازییەکانی عێراقێکی فرەیی و فیدراڵی بداتەوە، لەم خاڵانەی خوارەوەدایە کە بەمشێوەیە پێشنیازی بۆ دەکەم.

١- دوورکەوتنەوە لەپرۆسەی موحاسەسە، دامودەزگاکانی دەوڵەت نەبنە دەسکەوتێك بۆ هەندێك لایەنی سیاسی قۆرخ بکرێن، هەروەها لابردنی کەلتووری تاکڕەهەندی لە خیتاب و نەهێشتنی لۆژیکی ئیعتراف نەکردن بەدانپێدانی ئەوانی تر.

٢- بازرگانی نەکردن بە پۆستەکانەوە و نەهێشتنی مەحسوبیەت و خزمایەتی و ناوچەگەریی .

٣- پاراستنی هاوسەنگیی دەستووری و ڕێکەوتنی سیاسی بۆ بونیاتنانی دامودەزگاکان و پێگەیاندنی میکانیزمێك کە ڕێز لە فرەیی بگرێت و فیدراڵیەتی تێدا بەرجەستە بکرێت.

٤- جەختکردنەوە لەدەرچوونی یاسای دەستووری مەدەنی بۆ حزبەکان و هەڵبژاردنەکان و ئەنجومەنی ئیتحادی کە لە ڕیکەوتنامەی هەولێردایە، هەروەها بەرەو پیرەوەچوونی هەڵبژاردنێکی خاوێن لە پێناوی باشکردنی هاوسەنگێتی دەستووری لەسەر ئاستی یاسادانان بەهەردوو باڵەکەیەوە کە خۆی لە باڵی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی فیدراڵی دەبینێتەوە.

٥- دوورکەوتنەوە لەسەر تەفزیلکردنی حکومەتی ناوەند بەسەر حکومەتی هەرێمەکاندا چونکە ئەو تەفزیلکردنە سیاسەتێکی ئێکسپایەرە لەبەردەم هێزی ئیرادەی میللی دا شکست دەخوات کە هەمووان پێکەوەو بە یەك دەست بەرپرسیارێتی بەرگریکردنیان لەدەستکەوتەکان و وەرگرتنی بڕیاردا لەئەستۆ گرتووە، بەتایبەت لەو مەسەلانەدا کە بەرژەوەندی پێکهاتەکانی تێدا دەپارێزرێت، پێویستە هەبوونێکی سەربەخۆی ئیرادەگەرییانە لە هەرێمەکاندا بەرجەستەبێت .

٦- ئەو گیروگرفتانەی کە بۆ مافی فیدراڵیبوون دروستکراون، لەسەر هەردوو ئاستی ڕەسمی و میللی لاببرێت، چونکە فیدرالیەت بەخشینێك نییە تا هەرکەسێك بەمیزاجی خۆی قەبارەکەی دیاری بکات

٧- دامەزراندنی هاوپەیمانیەتیەکی عەرەبی کوردی و دروست کردنی کۆمەڵەی هاوڕێیەتی و هاریکاریکردن و کردنەوەی هێڵی دیالۆگ لەنێوان لایەنەکانی عێراق تا ببنە ستراتیژ لە پێوەندییەکانیاندا.

٨- کارکردن بۆ دامەزراندنی ئۆرگانە پیشەیی و پسپۆرییەکان و دانانی کەناڵی ئاسمانی و ڕۆژنامەو پرۆژەی هاوبەش و سازدانی ئاهەنگ و ڤیستیڤاڵ بۆ کردنەوەی دامودەزگای تایبەت بە توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی .

٩- پەرەپێدانی پێوەندی عەرەب و کورد لەسەر ئاستی هەرێمایەتی، ئەویش بە وەبەرهێنانێکی دروست بۆ هەموو لایەك، دەکرێت سنووری کاری باڵیۆزخانەکان بەرفراوانتر بکرێن تا دەرفەت بۆ چالاکی هاوبەشی هەموو گەلانی عێراق وەك یەك بڕەخسێت.

١٠- سازدانی کەرنەڤاڵی میللی ساڵانە، لەسەر ئاستێکی بەرفراوان، بەهاوبەشی ناوەندو هەرێمەکان و گشت توێژو چینەکان .

١١- دانانی سەنتەری توێژینەوەی ئەکادیمی لەلایەن هەردوو لاوە، وەك کردنەوەی بەشی پسپۆری لە سەنتەری توێژینەوەی زانکۆی ئیبن روشد یان لە پەیمانگای کوردی بۆ توێژینەوە لە هۆڵەندا..

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین ئەم چارەسەرە کورت و چڕە کە پێشکەشم کردووە تەنیا پێشنیارێکە ڕەنگە لەرووی مەبدەئییەوە قبووڵ بکرێت؛ بەڵام پێویستی بەسەرنج و تێبینی و پێشنیاری کەسانی تریش هەیە تا دەوڵەمەندی بکەن.

*** توێژەری ئەکادیمی زانستە سیاسیەکان**

**هاوشێوەی گەمارۆی ئابووری کە ڕژێمی پێشوو خستبویە سەر کوردستان، ئێستا لە ڕێگای سیاسەتی سزادانی کۆمپانیاکانی کە لەناو هەرێمدا کار دەکەن گوشاری ئابووری دەخرێتە سەر هەرێم**

**هەوڵدانێکی زۆر هەیە بۆ کەرتکردنی بزاڤ و هێزو حزبەکانی ناوخۆی هەرێم یا دوور خستنەوەی ئەو هێزانەی کە هاوپەیمانن لەگەڵ هەرێمدا و سەرڕێگە لێ گرتنیان تا هاریکاری سەرخستنی ئامانجە ڕەواکانی هەرێم نەکەن**

# تورکیا و هەرێمی کوردستان هەنگاوی گرنگ لە بوارە جیاجیاکاندا



پێوەندییەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان چۆتە قۆناخێك کە لەوانەیە چەند ساڵێك لەمەوپێش هیچ مەزندەی نەکرایە کە پێوەندی راستەوخۆی نێوان ئەنقەراو هەولێر دەگاتە ئەم ئاستە، ئەمەش بەرهەمی ئەو سیاسەت و دبلۆماتیەتەیە کە بەپلەی یەکەم بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەك بڕوابوونی بە ئاشتی و پێکەوە ژیان و بنەمای دراوسێیەتی باش لە پێوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ پیادەی کردووە، هەروەها لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە گشتیەکانی خەڵکی کوردستانە بۆ ئەوەی بەشێوازی ئاشتیانەو دیالۆگ کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات و پێوەندی دۆستانە لەگەڵ دۆستەکانی دابمەزرێنێت، لایەنێکی دیکەی هۆکاری ئاستی بەرزی پێوەندییەکانی نێوان ئەنقەراو هەولێر، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێوەندییە بازرگانی و ئابوورییەی کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بناخەیەکی پتەوی بۆداڕشت و توانی جۆرێك لە تەکامولی ئابووری و بازرگانی لە نێوان هەریم و تورکیا دابمەزرێنێت، بەمەش نەك هەردوو لایەنی هەرێم و تورك سوودمەند بوون، بەڵکو ناوچە کوردنشینەکانی تورکیاش بە هۆی ئەم پێوەندییە ئابووری و بازرگانییەوە سوودێکی گەورەیان پێگەیشت، ئەمەش ئەو ئەقڵیەتەی گۆڕی کە پێی وابوو هەرێمی کوردستان هەڕەشەیە بۆ سەر دراوسێکانی، بەپێچەوانەوە رۆژ لەدوای رۆژ هەرێمی کوردستان بە درێژە پێدانی بە سیاسەتە دیموکراتی و ئاشتیخوازانەکانی خۆی دەوڵەتانی دراوسێی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشی گەیاندە ئەو قەناعەتە کە ئەم هەرێمە نەك هەر هۆکارێکی ناسەقامگیری نییە بۆ ناوچەکە، بەڵکو ئەزموونێکی دیموکراتیە لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەبڕوابوونی بە ئاشتی و دیموکراتی و بنەماکانی بازاڕی ئازاد دەتوانێت ببێتە نموونەیەك بۆ دروستکردنی گرووپی ئابووری و پێکەوە ژیانی گەل و نەتەوە جیاوازەکان لەگەڵ یەکتری، بێگومان لێرەدا ناکرێت رۆڵی حکومەتی تورکیاش نادیدە بگیرێت لەوەڵامدانەوەی بۆ دروستکردنی پێوەندی بازرگانی و ئابووری و دۆستانە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی کە تورکیا ستراتیژیەتێکی نوێی لە سیاسەتی دەرەوەی راگەیاندو لەسەر بنەمای ئەو ستراتیژە نوێیە پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانی رێکخستەوە، کە هەرێمی کوردستان جیا لەوەی وەك بەشێك لەگەڵ عیراق مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵ دەکرا، بەڵام لەماوەکانی دوایی گەیشتۆتە ئەوەی کە راستەوخۆ پێوەندی دۆستانە نەك تەنیا لەسەر ئاستی ئابووری و بازرگانی بەڵکو لەسەر ئاستی تێڕوانینی هاوبەشیش بۆ کێشەکانی ناوچەکە پێکەوە ئاڵوێر بکەن و تورکیا رۆڵی هەرێمی کوردستان وەك توخمی سەرەکی لە هاوکێشەکاندا سەیر بکات، ئەم وەرچەرخان و هەڵکشانەی ئاستی پێوەندییەکانی تورکیا، رۆڵێکی گرنگ لە ئاستی پێوەندییە دبلۆماتیەکانی هەرێمی کوردستان دەگێڕێت، بەتایبەتی کە ئێستا تورکیا جیا لەوەی کاندیدە بۆ ئەندامیەتی یەکێتی ئەوروپاو چەندین ساڵیشە ئەندامی ناتۆیە، ئێستا تورکیا رۆڵێکی ژیاری لە ناوچەکەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگێڕێت و بەبێ هاوکاری تورکیاش زەحمەتە یەکێتی ئەوروپاو ئەمریکا بتوانن لە زۆر مەسەلەی هەستیاردا بتوانن ئەو رۆڵە بگێڕن کە مەبەستیانە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بایەخی بە ئاستی پێوەندی نێوان دوودەوڵەتەوە هەیە، سەبارە بە گرنگی ئەم پێوەندییانە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر سەڤاچ گەنج سەرۆکی بەشی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان لە زانکۆی فاتح و نووسەر لە گۆڤاری ئاکسیۆن و پێشکەشکاری بەرنامە سیاسیەکانی کەناڵی (TRT) دەوڵەتی تورکیا کرد، ئەو بە تێڕوانینی خۆی جەختی لەسەر ئەوەکردووە ئێستا پێوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی پێوەندی راستەوخۆ بێت، بۆیە لەمبارەیەوە بەمجۆرە بۆچوونی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو وتی( هەڵکشانی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بەرەنجامی تێگەیشتنی دوولایەنەیە بەوەی هەردوو گەیشتوونە ئەو

**ئەگەر مالیکی لەم هەڵوێستەی ئێستای بەردەوام بێت ئەوا لەوانەیە پێکهاتە فیدراڵیەکەی ئێستا بۆ پێکهاتەیەکی کۆنفیدراڵی بگۆڕدرێت**

قەناعەتەی کە دەتوانن پێکەوە هەنگاوی گەورەتر لەسەر ئاستی ئابووری و بازرگانی و سیاسیی لە ناوچەکەدا هەڵبگرن، هەروەها دەتوانن کێشەکانی نێوانیان بەرێگەی ئاسانتر چارەسەر بکەن، بۆیە من پێموایە لە سالانی داهاتووش پێوەندیەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی پۆزەتیڤی چاوەڕوان نەکراو و سەرسوڕهێنەر بەردەوام دەبێ ئەمەش چەند هۆکارێکی لەپشتەوەیە بێگومان یەکەمیان تورکیا هەنگاو بە هەنگاو پێشبینی بەرامبەر هەرێمی کوردستان دەگۆڕێت و، ئەمەش واتە لەبری ئەوەی تورکیا لەرێگەی عێراقەوە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان درێژە پێبدات، بەشێوەیەکی راستەوخۆ هەرێمی کوردستانی بە لایەنی بەرامبەر وەرگرتووە و پێوەندی راستەوخۆی لەگەڵ بەستووە. دووەمیشیان بریتیە لەوەی تورکیا لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا چاودێری ئەوەی کردووە کەوا هەرێمی کوردستان زیاتر لە جاران پێویستی بە تورکیا هەیە و پێی وایە کە بە هاوپەیمانی لەگەڵ تورکیا دەتوانێ ببێتە ناوچەیەکی بەهێزتر لە ناوچەکەدا، هەر بۆیە کاتێك هەرێمی کوردستان ئەم هەڵوێستەی تورکیای بینی و هەستی کرد لە داڕشتنەوەی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە پشتگیری و لایەنگیری تورکیایە، هەروەها هۆکاری دیکەش وەك زیادبوونی نفووزی ئێرانی لەسەر حکومەتی ناوەندی بەغدا، بۆیە هەرێمی کوردستان بۆ دروستکردنی هاوسەنگیەك، پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ تورکیا زیاتر چڕکردوەتەوە))

کەواتە ئەوەی پرۆفیسۆر گەنج ئاماژەی پێکرد ئەوەیە کە ئەم پێوەندیانەی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان هەنگاوی گەورەتر بەرەو پێشەوە دەچن و تورکیاش هەرێمی کوردستان وەك هاوتای خۆی لەبەرامبەردا سەیر دەکات، ئەمەش بەرەو ئەوە دەچێت کە تورکیاو هەرێمی کوردستان هەنگاو بەرەو تەکامولی ئابووری و بازرگانی هەڵبگرن و تورکیا ببێتە دەروازەی سەرەکی هەرێمی کوردستان بە ئەوروپا و هەرێمی کوردستان ببێتە سەرچاوەی وزەو لەرێی تورکیا بینێرێتە دەرەوە، سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر کڤانج ئۆڵوسۆی ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی ئەستەنبوڵ لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە بە گوڵانی ڕاگەیاند(پێش هەموو شت دروست بوونی ئەم پێوەندییە پتەوە، یەکێکە لە بوارە گرنگەکانی سیاسەتی دەرەکی تورکیا کە لەم چەند ساڵەی دواییدا گۆڕینی بەسەردا هاتووە سەبارەت بە ڕێکخستنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ دراوسێکانی کە هەرێمی کوردستان یەکێکیانە، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە ئەم پێوەندیانە ببنە هۆکارێك بۆ بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوولا هەروەها هەرێمی کوردستانیش سەلماندی لەرووی سیاسیی و دیموکراسیی و ئابوورییەوە سەقامگیرە، هیچ دەوڵەتێکیش حەز ناکات کێشەو گرفتی لەگەڵ دراوسێکانی هەبێت، بۆیە کێشەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستانیش هیچ مانایەکی نەبووە و بەپێچەوانەوە ئێستا هەردوولا سوودیان لەم پێوەندیانە وەرگرتووە، سەبارەت بەوەشی کە تورکیا دەبێتە دەروازە بۆ هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستانیش دەبێتە سەرچاوەی وزە بۆ تورکیا، من پێموایە ئەمە سەرنجێکی زۆر جوانە و پێموایە پێویستە سەیری ناوچەکانی تری جیهان بکەین واتە لە ناوچەکانی تر خەڵکی هەلی بەم شێوەیە لەدەست نادەن بەڵکو ئەم جۆرە پێوەندییانە بۆ قازانج و پێوەندی دووقۆڵی بەهێز دەگۆڕن بەڵام نازانم بۆ لە ناوچەکەی ئێمە گشت لایەنەکان زۆر بە هەستەوەری سەیری ئەم جۆرە شتانە دەکەن بۆیە خاوەنی سەقامگیری نین و ئێمە وەك تورکیا و هەرێمی کوردستان پێویستە سەرکەوتنێکی گەورەمان لەم رووەوە بەدەست بهێنابوایە چونکە ئەو سیاسەتە پەیرەوکراوانەی چەندساڵی دوایی تورکیا وەك سیاسەتی سنووری کراوە و سفر کێشە و سەقامگیری هەر بۆ باشتر کردن و بەرەوپێشبردنی پێوەندیەکانی نێوان تورکیا و دەوڵەتانی دراوسێیەتی و ئەمە شتێکی نوێ بوو کە تەنیا بریتی نەبوو لە سەرکەوتوویی یان سەرنەکەوتوویی سیاسەتی دەرەکی تورکیا بەڵکو سیاسەتێکی نوێ بوو لە



ناوچەکە چونکە خەڵکی ناوچەکە وا راهاتوون کە بە چاوی دوژمن سەیری یەکتر بکەن ئەمەش لە هیچ شوێنێك باوی نەماوە کاتێ سەیری ئەمریکاو ئاسیای رۆژهەڵات و ئەوروپا دەکەین دەبینین کە پێوەندی نێوان ئەو دەوڵەتانە لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە ئابوورییەکان دامەزراوە، بەڵام نازانم ئێمە بۆ نەمانتوانیوە ئەم جۆرە پێوەندییانە دروست بکەین لە هیچ ناوچەیەکدا، لە ئاسیای ناوەڕاست نە لەقەوقاز نە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیاش، هەر بۆ نموونە ئێستا سنووری نێوان مەغریب و جەزائیر داخراوە پرسیار ئەوەیە ئایا چۆن دەتوانین بە سیاسەتی داخستنی سنوور ئاشتی و سەقامگیریی بونیاد بنێین؟ بێگومان ناتوانین بۆیە من سەرەڕای هەموو شتێك پێم باشە پێوەندیەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا بەرەو باشتر ببرێت و ببێتە نموونەیەك بۆ ناوچەکە چونکە پێوەندییەکی گرنگە و بۆ نموونە ئێمە وەك تورکیا پێوەندیمان ئێستا لەگەڵ ئەرمەنستان تێکچووە و سنوورکان داخراوە و لەگەڵ ئیران پێوەندیەکی ساردمان هەیە و بێگومان ئەم هەموو گرژیە ئاشتی لێناکەوێتەوە بەڵام بەداخەوە ئەمە وەك نەریتێکی لێهاتووە کە هەموو کەسێك سنووری لەگەڵ ئەوەکەی تر دادەخات و ئەمەش زیانێکی زۆر لە ئەکتەرە سەرەکیەکانی ناوچەکە دەدات و دەتوانم بڵێم ئەمە لە هیچ شوێنێکی تری جیهان نەماوە چیتر)).

## تاکڕەوی بەغدا
## تورکیاشیی نیگەران کردووە

لایەنێکی گرنگ کە بۆتە هۆکاری ئەوەی پێوەندییەکانی نێوان ئەنقەرا و هەولێر بەرەو باشتر هەنگاو هەڵبگرێت، ئەو سەقامگیریەیە کە لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری و دیموکراتی هەرێمەکە بەخۆیەوە بینیویەتی، ئەمە بۆتە هۆکارێك کە دەوڵەتانی دراوسێ هەست بەئارامی بکەن، بەڵام لە کاتێکدا دەوڵەتێکی وەك عێراق کە چاوەڕوان دەکرا زیاتر هەنگاو بەرەو دیموکراتی و کرانەوە هەڵبگرێت، بەڵام سەرۆك وەزیرانەکەی بەرەو تاکڕەوی و دیکتاتۆری ببات، ئەمە بێجگە لەوەی مایەی نیگەرانییە بۆ پێکهاتە سەرەکیەکانی خۆی کە هەرێمی کوردستان یەکێکیانە، لەهەمانکاتدا مایەی نیگەرانیشە بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە تا ئاستێك خۆیان بەدیموکراتی دەزانن، لەم روانگەوە تورکیا نیگەرانە لە بەلاداربردنی پرۆسەی دیموکراتی عێراق بەرەو تاکڕەوی و دیکتاتۆری و هەڵوێستی هەرێمی کوردستانیش بە تایبەتی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان راشکاوانە بە تورکیاو هەموو جیهانی راگەیاندووە ئاشکرایە، سەبارە بەم هاوهەڵوێستیەی تورکیا و هەرێمی کوردستان و نیگەرانییەکانیان سەبارەت بە تاکڕەوی حکومەتی بەغدا، پرۆفیسۆر

**سیاسەتە پەیرەوکراوەکانی چەندساڵی دوایی تورکیا وەك سیاسەتی سنووری کراوە و سفرکێشە و سەقامگیری هەر بۆ باشتر کردن و بەرەوپێشبردنی پێوەندیەکانی نێوان تورکیا و دەوڵەتانی دراوسێیەتی**

سەڤاش گەنج لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی (بێگومان ئەمە لە چەند روویەکەوە زۆر گرنگەو کۆمەڵێك هۆکاری هەیەو من جگە لە ئێوە لەگەڵ عەرەبە سوننەکانی بەشی ناوەڕاست و خوارووی عیراقیش دەدوێم و ئەوانیش بە وتەکانیان پاڵپشتی ئەم بۆچوونەی بەڕێزتان دەکەن سەبارەت بەم کێشەیە کە مالیکی دەوڵەت و لەشکرو دەسەڵاتی دادوەری بە تەواوی کۆنترۆڵ کردووە بە شێوەیەکی ئەوتۆ و هەنگاو بە هەنگاو خەریکە دەبێتە دیکتاتۆرێك لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، بۆیە ئێمە چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد دوای کشانەوەی ئەمریکا باری سیاسیی عێراق ئاسایی بێتەوە، بەڵام وەك ئێستا دەبینین بارودۆخەکە بەتەواوەتی تێکچووە، بەڵام ئەو راستیەش هەیە کە مالیکی ناتوانێ لەسەر ئەم رێچکەیەی بەردەوام بێت و ناتوانێت بەم شێوەیە حکومڕانی بکات، هەربۆ نموونە عەرەبی سونە کە زۆر پابەند بوون بە یەکپارچەیی عێراق ئێستا بەدوای بەدیلی دیکە دەگەڕێن، هۆکاری ئەمەش رەفتارەکانی مالیکیە، تورکیا تا بۆی بکرێت بەشێوەی ئاشتیانە هەوڵدەدات هۆکارێك بێت بۆ پاراستنی یەکپارچەیی عیراق، بەڵام ئەگەر مالیکی لەم هەڵوێستەی بەردەوام بوو ئەوا لەوانەیە پێکهاتە فیدراڵیەکەی ئێستا بۆ پێکهاتێکی کۆنفیدراڵی بگۆڕدرێت بەشێوەیەك کە خەڵکی بتوانن حسابی خۆیان بۆخۆیان بکەن و بتوانن باج کۆبکەنەوەو یەکەی ئاسایشی خۆیان پێکبهێنن بەبێ کەوتنەوەی پێکدادان و شەڕ ئەگینا ئەم شەڕو ناکۆکیەی ئێستا بەهۆی هەڵوێستی مالیکی بەرەو باشتر ناڕوات )).

لەهەموو حاڵەتێکدا تێکچوونی بارودۆخی عێراق و



بوونی حکومڕانی عێراقی بەدیکتاتۆر کاریگەری نەرێنی لەسەر تورکیا دەبێت، پرۆفیسۆر کڤانج ئۆڵۆسۆی وای دەبینێت کە تورکیا ناتوانێت دەستەوەسان دابنیشێت لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا، لەمبارەوەو لە درێژەی لێدواکەیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە سەرنجی خۆی سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق خستەڕوو وتی: (تورکیا وەك ئیتیکی سیاسی دەست ناخاتە کاروباری وڵاتانی دیکە،بۆیە تورکیاش ڕێز لە سەروەری و سەربەخۆیی عیراق دەگرێ و نایەوێت دەست بخاتە ناو کاروبارەکانییەوە بەڵام ئەگەر مەسەلەکە بریتی بوو لە ناسەقامگیریەکی ئەوتۆ لە عیراق و کاریگەری راستەوخۆشی هەبوو بەسەر تورکیاوە ئەوا پێموایە تورکیا لەمە بێدەنگ نابێ، چونکە هەروەکو دەزانن تورکیا وەبەرهێنانێکی زۆر گەورەی لە هەرێمی کوردستان کردووە. بە نموونەیەك ئەمە زیاتر روون دەکەمەوە، ئێستا قەیرانی ئابووری لە یۆنان هەیە، بەڵام دەوڵەتانی ئەورووپا رێ نادەن کە یۆنان ئیفلاس بکات، پرسیار ئەوەیە بۆچی وازی

**چۆن لەنێوان ئیسپانیا و فەرەنسا هاوکاری هەیە بۆ چارەسەری کێشەی باسك بەهەمان شێوە لەنێوان تورکیاو هەرێمی کوردستانیش بۆ چارەسەری کێشەی کورد پێویستە هاوکاری یەکتری بکەن**

لێناهێنن ئیفلاس بکات؟ چونکە قەرزێکی زۆری ئەڵمانەکان لە یۆنانە بۆیە رێگەی پێنادرێت.بۆیە پێموایە هەرێمی کوردستانیش بۆ ئێمە هەمان شتە و تێکچوونی سەقامگیری ئەوێ کار دەکاتە سەر سەقامگیری ئێمەش و ئێوە وەك کوردەکانی عیراق رۆڵێکی گرنگتان هەبوو لە رووخاندنی دیکتاتۆریەت و دروستبوونی ئەم شێوە نیمچە دیموکراسیە، بۆیە ناکرێ ئێوە لە عیراق پشت گوێ بخرێن و عیراقیش پێویستە واز لەم سیاسەتە تاکڕەوییە کۆنانە بهێنێت، بۆیە جەخت لەسەر ئەوەدەکەمەوە عیراق دەوڵەتێکە لە سێ پێکهاتەی سەرەکی پێکهاتووە و پێویستە لیان بپرسین، ئایا ئەم پێکهاتانە دەیانەوێت عێراق چۆن دەوڵەتێك بیت؟ ئایا دەیانەویت سەدامێکی تر حکومڕانیان بکات، یان دەیانەوێت پێش بکەون و ولاتەکەی خۆیان ئاوەدان بکەنەوە؟ ئەمە پرسیارە و پێویستە عیراقیەکان وەڵامی بدنەوە.

### چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لەتورکیا

رۆژنامەنووس و ئەکادیمی مستەفا ئاکویل لە ژمارەکانی پێشووی گوڵاندا، ئاماژەی بەوەکرد پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بووە هۆکاری ئەوەی تورکیا سیاسەتی نکۆڵیکردن لە کوردی تورکیا بگۆڕێت، بۆیە ئەگەر بەم ئاڕاستەیە سەیری کێشەکە بکەین و ئەم پێوەندیانە هۆکارێك بن بۆ گۆڕینی ئاڕاستەی سیاسەتی تورکیا بۆ چۆنییەتی چارەسەری کێشەی کورد لەتورکیا، ئەوا لە هەر چارەسەرێکی ئاشتیانەی پرسی کورد لە تورکیا هەرێمی کوردستان هاوکار و یارمەتیدەر دەبێت بەبێ ئەوەی دەست لەکاروباری ناوخۆی تورکیا وەربدات، سەبارەت بەم لایەنە و ستراتیژی تازەی حکومەتی تورکیا کە رایگەیاندووە ئەو کێشەیە بە ئاشتی چارەسەر بکات پرۆفیسۆر سەڤاش گەنج لە بەشێکی دیکەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە بیروبۆچوونی خۆی لەسەر دەربڕی: (بێگومان کاتی ئەوە هاتووە کێشەی کورد لەتورکیا بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، بەڵام نابێت ئەو راستیەش فەرامۆش بکەین کە لەسەر ئاستی ناوخۆی تورکیا ئاستەنگ هەیە، بەداخەوە هێشتا خەڵکی تورکیا لەسەر تێگەیشتنیان لەسەر ئەو جۆرە وشانە رانەهاتوون، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئێمە ئێستا لەقۆناخی داڕشتنی دەستورێکی نوێداین، ئەوا پێکهاتەکانی تورکیا چاوەڕێی ئەو دەستوورە نوێیەن وەك دەستوورێکی دیموکراتیانە ببێتە دەسپێکی باش بۆ هەنگاو هەڵگرتن بۆ چارەسەری ئەم کێشانە، بەڵام بێگومان کۆمەڵێ شتی تری هاوشێوەی ئەمە هەن کە پێویستە بکرێ. هەروەها تا تورکیا کێشەی کورد چارەسەر نەکات ئەوا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناتوانێ ببێتە نمونەیەك بۆ دیموکراسیە نوێیەکان و ناتوانێ بانگێشتی دیموکراتی بکات. تورکیا زۆر

**پێکهاتەکانی تورکیا چاوەڕێی ئەو دەستووورە نوێیەن وەك دەستوورێکی دیموکراتیانە ببێتە دەسپێکی باش بۆ هەنگاو هەڵگرتن بۆ چارەسەری کێشەکان**



باش ئەمە دەزانێ و ئەگەر بتوانێ بە شێوەیەکی دیموکراتیانەو بەرێگە چارەی ئاشتیانە ئەم کێشەیە چارەسەر بکات ئەوا زۆر بەهێزتر دەبێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تورکیا ئەگەر بیەوێ سیاسەتی دەرەوەی بەهێز بکات ئەوا بێگومان پێویستە لە سیاسەتی ناوخۆدا سەبارەت بە کێشەی کورد هەنگاوی بەهێزو بوێرانە هەڵبگرێت)).

پرۆفیسۆر کڤانج ئۆڵۆسۆی سەبارەت بە چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیاو هاوکاری هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا لەم کێشەیەدا، ئەوە ئەم حاڵەتە بەنموونەی هەرێمی باسك لە ئیسپانیا دەچووێنێت و ئاماژە بەوە دەکات باسکیەکان تەنیا لە ئیسپانیا نین و لە فەرەنساش هەن، بۆیە پێویستە چۆن لەنێوان ئیسپانیا و فەرەنسا هاوکاری هەیە بەهەمان شێوە لەنێوان تورکیاو هەرێمی کوردستانیش بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە هاوکاری یەکتری بکەن، لەمبارەیەوە بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە روو و وتی: (ئێمە هەمیشە بەراورد لە نێوان تورکیا و ئیسپانیا دەکەین، کە چۆن ئیسپانیا کێشەی میللەتی باسکی هەبوو و هەروەکو دەزانن میللەتی باسك تەنیا لە ئیسپانیا ناژین بەڵکو لە فەرەنساشدا بوونیان هەیە و گەورەترین یاریدەدەر بۆ چارەسەری ئەم کێشەیەش پاڵپشتی حکومەتی فەرەنسی بوو بۆ حکومەتی ئیسپانی، بۆیە ئەم کێشەیە چارەسەر نەدەکرا ئەگەر یارمەتی حکومەتی فەرەنسی نەبوایە چونکە نیوەی باسکەکان لە فەرەنسا دەژین و ئیسپانیا ناتوانێ هیچ شتێك سەبارەت بەو باسکانەی ناو سنووری فرەنسا بکات. ئەم جۆرە کێشانە کێشەی نێوان سنوورەکانن و ناکرێ بۆ هیچ دەوڵەتێك بە تەنیا چارەسەریان بکات تورکیاش ماوەیەکی زۆر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بە تەنیا هەوڵیدا بەڵام هیچی بەدەست نەهێنا چونکە ئەمە ستراتیژیەکی هەڵەیە، بەڵام ماوەیەکە دەبینین تورکیا بڕیاری داوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەیەکەوە هەوڵی چارەسەر بدەن ئەمەش ستراتیژیایەکی گونجاو و دروستە و کوردەکانی عیراقیش پێویستە لەم بارەیەوە درێغی نەکەن و هاوبەشبن لە سەقامگیرکردنەوەی ناوچەکە چونکە ناسەقامگیری ناوچەکەی کوردەکانی تورکیا هیچ سودێکی بۆ کوردەکانی عیراق نییە بێگومان. بۆیە من زۆر گەشبینم لەم بارەیەوە و پێم وایە هەرێمی



پرۆفیسۆر سەڤاچ گەنج بۆ گوڵان:

## تورکیاو هەرێمی کوردستان هەنگاو بەرەو تەکامولی ئابوری و بازرگانی هەڵدەگرن و تورکیا دەبێتە دەروازەی سەرەکی هەرێمی کوردستان بەرەو ئەورووپا

کوردستان پێویستە لەمە زیاتریش بکات چونکە نا سەقامگیری ناوچە کوردیەکانی تورکیا کاریگەری راستەخۆی بەسەر ناسەقامگیری و ئابووری و ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە دەبێت بۆیە پێویستە هەرێمی کوردستان نەك تەنیا یارمەتیدەر بێ بەڵکو پێشنیاری چۆنێتی چارەسەرکردنیش بکات. چونکە ئێوە بە ماوەیەکی درێژی پڕ لە رەنج و کۆشش تێپەڕیون پێشنیارتان بۆ ئێمە زۆر پێویستە بەڵام پێویستە ئەوەش بڵێم کە دۆخی ئێوە لە هی ئێمە جیاوازە چونکە وەکو دەزانن کوردەکان لە عیراق لە ناوچەیەکی دەوڵەمەندا نیشتەجێن بەڵام هەرچی کوردەکانی تورکیایە ئەوا لە سەرتاسەری دەوڵەتەکە بەربڵاون و ئەو ناوچەیەی کە زۆربەی دانیشتووانیشی کوردە کەمترین گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینیوە. بۆیە پێشناری کوردەکانی عیراق لەوانەیە لە روویەکەوە زۆر سوودمەند بێت بەڵام لەهەمان کاتیشدا پێموایە ئێوە پێویستە ئەو پەیامەش بە کوردەکانی تورکیا بگەیەنن کە دۆخی ئێوە لەهی ئەوان جیاوازترە ئەگەر دیسان بێینەوە سەر نموونەی باسکەکانی ئیسپانیا ئەوا دەبینین ئەوان خاوەنی پەرلەمانی خۆیانن بەڵام هەرچی باسکەکانی فەرەنسایە ئەوا لە بارێکی زۆر جیاوازتردان بۆیە ئەوەی لە هەرێمی کوردستان هەیە قورسە لەم قۆناخە بۆ کوردەکانی تورکیا هەڵبکەویت)).

### بۆچوونی هاوبەش
### سەبارەت بە بارودۆخی سوریا

لایەنێکی دیکە کە لەم قۆناخەدا تورکیا و هەرێمی کوردستان پێکەوە کۆدەکاتەوە، بریتیە لە تێڕوانینی هاوبەشیان بۆ کێشەی سوریاو رەفتارەکانی رژێمی ئەسەد، بێگومان هەرێمی کوردستان دژی رەفتارە



کۆمەڵکوژییەکەی رژێمی ئەسەدەو هەروەها لەگەڵ ئەوەن کوردەکانی سوریا بە مافەکانی خۆیان بگەن و سوریا بەرەو دەوڵەتێکی دیموکراتی وەربچەرخێت، تورکیاش بەهەمان شێوە دژی رەفتارەکانی رژێمی ئەسەدەو لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو رژێمە کۆتایی بێت، بۆیە ئەگەر تێڕوانینی هەرێمی کوردستان و تورکیا لە وردەکاریدا جیاوازیان هەبێت و ئەولەویەتەکان جیاوازیان هەبێت، ئەوا هێڵە گشتیەکانی تێڕوانیی هەردوولا کە ڕووخانی رژێمی ئەسەدە و رزگارکردنی گەلی سوریایە لە ژێر دەستی ئەو رژێمە وگۆڕینی سوریا بۆ سیستمێکی دیموکراتی ئامانجی هاوبەشی هەردوولایانە، سەبارەت بەم لایەنە هاوبەشە لە بۆچوونی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا پرۆفیسۆر سەڤاش گەنج بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گولان دەربڕی و وتی : (من سەبارەت بە روانگەی هەرێمی کوردستان بۆ رزگارکردنی گەل و بەدیموکراتبوونی سوریا دوودڵم وکۆمەڵێك نیشانەی پرسیار دەخەمە سەر ئەم ڕوانگەیەی هەرێمی کوردستان. بەو ڕێژەیەی کە من بەدوایدا چوومە، هەستم کردووە بارزانی و بەرپرسانی دیکەی هەرێمی کوردستان تەنیا سەبارەت بە داهاتووی گەلی کوردی سوریا نیگەرانن و تەنیا لەم چوارچێوەیەوە سەیری کێشەکە دەکەن بێگومان ئەمەش بەس نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە. بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە پێویست بوو هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتاوە کاریگەری خۆی لەسەر کوردەکانی سوریا بە هاوشێوەی تورکیا بەکار بهێنابوایە، بۆیە بەڵام لەمەودا ئەمە زۆر گرنگە لەوکاتەی کە سوریا دووبارە بونیاد دەنرێتەوە هەر لە ئێستاوە دەتوانم بڵێم کوردەکان یەکێك دەبن لە مەسەلە هەرەگرنگەکانی و تورکیاش پێویستە کاریگەری لەسەر کوردەکانی سوریا زیاد بکات بۆ ئەوەی بیانپارێزێ لە کاریگەری گرووپە توندڕەوەکان و بتوانێ لە داهاتوودا ببنە کارەکتەرێکی بەهێز لە داهاتووی سوریا)).


بەڵام پرۆفیسۆر ئۆلۆسۆی بە پێچەوانەی پرۆفیسۆر گەنج جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بۆچوونی هاوبەش لەسەر مەسەلە گرنگەکان وەك یەکەو لەمبارەوە بە گولانی راگەیاند: (راستە هەرێمی کوردستان و تورکیا هەمان بۆچوونیان هەیە سەبارەت بەوەی ئەسەد دیکتاتۆرە و پێویستە بڕوات، بەڵام هەڵویستمان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەغدا لەم رووەوە جیاوازە و ئەم بۆچوونەی حکومەتی ناوەندی عیراقیش، ئاڵۆزی خستۆتە ناو کۆمەڵێ شتی تر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێم وابێ ئەمە هەڵوێستێکی دروست نییە چونکە ئەم هەڵوێستە لە ئاستی سەربەخۆیی و دیموکراسی و ئازادیەکان نییە بەڵکو ئەم هەڵوێستە دەرەنجامی سەیرکردنی کێشەکەیە بە چاوێکی ئیتنی و ئاینی و مەزهەبی بەداخەوە. حکومەتی مەرکەزی عیراق سیاسەتێکی دووڕووی هەیە کە بۆخۆی داوای دیموکراسی دەکات، بەڵام پاڵپشتی دیموکراسی بۆ دەوڵەتانی دراوسێی ناکات، ئەمەش شتێکی پێچەوانەیە یان لەوانەیە بۆخۆشی دیموکراسی نەوێت ئەمەش کێشەیەکی گەورەترە. سووریا بە شەڕی ناوخۆ تێپەڕ دەبێت و ئەمە بارێکی ئاسان نییە کە بە دەستتێوەردانی دەرەکی چارەسەر بێ، بۆیە پێم وانییە کە ئەم هەڵوێستەی حکومەتی مەرکەزی عیراق هەڵوێستێکی باش بێت، بەرامبەر ئەم کوشتار و خوێن ڕشتنەی سوریا، ئێستاش با سەیری لایەنێکی تری کێشەکە بکەین کە ئایا هەرێمی کوردستان و تورکیا لەم بارەیەوە چییان بۆدەکرێت؟. پێم وایە لە دەوڵەتانی تر زیاتر هیچمان پێناکرێت چونکە نەتەوە یەکگرتووەکان نەیتوانی بڕیاری پێویست دەربکات تەنیا چاودێرانی ڕەوانەی سوریا کرد، کەواتە ئێمەش هەلی ئەوەمان نییە بە تەنیا دەست تێوەربدەین بۆیە ئەوەی لە دەستمانە بریتیە لە زیادکردنی جەخت لەسەر سووریا و ئەسەد بکەینەوەو نادروستی ئەم کردەوانەی دوبارە و سێبارە پێراگەیەنینەوەو هەروەها پەنای ئەو خەڵکانە بدەین کە لە تاو ئەو رژێمە ڕوومان تێدەکەن، ئەمەش کێشەیەکی مرۆڤایەتیە)).



پرۆفیسۆر کڤانج ئۆلۆسۆی بۆ گولان:

**پێم باشە پێوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا بەرەو باشتر ببرێت و ببێتە نموونەیەک بۆ ناوچەکە**

# توركیاو كوردستان
# پێكەوەژیان لە پێناو تەواوكاریی ئابووری


د. ئەنوەر عەبدوڵڵا بەرزنجی

سەدەی بیست و یەك بەسەدەی قەیرانە ئابوورییەكان و تێكچوونی ژینگەو مەترسیە سروشتیەكان دادەنرێت، لەناو ئەم گێژاوەدا هیچ وڵاتێك بەتەنیا ناتوانێت ببێتە خاوەنی ئابوورییەكی گەشەكردوو.

گەرچی ئابووریناسە كلاسیكیەكان بەشێوەیەكی تەواو نەیانتوانی ڕوودانی ئەم مەترسیانە شیبكەنەوە بەڵام بە بەردەوامی بە گومان بوون لە بەرامبەر ئەو مەترسیانەی كە ڕووبەڕووی ئابووری جیهان و ژینگە دەبێتەوە، ئەم واقیعەو بوونی ناسەقامگیری ئابووری و كۆمەڵایەتی كە هاوكاتە لەگەڵ هاتنی توندوتیژی و ئەو ئاڵۆزییانەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی عەرەبی گرتۆتەوە، كە بڕیاری سیاسی لەهەر هاوكێشەیەكی سیاسی زۆر قورس و ئاڵۆز دەكات .

ئێمە لەناو هەناوی نوێخوازی لەسەردەمێكی ئاڵۆزدا دەژین كە گەمەی كلاسیكی پێشووی ململانێی نەتەوەكان گۆڕدراوەو بووە بە گەمەی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەو ئابووری، ململانێی نێوان نەتەوەكان بەكۆتادێت لەگەڵ هاتنی قەیرانەكانی دارایی و ئابووریی و ژینگە، تۆماس فریدمان لەدوا كتێبی بەناونیشانی ( گەرم و فلات و قەرەباڵغ )ئاگادارمان دەكاتەوە لەو تەنگژانەی كە جیهان تێیدا دەژی؛ بەوەی گۆی زەوی گەرم دەبێت و ئاڵۆزی و توندوتیژیەكان ئەوەندە نزیك دەبن لەیەكتری بەروونی و ئاشكرا لێمانەوە دیاردەبێت و بگرە كاریگەری توندی بەسەرمانەوە دەبێت و ژمارەی دانیشتووانیش زیاد دەبێت، عەقڵانیەت پێمان دەڵێت ئەركی سەرشانی سیاسەتمەدارانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەنگژە ئاڵۆزانە گومان و بێ متمانەیی لەكاتی گونجاودا هەڵبگرن، ئەمەش لەلایەك خێرایی دەوێت لەلایەكی تر هەندێك كاری چاوەڕوانكراوی پێویستە، لەسەر بنەمای سیاسەتی لۆژیكانە هەنگاو بنرێت، كە تەنیا بە لۆژیكی پێكەوەژیان دێتە بەرهەم. لەلایەك پێكەوەژیان لەنێوان نەتەوەكاندا لەلایەكیشەوە لەگەڵ ژینگەدا .

لەم چوارچێوەیەدا كاری گرنگی داهاتووی حكومەتی هەرێمی كوردستان دروستكردنی شەراكەتێكە لەناو عێراق یا لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، ئالێرەدا كاتێك نیچیرڤان بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان باس لەشەراكەتی نێوان هەرێمی كوردستان و توركیا وەكو یەكێك لەستراتیژییەكان دەكات، قسەوباسێكی زۆر هەڵدەگرێت و، ئەو دوو پرسیارە دێتە پێشەوە چۆن و بۆچی ئەو شەراكەتە دروستبكرێت ؟ لەكاتێكدا كە چەندین كێشەو ئاستەنگ بوونی لەبەردەم سەركەوتنی ئەم هەنگاوە ستراتیژییە هەیە، وەڵام و بۆچوونەكان هەرچیەك بن لەناو ئەوەدا خۆی دەبینێتەوە كە پرۆسەی شەراكەتی نێوان هەرێمی كوردستان و توركیا دەبێت هەنگاوی بۆ بنرێت، لەكاتێكدا پێشتریش زۆر لە ئابووریناس و نوخبەی ئەم وڵاتە پێشوازییەكی گەرم لە پرۆسەی شەراكەت دەكەن، هەروەكو چۆن لەساڵی ٢٠٠٧ەوە لەلایەن نێچیرڤان بارزانی كار بۆ سەركەوتنی پرۆسەی پێكەوەژیانی نێوان هەرێمی كوردستان و توركیا نراوە، كە لەو كاتەوە تا ئێستا گۆڕانكاری جەوهەری لەستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی ڕوویداوە كە ڕێگا خۆش دەكات بۆ تەواوكارییەكی ئابووری بۆ ئاسایشی خۆراكی و ئاوو وزە، بۆ هەڵسوكەوتكردن لەگەڵ ئەم مەسەلە گرنگانەش پێویستە كار بۆ سەقامگیری ئابووری و سیاسی و كۆمەڵایەتی لەناوچەكەدا بكەین، لەم پێناوەشدا گەربێت و سەرنجێك لەپێگەی جوگرافیای توركیا بدەین كە پردێكە لەنێوان هەردوو جیهانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ئەوا هەرێمی كوردستان دەرگای پشتەوەی ئەو پردەیە بەهەردوو كوردستانی باشوورو باكوور، ناتوانرێت لەم پێكەوەژیان و شەراكەتە باس نەكرێت، ئالێرەدا هەرێمی كوردستان كە ناڕوانێت بەسەر كەناری دەریایەكەوە پێویستی بەكردنەوەی ئەو دەرگایە هەیە هەروەكو چۆن توركەكانیش پێویستیان بەكردنەوەی دەرگاكە هەیە بۆ تێپەڕبوونیان بەسەر ئەو پردە ستراتیژییەدا .

لەم هاوكێشەیەدا تێكەڵاوبوون و ئاڵۆزیەك لەنێوان مەسەلە سیاسی و ئابووریەكان هەیە كە وا لە سیاسەتمەدارەكان دەكات هەنگاو بۆ چارەسەركردنی كۆمەڵێك كێشەو گرفت بنێن، ئەمەش سیاسەتێكی ڕوون و ئاشكرای دەوێت كە تا ئێستا ونە. دابینكردنی وزە لەتوركیا لە چاڵە پێترۆڵەكانی كوردستان دابین دەبێت و سەرچاوە ئاوییەكان و خۆراكیش بۆ ئێمە لە توركیایەوە دابین دەكرێت، چونكە بیناكردنی بەنداوەكان نابێتە هۆی چارەسەركردنی كێشە ئابووری و كۆمەڵایەتیەكان كە ئەوكات ئەو بەنداوانە بەو پاساوانە دروستكرا تاوەكو وێرانی و پەراوێزخستنی ناوچەكانی كوردستانی توركیا چارەسەر بكات و زامنی سەقامگیری ئابووری و كۆمەڵایەتی لەم ناوچانەدا بكات، چونكە لەلایەك زیان بەو پانتاییە زەوییانە دەگەیەنێت كە بۆ كشتوكاڵ پێویستە لەلایەكی ترەوە

زەوی بەپیتی
هەرێمی كوردستان
بەهاوشێوەی چاڵە
پێترۆڵ و غازەكان
بۆ توركیا پێویستە

بۆ پیسبوونی ژینگەو تەشەنەکردنی پەتا بەتایبەتی نەخۆشی مەلاریا زۆر مەترسیدارە .

بەمشێوەیە هەرێمی کوردستان کە باشترین سەبەتەی خۆراکە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای ئەوەی زەوییە کشتوکاڵیەکان لەئەنادۆڵ و باشووری تورکیا بەهۆی ئەمباری ئەو بەنداوانە داپۆشراو تەنیا زەوییە بەردەڵانەکە ماوەتەوە ئالێرەدا زەوی بەپیتی هەرێمی کوردستان بەهاوشێوەی چاڵە پێترۆڵ و غازەکان بۆ تورکیا پێویستە، بەمشێوەیە تەنیا وزە نییە کە پاساو دەدات بۆ نزیکبوونەوەو پێکەوەژیان و دروستکردنی پردی پێوەندی بەڵکو ( خۆراك و ئاوو وزە) شە، لەدوا رۆژدا ناتوانرێت تەنیا بەداهاتی نەوتی خاو رووبەرووی بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخی گرانی خۆراك ببێتەوە کە لەجیهاندا تا دێت روو لەزیادبوون دەکات . لێرەدا پێویستە هەنگاو بەرەو ئیلتزامی سیاسی بنێین نەك تەنیا بەئەمانی سیاسی، لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان و تورکیا شاییەکی جوان دەست پێ دەکەن لەناوچەو بارودۆخێکدا کە رووی لەتەنگژەی سیاسی و پێکدادانەکان و بەهاری عەرەبی کردووە، ئەمەش هەمووی لەپێناو بەدەستهێنانی (دیموکراتی و پەرەپێدانی ئابووری )، ئێمە لەدوارۆژدا پێویستە هەنگاو بەرەو پەرەپێدانی ئابووریش بدەین هەروەك چۆن بانگەشە بەرەو دیموکراتی دەکەین چونکە تەنیا قسەکردن لەسەر دیموکراسی خەڵك بێزار دەکات گەربێتوو خۆشگوزەرانی و پەرەپێدانی ئابووری لەگەڵ نەبێت .

هەر لەدامەزرانی حکومەتی عێراقەوە تا ئێستاش تەکامولی ئابووری لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراق نەکراوە ئێستا دەتوانین لەگەڵ تورکیا ئەم تەکامولە ئەنجام بدەین و بیکەین، لە وڵاتێکدا کە هەرچی کەرەستەو خزمەتگوزاری و کەلوپەل هەیە لەدەرەوە دەیهێنێت و دووچاری شکست بووە لە پەرەپێدانی ئابووری و دابینکردنی بچووکترین خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیانی .


گەربێتوو سەرکردەو جەماوەرو دەسەڵاتدارانی سیاسی رێك نەکەون لەسەر چارەسەرێك کە بەدڵی هەموان بێت، ئەو کات پرۆسەی دیموکراتیش لەسەرانسەری ناوچەکەدا رووبەرووی مەترسیەکی گەورە دەبێتەوە، کاتی ئەوەش هاتووە دەسەڵاتدارانی سیاسی و بڕیار بەدەستان لەتورکیا لەمەسەلەی پێکەوەژیانیان لەگەڵ کورد و کوردستان بەهەمانشێوەی حیکمەتی (سوڵتان سلێمان حکیم )بکەن کە قبووڵ و پێشوازی لە رای جیاوازو پێکەوەژیان دەکرد، بەرادەیەك قبووڵی فرەیی و رای جیاواز بگیرێت و لەپرۆسەی ئابووریش دا دادپەروەری پەیرەو بکرێت. لەم روانگەیەوە هەڵبژاردن و هەنگاونان بۆ پێکەوەژیان لەگەڵ تورکیا وەك ئەوە وایە خۆشگوزەرانی و پەرەپێدانمان بووێت بەپێچەوانەشەوە هەڵبژاردنی هێزی شەڕانگێزی، ماڵوێرانیە بۆ هەردوولا.



**لەساڵی ٢٠٠٧ەوە لەلایەن نێچیرڤان بارزانی کار بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی پێکەوەژیانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا کراوە، لەو کاتەوە تا ئێستا گۆڕانکاری جەوهەری لەستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی روویداوە**

**تۆماس فریدمان ئاگادارمان دەکاتەوە لەو تەنگژانەی کە جیهان تێیدا دەژی؛ گۆی زەوی گەرم دەبێت و ژمارەی دانیشتووانیش زیاد دەبێت و ئاڵۆزی و توندوتیژیەکان ئەوەندە لەیەکتری نزیك دەبنەوە، کاریگەری توندی بەسەرمانەوە دەبێت**

# کۆمەڵگای کوردی (کۆمەڵگای گوازراوە)یە



ئازا حەسیب قەرەداخی

## ١- خەسڵەتەکانی کۆمەڵگە

لە زۆر نووسین و توێژینەوەدا دەبینین کۆمەڵگای کوردستان بە (کۆمەڵگای گوازراوە- مجتمع إنتقالي Transitional Society) ناودەبرێ. بەشبەحاڵی خۆیشم لەگەڵ ئەم ناولێنانەم. بۆیە ئەم وتارە تەرخان دەکەم بۆ شیکردنەوەی ئەوەی بۆچی بە کۆمەڵگای کوردی دەگووترێ گوازراوە و چین خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی ئەمجۆرە کۆمەڵگایانە و ئایا ئەوەیشیان قۆناغێکە و دەبردرێ یان بونیادێکی نەگۆڕە یان لانی زۆر نیمچە نەگۆڕە؟

لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ـەوە هەرێمی کوردستان بە دوو دۆخ چۆتە قۆناغی گوازراوەییەوە. یەکەمیان: دۆخی (دیفاکتۆ- أمر واقع)ـە کە لە ١٩٩١ـەوە تا ٢٠٠٣ـی خایاندووە. دۆخی دووەم: (دۆخی دەستووریی)ـە کە لە ٢٠٠٣ـوە لەناو دەوڵەتی عێراقدا تا هەنووکە بەردەوامە و بەبڕوای من تا بڕیاردانی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان هەر بەردەوام دەبێ.

ئەم دوو دۆخە گوزارشت لە گۆڕانگەلێکی سیاسی دەکەن کە هۆکارە خۆییەکانی سازو ئامادەو پێگەیشتووبوون، وەلێ پاڵنەرو کاریگەرگەلێکی دەرەکیان پێویست بوو بۆئەوەی ببزوێن و روو لە ڕوودانی کارێك و چێبوونی دەرەنجامەکانی بکەن.

سەرەڕای هەندێ جیاوازی لە وردەکاری و ئاستی ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوورییانەی لەو دوو دۆخەدا لە هەرێمدا ڕوویانداوە، بەتایبەتیش ئەوانەیان کە پێوەندییان بە ئارامی و ئۆقرەیی و گەشەپێدان و خێرابوونی بزاوتی کۆمەڵایەتی شاقوڵی و فراوانبوونی بازنەی ئەو خەڵکانەوە هەیە کە ئەو بزاوتە گرتوونییەتەوە، وەلێ ئەم دوو دۆخە هەردووکیان خەسڵەتەکانی (کۆمەڵگای گوازراوە)یان هەیە، گرینگترینیان ئەوەیە کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لە دۆخی نەریتییەوە دەگۆڕێن و دەگوازرێنەوە بۆ مۆدەرنیتە (عصرنە). واتە(بۆ دۆخی دەسەڵاتی بیرۆکان - بیرۆکراسی- بەتایبەتیش دامەزراوە پەروەردەیی وسیاسایی و سیاسی و ئابوورییەکان و گۆڕانکاری لە هێزی کاردا ڕوودەدات و پەرەدەسێنێ) . ئەم گواستنەوەیە کێشەو ئاریشەکانی ململانێی نێوان نەرێت و ئەفراندن، ڕەسەنایەتی و مۆدەرنیتەی لێدەکەوێتەوە، چونکە (بۆ کۆمەڵگای گوازراوە سەختە سەبارەت بە دیاردە و گرفتە تایبەتەکانی خۆی، شێوازی جێبەجێکراو و پراکتیزەکراو لە کۆمەڵگای پێشکەوتووەوە بهێنێت و لەناو خۆیدا جێبەجێی بکات، هاوکات خۆیشی هێشتا نەگەیشتۆتە ئەوەی نموونەیەکی هاوسەنگی تایبەتی خۆی داهێنێت) .بەم مانایە بەو کۆمەڵگایە دەگووترێ گوازراوە کە( تەنانەت ئەگەر بڕیاریشی دابێت پێ لەسەر ڕێگای مۆدەرنیتە دابنێ، بەڵام لە هەموو ئاست و ڕەهەندەکانیدا مۆدەرنیتەی پێ قووت ناچێ) . کەواتە گوازراوە خەسڵەتی ئەو قۆناغەیە کە ( کۆمەڵگا پێشەکییەکانی پێکهاتەیەکی نوێ دروست دەکات، وەلێ ئەو پێکهاتەیە چییە؟ ململانێی نێوان مەیل و ڕەوتەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە و تێهەڵکێشیی نێوان کاریگەرییە نێوخۆیی و دەرەکییەکان، وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە) .

لەڕووی ئابووری و چالاکییەکانیشیەوە، کۆمەڵگای گوازراوە ( کۆمەڵگای فرەکەرتی ئابوورییە، خاوەندارێتی تێیدا جۆراوجۆرە، خاوەندارێتی گشتی لە کەرتە نەرێتییەکاندا هەیەو کەرتگەلێکیش هەن موڵکی دەوڵەتن و موڵکی تایبەتیش هەیە. هەروەها بەوەش جیادەکرێتەوە ە بەهۆی فرەئاستی تەکنەلۆژیای بەکارهاتوو لەو کەرتانەدا، ئاست و پلەی جیاجیای بەرهەمهێنانی تێدایە) . واتە کۆمەڵگایەکە لەنێوانی دوو جەمسەری ناکۆکدا ڕاوەستاوە، جەمسەرێکیان کۆمەڵگایەکە زۆر پسپۆڕانە کاری تێدا دابەشکراوە. جەمسەرەکەی دیش کۆمەڵگایەکە پسپۆڕیی تێدا نییە. (فرید ریجز) بەم کۆمەڵگایە دەڵێ: (کۆمەڵگای پوازکیی — المجتمع المنشوری Prismatic Society) کە تێیدا ڕادەی پەرتبوون زۆر دەبێ. لەبەرئەوەیش کە کەرتە ئابوورییەکان زۆرن، ئەوا (کۆمەڵگای گوازراوە ئاڵۆزە، ڕەگوڕیشەی ململانێ تێیدا هەمە لایەن و پەلهاویشتووە) . بۆیە ئەم کۆمەڵگایە بە فرەکلتوور و فرەبەها و فرەخوێشایەتی (ولاءات) و تەرزە ڕەفتارگەلێك دەناسرێتەوە کە درێژبۆوەی بەها و خوێشایەتی نەرێتین و شابەشانن لەگەڵ ڕەفتارگەلێکدا کە بەرهەمی بەها و خوێشایەتی مۆدەرنیتەن. بەم حاڵە، ئەم کۆمەڵگایانە وەکوو بڵێی بە قۆناغی خۆئامادەکردندا تێدەپەڕن. حاڵیان وەکوو حاڵی ( ئۆرکسترایە لە قۆناغی خۆئامادەکردندا، ئەو کاتەی مایسترۆ، کە کاری ئاسایی ئەو هەماهەنگی نێوان

لە مۆدێرنیتەدا وا چاوەڕوان دەکرێ دەسەڵات عەقڵمەند بێ و بەشی زۆری دەسەڵاتە سیاسییە نەرێتیی و ئایینی و بنەماڵەیی و ڕەچەڵەکییەکان بگۆڕێ بە یەك دەسەڵاتی نەتەوەیی عەلمانی

ژەنینی هەر ئەندامێکی گرووپەکەیە، هێشتا رۆڵێکی روونی نییە. بۆیە لە نەبوونی رۆڵی مایسترۆدا هەر ژەنیارێـــك کۆپلەکەی خۆی لـــە موزیکەکە دەژەنێ بێ ئـــەوەی گوێبداتـــە ئـــەوەی ژەنیارەکانی دیکە چی دەژەنن. دەرەنجـــام گوێمان لە دەنگ و ئاوازی پەرتەوەبووی ناجۆر و نارێك دەبێ) .

قۆناغی گوازراوەیی قۆناغێکە کۆمەڵگا سستمە نەرێتییەکانـــی بەجـــێ دەهێڵێ و دەســـت دەکات بە مۆدەرنیتە. ئەم گواستنەوەیە پرۆسەیەکی فرەرەهەندە و لەوبارەیـــەوە (ســـامۆئێل هەنتگتۆن) دەڵێ: (وای لێ چـــاوەڕوان دەکرێ گۆڕان لە گشـــت کایەکانی فیکر و چالاکی مرۆییدا بکات) . لەســـەر ئاســـتی ســـایکۆلۆژی، وا لە مۆدێرنیتە چـــاوەڕوان دەکرێ گواســـتنەوەیەکی کرۆکییانە لە بەها و هەڵوێست و چاوەڕوانییەکاندا بـــکات و هاوتایی لەگەڵ کۆمەڵە چوونیەك و راســـتەخۆکانی وەکوو خێزان و عەشیرەت و گونـــد بکاتە کۆمەڵەی گەورەتر و ئەبســـتراکتری وەکوو چین و نەتەوە. لەسەر ئاستی فیکریش، بەهۆی گەشەکردنی تێکڕاییەکانی خوێندەواری و تواناکانی نووســـین و پەیدابوونـــی ئامرازەکانـــی پەیوەندی و فێربوون و هەرچی زیاتـــر پەیدابوونی دەرفەتەکانی بزاوتی پیشەیی شاقوڵی و ئاسۆیی، وا لە مۆدێرنیتە چـــاوەڕوان دەکـــرێ ئاســـۆی زانینی مـــرۆڤ بۆ ژینگەکـــەی یەکجـــار فراوان بـــکات. هەڵبەت ئەم رووکارانەی مۆدەرنیتە زۆر پەیوەستن بە سیاسەتەوە، بۆیە لە مۆدێرنیتەدا وا چاوەڕوان دەکرێ دەســـەڵات عەقڵمەند بێ و بەشـــی زۆری دەســـەڵاتە سیاسییە نەرێتیـــی و ئایینی و بنەماڵەیـــی و رەچەڵەکییەکان بگۆڕێ بە یەك دەســـەڵاتی نەتەوەیـــی عەلمانی. ئەمەیش ئاوێتەبوونی نەتەوەیی و سەنترالیزمەکردنی دەســـترۆیی یـــان چڕکردنەوەیەتی لـــە دامەزراوەی نەتەوەیی یاســـادانەری دانپێدانراودا و لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتییـــش، خەڵك ئامادە دەبن بۆ جۆری نوێی بەشـــداری و رەفتار. بۆیە واچـــاوەڕوان دەکرێ ئەم چەردە گۆڕانکارییـــە تێکهەڵکێش و یەکترتەواوکەرە کۆمەڵگا دووچاری حاڵەتی (شڵەژانی کۆمەڵایەتی) بکات و ســـتم و پێکەوەیی و پەیوەندییەکانی ناوی گرژ و ئاڵۆز بکات. هەروەها ببێتە هۆی تێکشکانی دامـــەزراوە نەرێتییەکانی و تێکشـــکانی ئەمانیش لەلای خۆیەوە ببتە هۆی دروســـتبوونی حاڵەتێك لە رزیـــن و کەرتوپەرتبوون و دەرچـــوون لە پێوەر. وەلێ هاوکات مۆدیرنیتە پێویستی بە وێکچوون و هاوتایی و خوێشـــایەتی نوێ هەیە. لەوانەیە ئەم خوێشایەتییە نوێیە ســـەرلەنوێ لەگـــەڵ توێژێك جـــووت بێتەوە کە بەشـــێوەیەکی شـــاراوە یان کردەنی لە کۆمەڵگا نەرێتییەکەدا هەبووە، یان لەگەڵ ژمارەیەك نموونە و سیمبوولی نوێ، یان توێژێك کە لەگەڵ مۆدەرنیتەدا پەرەی ســـەندووە، جووت ببـــێ. ئەوەیش لەبەرئەوەی کۆمەڵـــگای نەرێتی رچەڵەکگەلێکی هەن ئەگەری ئەوەیان تێدایە کە ببنە بناغە بۆ ناسنامە و یەکبوون. دەشێ پرۆســـەی مۆدەرنیتە هەندێك لەم رەچەڵەکانە تێکبشـــکێنێ و لەناویـــان ببات، وەلـــێ هەندێکی دیکەیان هوشـــیارییەکی نوێ پەیـــدا دەکەن و دەبنە بناغەیەکی نوێ بۆ رێکخستنەوەیەکی نوێ، چونکە ئەم رەچەڵەکانەیـــان توانای ئەوەیان هەیە گەلێك لەو پێویســـتییانە دابین بکەن کە مۆدێرنیتە دەیانخوازێ بۆ ناســـنامەی تاکەکـــەس و بوژانەوەی کۆمەڵگا و پێشکەوتنی ئابووری . ئەم وەسفە لەگەڵ کۆمەڵگای کوردیدا، زۆر دێتەوە. لـــە زۆر بڕگەی مێژووماندا، بەتایبەتیش لـــە دوای راپەڕینی ١٩٩١ـەوە کە پێمان وابـــووە کاتی لێکدابڕانە لەگـــەڵ رابردوودا، کەچی جارێکی دی، خۆیشـــایەتییە کۆنەکان بوژاونەتەوە و خۆیان نوێ کردۆتەوە و شـــێخ و سەرەك عەشرەتەکان لەگـــەڵ مۆدەرنیتـــە و گۆڕانکارییەکانـــدا خۆیان گونجاندووە و بوونەتە چینی کۆمەڵایەتی نوێ لەسەر بناغەی خاوەندارێتی تایبەتی زەوی و ســـەرمایەی بازرگانیی، بەڵام بێ ئەوەی رەگوریشەکانی پەیوەندی دەرەبەگایەتی خۆیان بە هەموو ئەو بەها و دابونەریت و رەفتار و شـــێوازی ژیان و تایبەتمەندی و خەسڵەتە کولتوورییانـــەی هەیانبووە، بپچڕێنـــن. ئەم پێکهاتە نوێیە- کۆنـــە توانیویەتی ریزەکانـــی خۆی لەگەڵ ریزەکانی پێکهاتـــەی نوێی چینایەتـــی رێکبخات کە مۆدەرنیتە بەرهەمی هێنـــاون. ئەوەی هەیانبووە لەگەڵ ئـــەوەی لەلای پێکهاتـــە نوێیەکە هەیەتی، لە بەرەیەکی ئابووری — سیاســـیدا جووتیان کردووە و بەمەیش بەردی بناغەیەکی نوێیان بۆ پرۆســـەی ئاڵوێرد لەنێوانی چالاکی سیاسی و دەوڵەمەندبوونی ئابووریدا داناوە.

لە دوای راپەڕینی ١٩٩١ـەوە کە پێمان وابووە کاتی لێکدابڕانە لەگەڵ رابردوودا، کەچی جارێکی دی، خۆیشایەتییە کۆنەکان بوژاونەتەوە و خۆیان نوێ کردۆتەوە و شێخ و سەرەك عەشرەتەکان لەگەڵ مۆدەرنیتە و گۆڕانکارییەکاندا خۆیان گونجاندووە

کۆمەڵگای پوازکیی(منشوری) بە فرەکلتوور و فرەبەها و فرەخوێشایەتی (ولاءات) و تەرزە رەفتارگەلێك دەناسرێتەوە کە درێژبۆوەی بەها و خوێشایەتی نەرێتین و شابەشانی لەگەڵ رەفتارگەلێکدا کە بەرهەمی بەها و خوێشایەتی مۆدەرنیتەن. بەم حاڵە، ئەم کۆمەڵگایە وەکوو بڵێی بە قۆناغی خۆئامادەکردندا تێدەپەڕێت

سەرچاوە:

١- الهاشمي، حميد ،المجتمع الانتقالي :نحو توصيف سوسيولوجي للحال العراقي اليوم، موقع: الحوار المتمدن - العدد: ١٦١٤
٢ - وتوت ،علي، قراءة لحقائق التغيير في المجتمعات التقليدية: العراق وقضايا المرحلة الانتقالية، موقع الدكتور(علي وتوت)
٣ - غليون، برهان، النخبة والشـــعب : مقتطفات من كتابي الأخير.(مع بعض التعديلات) موقع:الحوار المتمدن
٤ - نيكيفوروف،ف.ن، الشـــرق والتأريخ العالمي، حول أســـلوب الإنتاج الآسيوي، ترجمة وتقديم الدكتور توفيق سلوم،دار الفارابي، بيروت،ط١ ١٩٨١.، ص٤١-٤٢
٥ - وتوت،علی، سەرچاوەی پێشووو
٦ - عبدالحميد، عالية، الإصلاح الإداري: قضايا نظرية ومداخل لتطوير، مكتبة الشروق الدولية، القاهرة، ٢٠٠٧، ص٩١-٩٢
٧ - دیمانەیەك لەگەڵ دیڤید تۆلبرت، ســـەرۆکی مەڵبەندی نێودەوڵەتی بۆ دادپەروەریی راگوازراوەیی، ئاداری ٢٠١٠، لە ماڵپەڕی: دادپەروەریی بۆ هەمووان بڵاوکراوەتەوە www.adala٤all.org
٨ - عبدالحمید، عالیە، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢
٩ - هانتكتون، صموئيل، النظام السياســـي لمجتمعات متغيرة، ترجمة: سمية فلو عبود، دار الساقي،ط١، بيروت، ١٩٩٣،ص٤٥
١٠ - هەمان سەرچاوە، ل٤٥-٥٣



# دەرکردنی باڵیۆزو داخستنی باڵیۆزخانەکان بەس نین بۆ ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد



ماوەی ساڵێك زیاترە ڕژێمی ئەسەد دەست لە گەلەکەی خۆی ناپارێزێت و ڕۆژانە بە دەیان هاووڵاتی دەکوژێت و بەسەدانیش بریندار دەکات، دیمەنی شارەکانی سوریا وەك دیمەنی گۆڕەپانێکی گەورەی شەڕ وایە، کە تیایدا سوپایەکی گەورە ڕووبەڕووی خەڵکی سڤیل دەبێتەوەو هێشتا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر ئەوە دوودڵە ئایا بڕیارێك بۆ ڕاگرتنی ئەم کۆمەڵکوژییە بدات یان نە، هەفتەی ڕابردوو دوای کۆمەڵکوژییەکەی حەولە هەندێك لە دەوڵەتان باڵیۆزخانەی سوریایان لەوڵاتەکەی خۆیان داخست و باڵیۆزەکانیان ناردەوە بۆ دیمەشق، بەڵام نەیانتوانی بڕیارێك بدەن بۆ ئەوەی کارە کۆمەڵکوژییەکانی ڕژێمی ئەسەد ڕابگرن، ڕاستە بەرپرسانی ئەمریکی و فەرەنسی جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە کە ڕژێمی ئەسەد شەرعیەتی حکومڕانی نەماوەو پێویستە دەسەڵات بەجێ بهێڵێت بڕیارەکە تا ئێستا هەنگاوی کردەیی بۆ ئەم پرسە هەڵنەگیراوە و تا ئێستا نەتوانراوە ئەم پرسە

**هێزەکانی ڕۆژئاواو تورکیاو جیهانی عەرەبی فشار دەخەنە سەر ڕوسیا و چین، بەوەی پێیان دەڵێن ئێوە لە مەسەلەی سوریادا وێنەی خۆتان ناشرین دەکەن**

یەکلایی بکرێتەوە، سەبارەت بە کاریگەری ئەم هەڵوێستەی هەندێك لە دەوڵەتان بە داخستنی باڵیۆزخانە و ناردنەوەی باڵیۆزەکانی سوریا پرسیارمان لە پرۆفیسۆر مەحجوب زوبێری ئوستادی مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد لە زانکۆی قەتەر لەوەڵامدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی (بە دڵنیاییەوە ئەمە نابێتە هۆی ڕاوەستانی ئەو کوشتارەی لە ئارادایە، بە دڵنیاییەوە ئەوەی لە ئێستادا ڕوودەدات ئەوەیە کە میسداقیەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ژێر پرسیاردایەو حاڵی حازر چەندین ڕەخنە ئاراستەی چەند هێزێکی جیاواز لە جیهاندا کراوە، لەبەر ئەوەی بێدەنگن لە ئاست ئەوەی لە سوریا ڕوودەدات، ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە ئیرادەیەك نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی سوریادا، ڕەنگە هۆکارەکەش ئەو قەیرانە ئابوورییە بێت کە لە چەند وڵاتێکی ئەوروپیدا هەیە، هەروەها هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمەریکا، بڕیاری دەرکردنی باڵیۆز و

**ئیرادەیەك نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی سوریادا، ڕەنگە هۆکارەکەش ئەو قەیرانە ئابوورییە بێت کە لە چەند وڵاتێکی ئەوروپیدا هەیە، هەروەها هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمەریکا**

دیپلۆماتکارەکانیش کە دوو ڕۆژ پێش ئێستا ڕوویداو لەلایەن دە وڵاتەوە بوو، پەیامێکی بەهێزە بۆ سوریاو لە ڕووی سیاسییەوە مایەی پتر گۆشەگیرکردنی ڕژێمی سوریایە. فشاری زیاتر دەخاتەسەر ڕوسیاو چین کە ئیعتراف بەوە بکەن کە دۆخەکە خراپترە لە سوریا، کەواتە ئەمە هەنگاوێکە، بڕیار بەس نییەو دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کاری زیاتر بکات بۆ وەستاندنی ئەوەی لە سوریادا ڕوودەدات. لە پەیوەندیدا بەم کێشەیەوە دوو ڕێگاچارە هەیە، یەکەمیان بریتییە لە دەرکردنی بڕیارێك لە سایەی فەسڵی حەوتەمی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکانەوەو دەقاو دەق ئەوە ئەنجام بدرێت کە لە ساڵی ٢٠٠٣دا لە دژی عێراق ئەنجامدرا، یان ئەوەی ساڵێك پێش ئێستا لە دژی ڕژێمی لیبیا کرا، ڕێگاچارەی دیکە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، مەبەست لە دەوڵەتە دۆستەکانی سوریایە، ڕووبەڕووی ڕژێمی سوریا ببنەوە، بێ ئەوەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش دەرچێت، ئەمە کارێکی مومکینەو دەکرێت ئەنجام بدرێت، هەروەك پێشتر لە بۆسناو هێرسك ڕوویدا، کەواتە ئەمە دوو ڕێگاچارەن، ئەوەی لە ئێستادا ڕوودەدات، ئەوەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بە تایبەتی هێزەکانی ڕۆژئاوا و تورکیا و جیهانی عەرەبی فشار دەخەنەسەر ڕوسیا و چین بەوەی پێیان دەڵێن ئێوە وێنەی خۆتان ناشرین دەکەن، پێم وایە لە ماوەیەکی کەمدا گۆڕانی هەنگاو بە هەنگاو دەبینین لە پەکین و مۆسکۆدا، ڕەنگە بەو شێوەیە نەبێت کە خەڵکی پێشبینی دەکات، هەندێ گۆڕانکاری ڕوودەدات، هەرچەندە نابێت چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە دەست لە پشتیوانیکردنی حکومەتی سوریا هەڵدەگرن)).

ئەوەی پرۆفیسۆر زوبێری جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە کە هەنگاو هەڵگرتن بۆ دەستێوەردانی سەربازی هاوشێوەی ئەو ئۆپەراسیۆنەی کەساڵی ٢٠٠٣ بۆ ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عیراق و ٢٠١١ بۆ ڕووخانی قەزافی لە لیبیا کرا لە سوریا زەحمەتە ڕووبدات، هەربۆیە لەمبارەوە پرۆفیسۆر باری ڕۆبین سەرۆکی سەنتەری دیراساتی نێودەوڵەتی (GLORIA) بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وای دەبینێت ڕژێمی ئەسەد ئەم بارودۆخە دەقۆزێتەوە لەمبارەیەوە و لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە سەبارەت بەم پرسە ڕای خۆی خستەڕوو وتی (با لەو ڕاستیەوە دەستپێبکەین کە شەڕ و ناکۆکیەکە دوولایەنی هەیە، هیچ سازشێکیش لە نێوانیاندا ڕوونادات، یەکێك لەو دوولایەنە براوە دەبێت، بەشار ئەسەد هیچ بەرژەوەندیەکی نییە لە دەستهەڵگرتن لە دەسەڵات و باش دەزانێت ئەگەر دەسەڵات و هاوەڵەکانی لە دەست بدات، ئەوا ئەمە دەرئەنجامێکی خراپی دەبێت بۆ سەر نوخبە سیاسییەکە و بۆ سەر عەلەویەکان، چونکە ئەو کاتە یاخود ڕوودەکەنە مەنفا یان دەکوژرێن، هەروەها موعارەزەش دەزانێت کە ناتوانێت ڕێککەوتنێك لەگەڵ بەشار ئەسەددا بکات، لەبەر ئەوەی ئەگەر دەست لە شۆڕشەکەیان هەڵگرن و بەشار ئەسەد لە دەسەڵاتدا بێت ئەوا ئەشکەنجەیان دەدات و چارەنووسیان کوشتن دەبێت. کەواتە هیچ سازشێك ڕوونادات و هیچ چارەسەرێکی دیبلۆماسی مومکین لە ئارادانییە، لەبەر ئەوە دەبێت سەرەتا ئەمەمان لەبەرچاو بێت. ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد ..بایەخ بەوە نادات کە خەڵکانێك لێدوان بدەن و ڕەخنەی لێبگرن، گرنگی نادات ئەگەر دیبلۆماتکارەکان لێی جیاببنەوەو تەنانەت گوێ بەوەش نادات ئەگەر سزای بەسەردا بسەپێنن، ئەوەی ئەو خوازیارێتی ئەوەیە دەستێوەردان نەکرێت، ئەگەر هێزە دەرەکیەکانیش دەستێوەردان نەکەن و چەك و هاوکارییەکی زۆر بۆ شۆڕشگێڕەکان دابین نەکەن، ئەوا خۆشحاڵ دەبێت و هیچ هەڵوێست و کردەوەیەکی ناگۆڕێت. هەمووو ئەمانەش بە مانای ئەوە دێت کە ئەتوانێت کاتی زیاتر بەدەست بهێنێت بۆ لەناوبردنی شۆڕشگێڕان

**حاڵی حازر شەڕێکی ناوخۆیی توندوتیژئامێز لە ئارادایە، کە تێیدا ئێران بە هاوکاری ڕوسیا یارمەتی ڕژێمەکە دەدەن و چەکی پێدەدەن و پارەی بۆ دابین دەکەن**

> **ئەگەر موعارەزەیەکت هەبوو بێ ئەوەی ئیرادەیەکی سیاسی بەهێز پاڵپشتی بکات، ئەوا ناتوانێت هیچ کارێك بکات بۆ گۆڕینی دۆخەکە لە سوریا**

و درێژە بە کارەکانی خۆیان بدات بێ ئەوەی ترسی دەستێوەردانی دەرەکی هەبێت، گرنگە لەمە تێبگەین. کەواتە ئەگەر هیچ جۆرە دەستێوەردانێکی دەرەکی نەکرێت، ئیتر لە شێوەی دابینکردنی دارایی و چەك بێت بۆ شۆڕشگێران، یاخود لە شێوەی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆدا بێت، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە ڕژێمەکە بتوانێت شۆڕشەکە لەناو ببات، ئەگەر ساڵێکیش بپێچێت. ڕاستە سوریا وێران دەبێت، ئەوان گرنگی بەمە نادەن، ئەوەی بەلای ئەوانەوە گرنگە کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتە. کەواتە ئەمە بارودۆخەکەیە و هەموو ئەو هەوڵە دیبلۆماسیانەش کە دراون بۆ ئەوەنییە هەلومەرجی سوریا بگۆڕن، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە وێنەی هێزە دەرەکیەکان جوان بکەن.... و تەنانەت ئەگەر کاریگەریشیان هەبێت لەسەر ڕووداوەکانی-سوریا-، ئەوا بە هیچ شێوەیەك بۆ ئەو مەبەستە نەبووە. هەربۆیە من پێموایە هێزە نێودەوڵەتیەکان کارێکی ئەوتۆیان بۆ ناکرێت، هەر بۆ نموونە سۆزان ڕایس، باڵیۆزی ئەمەریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، یەك دوو ڕۆژ پێش ئێستا بە ئاشکرا لە چاوپێکەوتنێکدا ڕایگەیاند کە کردەوەیەکی گەورە ئەنجام نادرێت، هەڵوێستی ئەوان ئەوەیە نابێت هاوکاری موعارەزە بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەمە سەردەکێشێت بۆ شەڕی ناوخۆو دەبێت هەوڵ و کۆششی دیبلۆماسی بدرێت، حاڵی حازر شەڕێکی ناوخۆیی توندوتیژئامێز لە ئارادایە، کە تێیدا ئێران بە هاوکاری ڕوسیا یارمەتی ڕژێمەکە دەدەن و چەکی پێدەدەن و پارەی بۆ دابین دەکەن، کێ هاوکاری شۆڕشگێران دەکات، تا ڕاددەیەکی کەم تورکیا، هەروەها بە ئەندازەیەکی کەم سعودیە و قەتەر، بە ئاستی ئەو هاوکارییە نییە کە دەدرێتە ڕژێمەکە، واتە ئەو هاوکاری و یارمەتیەی ئێران بۆ ڕژێمەکەی دابین دەکات زۆر زیاترە لەو هاوکاریەی ڕۆژئاوا و وڵاتانی دیکە بۆ شۆڕشگێرانی دابین دەکەن.

سەرەڕای ئەوەی جیابوونەوە لە سوپادا ڕوویداوە، هەروەك دەزانین، ئەوا هێشتا یەکەیەکی سوپا بە تەواوی ئەو کارەی نەکردووە و هێشتا جەنەراڵێك جیانەبۆتەوە، کەواتە ڕژێمەکە لە دۆخێکی باشدایە، ناتوانێت شۆڕشەکە لەناو ببات، بەڵام ئەتوانێت سنووورداری بکات و ڕژێمەکەش لە سەروبەندی ڕوخاندا نییە. کەواتە دەستوەرنەدانی ڕۆژئاوا لە سوریادا لە بەرژەوەندی ڕژێمەکەیەو من نابینم هیچ کارێك بکەن. لێرەدا باس لەوە ناکەم کە دەبێت چی بکەن، بەڵام باس لەوە دەکەم کە لە ئارادایە، تا ئێستا بایەخیان بە دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام نەداوە، گرنگییان بە دروستکردنی ناوچەی دژەفڕین نەداوە، هەروەها بڕێکی زۆری چەکیان دابین نەکردووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ڕایدەگەیەنن کە کوفی ئەنان و نەتەوە یەکگرتووەکان و هەوڵە دیبلۆماتکارەکان شکستیان هێناوەو پێویستە سیاسەتێکی نێودەوڵەتی بگیرێتەبەر بۆ یارمەتیدانی شۆڕشگێران، من هیچ ئاماژەیەکی لەو شێوەیە بەدی ناکەم. ئەوانە زەمینەسازی بۆ ئەمە ناکەن، بەڵکو زەمینەسازی دەکەن بۆ ئەوەی هیچ نەکەن، ئەگەر لە هەر لێدوانێك بە جیا بڕوانین، لێدوانی ئیدارەی ئەمەریکا بێت یان ئەوروپییەکان بێت ئەوا پەرۆشیەك نابینین بۆ ئەنجامدانی هیچ کارێك.ئەوە بۆچوونی منە)).

### پشتگیری ڕوسیا بۆ ڕژێمی ئەسەد هەوڵەکانی پەکخستووە

لەگەڵ ئەوەی ڕوسیاو چین وەك دوو ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش دژی هەر بڕیارێکی نێودەوڵەتین دژی ڕژێمی ئەسەد دەربچێت،بەڵام جەختکردنەوەکە بە گشتی لەسەر ڕۆڵی ڕوسیایە و چاودێران پێیان وایە ئەگەر ڕوسیا هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت، ئەوا چین بە تەنیا هیچی پێناکرێت، سەبارەت بەم ڕۆڵەی ڕوسیا بۆ پشتگیری ڕژێمی ئەسەد و پەکخستنی هەوڵە نێودەوڵەتیەکان دەیگرێت، پرسیارمان لە پرۆفیسۆر ستیڤن زۆنەس ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان لە زانکۆی سانفرانسیسکۆ و تۆژەر و شرۆڤەوان لەسەر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو پشتگیریەی ئێستای ڕوسیا بۆ ڕژێمی بەشار ئەسەد وەك پشتگیری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبینێت و ئەمەش مانای ئەوەیە هەرگیز کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناتوانێت بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بۆ بەرژەوەندی گەلی سوریا و ڕووخاندنی ڕژێمی ئەسەد وەربگرێت و لەمبارەوە و لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان پرۆفیسۆر زۆنەس بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن: (هەڵوێستی ڕوسیا لە ئاست سوریادا تەواو هاوشێوەی هەڵوێستی ئەمەریکایە لە ئاست ئیسرائیلدا لە پەیوەندیدا بە ئامادەیی بە ڕێگرتن لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە سەپاندن و جێبەجێکردنی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی، کە ئەمەش هەڵوێستێکە هیچ پاساوێکی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، چەند ئاماژەیەك هەن، کە ئەو بەڵێنە جێبەجێنەکراوانەی ڕژێمەکە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکانی دوویات دەکردەوە بۆتە هۆی ئەوەی ڕوسیا دووچاری زەحمەتیەکی زیاتر ببێتەوە لە بەردەوامیدان بە ئاستی ئەو پاڵپشتیەی بۆ سوریا هەیەتی. ئامادەیی ڕوسیا بۆ پشتیوانیکردن لە دوایین بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەیە بە کەمبوونەوەی پشتیوانیان بۆ سوریا. هەروەها ئیدارەی ئۆباما درك بەوە دەکات کە دەستێوەردانی سەربازی لە سوریادا ئەوەندەی کێشە دەخوڵقێنێت، ئەوەندە چارەسەری ناکات، لەبەر ئەوەی دەبێتەهۆی زیادبوونی پشتیوانی بۆ ڕژێمی سوریا، چونکە بەو شێوەیە خۆی پیشان دەدات کە لە دژی» ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی» شەڕدەکات و تۆمەتی «داردەستی ڕۆژئاوا» دەداتە پاڵ ئەو کەسانەی بەرگری دەکەن لە دژی ڕژێمەکە، ئەزموونی ئەمەریکا لە عێراقدا بۆتەهۆی نیگەرانکردنی ئەمریکیەکان لە ئاست هەر دەستێوەردانێك لە جیهانی عەرەبدا و ئەزموونی دەستێوەردانیش لە لیبیادا سەلماندی کە ئەو مەسەلەیە لەوە ئاڵۆزتر و زەحمەتترە کە پێشبینی دەکرا، سەرەڕای ئەوەی قەزافی لە زۆر ڕووەوە لە ئەسەد لاوازتر بوو. ئیدارەی ئۆباما پشتیوانی لە موعارەزەیەکی ناتوندوتیژی ڕژێمی سوریا دەکات، کە ئەم موعارەزەیەش وەك هێزێکی بە توانا دەمێنێتەوە و ڕەنگە کاراتر

> **ئەگەر هیچ جۆرە دەستێوەردانێکی دەرەکی نەکرێت، ئیتر لە شێوەی دابینکردنی دارایی و چەك بێت بۆ شۆڕشگێران، یا لە شێوەی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆدا بێت، ئەگەری ئەوە هەیە ڕژێمەکە بتوانێت شۆڕشەکە لەناو ببات**

بێــت بە بەراورد بە موعارەزەی چەکداری کە موعارەزەیەکی بچوك و دابەش بووە. مێژووی ئــەم دواییە ئەوەی خســتۆتەڕوو کە خەباتی چەکداری ئەگەری ســەرکەوتنی کەمترە بە بەراورد بە خەباتــی ناتوندوتیژ، تەنانەت لە دژی دیکتاتۆرەکانیش، لەبەر ئەوەی ئەگەری جیابوونەوە لە نێو هێزەکانی ئاسایش و بەرپرسە حکومیەکان، ژمارە بەشــداربووە چالاکەکانی بزووتنەوەکــە کــەم دەکاتەوە، ئەو کەســانە دووردەخاتەوە کە ئەگــەری ئەوەیان لێدەکرێت پشتیوانی بکەن و پاساوێکیش دەداتە دەستی ڕژێمەکە بــۆ ئەوەی توندتر ســەرکوتکاری ئەو موعارەزەیە بکات کە بە «تیرۆریســت» وەســفیان دەکات. باشــترین ئومێد بۆ سوریا بریتییە لە بەردەوامیــدان بە نارەزاییەتیەکان، مانگرتنەکان و شێوە ناتوندوتیژەکانی دیکەی موعارەزەکردن، هاوشــان بە سزای نێودەوڵەتی کــە ئامانجی دیــاری کراویــان هەبێت، کە ئەوەندە نائارامی و ناجێگیری دروست بکات ئەو چینەی بەرژەوەندیەکی ئابووری بەهێزیان هەیە، لەگەڵ کەرتە سەرەکیەکانی دیکەدا کە حاڵی حازر هاوپەیمانی ڕژێمەکەن حکومەتەکە ناچار بە ئەنجامدانی گفتوگۆ بکەن لەگەڵ موعارەزەدا بۆ ئەوەی دەسەڵات بدرێتە دەستی ئەو زۆرینەیەی لە پرۆســەیەکی دیموکراتیدا دێتەئاراوە.))

پرۆ فیسۆر مەحجوب زوبیری لە زانکۆی قەتەر هۆکاری پەکخستنی هەوڵەکان بۆ دەستێوەردان لەسوریا گرێناداتەوە تەنیا بە ئاستەنگی روسیاو

**پرۆفیسۆر مەحجوب زوبێر بۆ گوڵان:**



**میسداقیەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ژێر پرسیاردایە، لەبەر ئەوەی بێدەنگن لە ئاست ئەوەی لە سوریا ڕوودەدات**

چینەوەو ئەو پێیوایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئیرادەیەکی سیاســیی نییە بۆ چارەســەری کێشەکە و لەمبارەوە و لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (کاتێك کوشــتارەکە بەردەوام دەبێت، و بەشــەکانی دیکــەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ســوریا گۆشــەگیر دەکەن، ئەوا ڕوسیاش کەنارگیر دەبێت و ناتوانێت درێژە بەم ڕەوتەی خۆی بدات، ڕوسیەکانیش وەك هێزێك لە خۆیان ئەڕوانن و ئەوە قبوڵناکەن دووچاری دابڕان بن، ئەمە ڕاســتیەکەیە، ڕاســتیەکی دیکە ئەوەیە ئەوان نایانەوێت وێنەیان ناشــرین بێــت و دەبێت بەرژەوەندیەکانیان لە ناوچەکەدا لەبەرچاوبگرن و من پێم وایە کاتی ئەوە دێت کە ڕوســیا بڕیاری هەڵبژاردن بدات لە نێوان بەرژەوەندیەکانــی لە جیهان و ئەو ناوچەیەدا، هەروەها دامەزراندنــی پێوەندیەکانی لەگەڵ ئــەم ناوچەیــە، لەگەڵ ئــەو بەرژەوەندی و پێوەندیانەی لەگەڵ ڕژێمی سوریا هەیەتی. من باوەڕم وانییە کێشەی سوریا تەنیا ڕوسیا و چین بێت، بە بۆچوونی من کێشەکە بریتیە لە نەبوونی ئیرادە، لە نەبوونی ئیرادەی سیاسی، بە چەشــنی ئەوەی لە لیبیادا بینیمان، ئەم ئیرادە نێودەوڵەتیە لە ســوریادا غائیبە، واتە پێداگیری نییە لەســەر ئــەوەی کاری زیاتر بکرێت لە ئاست ســوریادا، هەر لەبەر ئەوەش بــەم دواییە باس لە چاکســازی و گفتوگۆ دەکرا، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە- بەلای منەوە- کە سووربوونێك بەدی ناکرێت، پێم وایە ئەمە کێشەکەیە، نەك ڕوســیا و چین، باوەڕم وایە هەر کاتێك ئەو ئیرادەیە سیاســیە هاتەئاراوە، ئەوا کاریگەری دەبێت لەسەر هەڵوێستی هەر یەکە لە ڕوسیا و چین. سەبارەت بە هەڵوێستی ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکاش ڕاســتە هەڵبژاردنە ســەرۆکایەتیەکان ئاســتەنگن، دووبارە دەگەڕێمەوە بۆ خاڵی پێشوو و نەبوونی ئیرادەی سیاســی بە کێشــە دەزانم، واتە بە بەراورد بەم کێشەیە، کێشەکانی دیکە لاوەکین، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم ئیرادەیە سیاســیە لە ئارادا بێت، ئەوا نە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکان دەبنە کێشەو نە ڕوسیاش. من باوەڕم وایە ئەو وڵاتانە ئەولەویەتــی جیاوازیان هەبووە و پێم وایە سوریا بەشێك نەبوو لەم ئەولەویاتانە)).

### کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی
### متمانەی بە ئۆپۆزسیۆنی سوریا نییە

ماوەیەکی زۆرە باس لەوە دەکرێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەبری ئەوەی خۆی دەســتێوەردان بــکات، ئەوا چــەك دەداتە ئۆپۆزســیۆن و پشتگیری لێ دەکات بۆ ئەوەی ڕژێمی ئەسەد بڕوخێنن، بەهۆی پەرتەوازەیی ناو ئۆپۆزسیۆن و نەبوونــی بەرنامەیەکی ڕوون و ئاشــکرا، کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی کەمتــر بایەخی بەم لایەنــە داوە، هەندێکیــش پێیان وایە کە یارمەتیدانی ئۆپۆزسیۆن بە پارەو چەك ئاسان نییە، سەبارەت بە چۆنیەتی هاوکاری کردنی ئۆپۆزسیۆنی سوریا بە پارەو چەك پرۆفیسۆر باری رۆبین لە درێژەی لێدوانەکەیدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خســتەڕوو(من باوەڕم بەوە نییە و لــەوە تێدەگەم کە بۆچی خەڵکی ئەمە دەڵێن، لە ڕاســتیدا ئەگــەر بیانەوێت پــارە و چەك بنێرن بۆ ئۆپۆزســیۆن، ئەوا بە دڵنیاییــەوە ئەتوانن ئەم کارە بکەن، ئەتوانن لە ڕێی لوبنانەوە و بە شێوەیەکی قاچاخ ڕەوانەی ســوریای بکەن، ئەتوانن لە ڕێی عێراقەوە ئەم کارە بکــەن، ئەتوانن لە ڕێی ســنوورەکانەوە کاری لەم شــێوەیە بکەن، ئــەوان بڕیاریانداوە هاوکاری خەڵکی ســوریا نەکەن، بۆچی ئەم بڕیارەیانداوە، ڕەنگە مەســەلەکە ئەوەبێت کە ئەم ئیدارەیــەی ئەمریکا باوەڕی وابێت دوای ئەم رژێمە سەقامگیری بەتەواوی تێکدەچیت، یاخود ڕەنگە ئیخوان موسلمینی سوری پێیان وتبێت، کــە ئەتوانرێت بگەنە ســەفقەیەکی سیاســی لەگەڵیدا. هەروەهــا ڕەنگە دوای ئەزموونی ئەفغانســتان و عێــراق نەیانەوێت دەســتێوەردان بکەن. کەواتە چەند فاکتەرێك هەن لەم مەسەلەیەدا. با نموونەیەك بۆ بهێنمەوە لەبارەی ناڕاستگۆییەوە، سۆزان ڕایس باڵیۆزی ئەمەریکا لــە نەتەوە یەککگرتووەکان ڕایگەیاند ئێمە ناتوانین هاوکاری موعارەزە بکەین، لەبەر


**پرۆفیسۆر باری رۆبین بۆ گوڵان:**



**ڕاستە سوریا وێران دەبێت، ڕژێمەکە گرنگی بەمە نادات، ئەوەی بەلایەوە گرنگە کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتە**

ئەوەی ئێمە زانیارییەکی کەمترمان هەیە لەبارەی موعارەزەی سووریەوە، بەراورد بەو زانیاریانەی هەمانبوو لەبارەی موعارەزەی لیبییەوە. ڕاستیەکەی ئەوەیە ئەو کاتە زانیاریەکی زۆریان لەبارەی موعارەزەی لیبییەوە نەبوو، لە لیبیادا چەندین ئیسلامی توندڕەو هەبوون، هەروەها چەکداری ئەل قاعیدە هەبوو لە لیبیا کە هاوکاریيان لە ناتۆ وەرگرت وەك هێزێکی شۆڕشگێڕی، ئیتر چۆن ئەتوانی بڵێیت تۆ زانیاریەکی کەمترت هەیە لەبارەی سوریاوە، ئێمە زانیاریەکی زۆرمان هەیە لەبارەی سوریاوە، ئێمە دەزانین لە ناو سوریادا کورد و درووزەکان هەن کە داوای مافی زیاتر دەکەن و داوا دەکەن ئاستێك لە ئۆتۆنۆمی یاخود خۆبەڕێوەبردنیان هەبێت، ئێمە دەزانین کورد و دروزەکان هەڕەشەیان لەسەرە، ئێمە دەزانین کە لە ناو سوپادا ئەفسەرگەلێك هەبوون سوپایان جێهێشتووە و کەسانی پیشەوەرن، ئەمانە سەرچاوەی هەڕەشە نین، بە دڵنیاییەوە ئیخوان موسلمین و سەلەفی هەن، باوەڕم وانییە بتوانن ئەوە یەکلابکەنەوە کە کێ کێیە، ئێمە دەزانین ئەمەریکا یارمەتی ئیخوان موسلمینیدا، کەواتە ئەمانە قسەی بەتاڵن و تەنها بیانوون، هەروەها ئێمە دەزانین ١٠ هەزار کەس لە سوریادا کوژراون لە ماوەیەکی دروودرێژدا، بێ ئەوەی هیچ شتێکی کاریگەر ئەنجام بدرێت لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە. ئەگەر دووبارە بگەڕێینەوە بۆ لێدوانەکانی سۆزان ڕایس، کە وتی ناتوانین یارمەتیان بدەین، لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتەهۆی خوڵقاندنی توندوتیژی زیاتر، باشە تۆ باسی چی دەکەیت؟ چونکە ئاستێکی توندوتیژیەکی زۆر لەو ولاتەدا هەیەو خەڵك دەکوژرێن.. کەواتە شتێکی نالۆژیکیە بڵێیت هاوکاری موعارەزەی سوری ناکەین، لەبەر ئەوەی ئەمە سەردەکێشێت بۆ توندوتیژی زیاتر، چونکە ئەو توندوتیژیەی ڕژێمەکە ئەنجامی دەدات خەڵك دەکاتە قوربانی، لەبەر ئەوە پاساوێکی گونجاو و ستراتیجی ناهێننەوە بۆ ڕوونکردنەوەی سیاسەتەکەیان، هەروەها ئامانجێکی واقیعیشیان لە هزردا نییە، لەبەر ئەوەی ڕێککەوتنی دیبلۆماسی نێوان ڕژێمەکەی ئەسەد و موعارەزە واقیعی نییە، کاتێك تۆ ناتوانیت سیاسەتەکانی خۆت ڕوون بکەیتەوە، کاتێك ئامانجێکی گونجاوت نابێت، ئەوا مانای وایە سیاسەتەکەت بێسەروبەرە و نازانیت چی دەکەیت. ئەمەش بارودۆخەکەیە لەگەڵ سوریادا. با قووڵ بینەوە و بەم شێوەیە لە مەسەلەکە بڕوانین، سەرۆکی ئەمەریکا ئەو کارە دەکات کە پێی وایە لە ڕووی سیاسیەوە خزمەتی پێدەگەیەنێت، کەواتە بەهۆی هەڵبژاردنەکانەوە نییە کە ئەمەریکا هیچ کارێك ناکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەر هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی نەبوایە ئەمەریکا هەڵویستی جیاواز دەبوو؟ وەڵامەکە نەخێرە. من دەزانم و لەوە تێدەگەم کە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەیە، ئەگەر بیانویستایە کارێك بکەن، ئەوا ڕایاندەگەیاند پێویستە ئێوە دەنگ و متمانەی خۆتان بە ئێمە بدەن، لەبەر ئەوەی ئێمە هاوکاری گەلی سوریا و شۆڕشگێڕەکان دەکەین لە شەڕەکەیاندا دژی دیکتاتۆریەت، ئەتوانن بەم شێوەیە باس لە مەسەلەکە بکەن، ئەوە ئاشکرایە کە سوپا و سەربازی ئەمەریکا نانێرن بۆ ئەو ولاتەکە، با ئەمە مەسەلەیە بخەینەلاوە، ئەیانتوانی چەك و پارە بۆ شۆڕشگێڕان بنێرن و بڵێین بڕوانن ئێمە کارێکی باش دەکەین و پێویستە ئێوە دەنگی خۆتانمان پێبدەن. کەواتە ئەوان بۆ ماوەی ساڵێکە ئەم سیاسەتەیان گرتۆتەبەر و پێم وایە بەردەوامیش دەبن لەسەری. کەواتە لەبەر هەڵبژاردنەکان نییە کە دەستێوەردان ناکەن، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە نایانەوێت دەستێوەردان بکەن و بۆچی نایانەوێت دەستێوەردان بکەن، ئەمە مەسەلەیەکی دیکەیە کە ئەتوانین موناقەشەی بکەین)).

**پرۆفیسۆر ستیڤن زۆنەس بۆ گوڵان:**



**مێژووی ئەم دواییە ئەوەی خستۆتەڕوو کە خەباتی چەکداری ئەگەری سەرکەوتنی کەمترە بە بەراورد بە خەباتی ناتوندوتیژ، تەنانەت لە دژی دیکتاتۆرەکانیش**

### تورکیا و دەوڵەتانی دراوسێ بە تەنیا هیچیان پێ ناکرێت

لایەنێکی دیکە کە پێشبینی دەکرا ڕۆڵێکی گرنگ لە یەکلایکردنەوەی کێشەکانی سوریا بگێڕێت تورکیا و دەوڵەتانی دراوسێی و دەوڵەتانی ناوچەکەیە، بڕیار لەم بارودۆخەدا ئەوانیش ناتوانن بە تەنیا هیچ بکەن لەبەر ئەوەی ئەم کارە پێویستی بە بڕیارێکی نێودەوڵەتی هەیە پرۆفیسۆر مەحجوب زوبێری لە درێژەی لێدوانەکەیدا سەبارەت بەم لایەنە بە گوڵانی ڕاگەیاند: (تورکیا و ولاتانی دیکە ناتوانن بەتەنیا کار بکەن، ئێمە لە سیستمی سیاسی جیهانیدا نەریتێکمان هەیە کە ناتوانیت بە تەنیا ڕۆڵ ببینیت، بەڵکو پێویستت بەوەیە بەشێك بیت لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، باوەڕمان پێی بێت یان نا، ئەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستی بەوە هەیە پێکەوە کاربکات و پێکەوە هەنگاو بنێت و هیچ دەوڵەتێك ئامادەنیە ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی کارکردنی تاکلایەنە ببێتەوە، کەواتە سەرەڕای ئەوەی تورکیا دراوسێی سوریایە، ناتوانێت بە تەنیا ئەم کارە بکات، ئەتوانێت هاوکاری مرۆیی سوریەکان بکات، ناتوانێت لەوە زیاتر بکات، مەسەلەی دەستێوەردان و مەسەلەی سزاکان پێویستیان بە ئیرادەی سیاسی هەیە، کە بە داخەوە لە ئارادا نییە، هەروەها سەبارەت بە تەیار کردنی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنیش، دەبێت ئەوە بزانین شۆڕشکردن پرۆسەیەو ڕووداوێك نییە بە یەکجار ڕووبدات، ئەگەر باس لە هەڵوێست بکەیت ئەوا ناتوانیت لە شەوو ڕۆژێکدا کۆیان بکەینەوەو پێیان بڵێیت دەبێت پێکەوە کاربکەن، ئەمە کاتی دەوێت، سووریەکان فێری دەبن، هەروەك ئەوەی میسریەکان و لیبیەکانیش فێری بوون، کە پێویستە یەکگرتوو بن. ئەمە لە شەو و ڕۆژێکدا ڕوونادات، لەبەر ئەوەی ئاسەواری دیکتاتۆریەت ماوە، هەروەها خەڵکانێك هەن کە لە بواری سیاسیدا ئەزموونیان نییە، لەلایەکی دیکە ئەوە ئەو خەڵکانە هەن کە حساباتی خۆیان هەیە بۆ دۆخەکە، کەواتە چەند لایەنێك هەیە لەم مەسەلەیەدا، دووبارە من پێم وانییە کێشە لە موعارەزەی سوریادا بێت، بەڵکو لە نەبوونی ئیرادەی نێودەوڵەتیدایە، چونکە ئەو ئیرادەیە نێودەوڵەتییە یارمەتی موعارەزە دەدات، واتە ئەگەر موعارەزەیەکت هەبوو بێ ئەوەی ئیرادەیەکی سیاسی بەهێز پاڵپشتی بکات، ئەوا ناتوانێت هیچ کارێك بکات بۆ گۆڕینی دۆخەکە لە سوریا)).



## دانیاڵ چیرۆت بۆ گوڵان:


# لە ناو هەموو دەوڵەتانی عەرەبدا تەنیا عیراقە رژێمی ئەسەدی قبوڵەو خوازیارە نەرِوخێت و بمێنێتەوە

*** بە پێی بۆچوونی ئێوە تا چ ئەندازەیەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتە زەمینەیەك بۆ شەڕی سارد لە نێوان ڕوسیاو چین لەلایەك و ڕۆژئاوا لەلایەکی دیکەوە؟**

- پێم وانییە شەڕی سارد بێتەوە ئارا لەبەرئەوەی کێشەکان لە نێوان دوو ئایدلۆژیای بەهێزدانین. ڕوسیا و چین لە خەمی بەرژەوەندیە ئابووری و بازرگانیەکانی خۆیاندان، کە بە دڵنیاییەوە، وەك هەمیشە، نەوت سەرچاوەی سەرەکیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە کێشمەکێشی لەسەرە. لە کاتێکدا چین و ڕوسیا وەك هێزێکی گەورە لە خۆیان دەڕوانن، بەو شێوەیە خۆیان بە ڕکابەری ئەمەریکا و ئەورووپای ڕۆژهەڵات دادەنێن، بەڵام بە دڵنیاییەوە مەسەلەکە ئەوەنییە کە ڕوسیا و چین هاوپەیمانی درێژخایەنی یەکتر بن. ڕوسیا بەگومانەو مەترسی هەیە لە دەستڕۆیشتویی چین لە بەشی ڕۆژهەڵاتی سربیاو ڕوسیا خۆی هێزێکە لە داکشاندایە، نەك لە هەڵکشاندا بێت. ئەگەر ململانێیەك هەبێت، ئەوا دۆخەکە ئەو هەلومەرجەم بە بیر دەهێنێتەوە کە لە پێش شەڕی سارددا هەبوو، کاتێك هێزە ئیمپریالیەکان لە ڕکابەریدابوون، بەڵام ڕکابەری ئایدۆلۆجی نەبوون. بۆ ئەوەی دڵنیابیت، کاتێك هێزە گەورە ڕکابەرەکان ململانێ لەسەر بەرژەوەندیە سیاسی، ئابووری و ستراتیجیەکان دەکەن ئەوا دەوڵەتە بچوکەکان هەمیشە دووچاری زیان دەبنەوە.

*** حاڵی حازر هەست دەکەین گۆڕانکاریەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەریانکێشاوە بۆ جۆرێك لە ناسەقامگیری لەسەر ئاستی ناوچەکە، سعودیە نیگەران بووە لەبارەیانەوەو هەمیشە ترسی لە دروست بوونی هیلالی شیعە هەبووە کە لە گەرووی هورمزەوە بۆ کەنداوی عەقەبە درێژبێتەوە، هەروەها مایەی مەترسی بووە بۆسەر هاوپەیمانەکانی ئەمەریکاو وڵاتانی هەناردەکەری نەوت، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند ئەم گۆڕانکارییانە پێگەی سعودیە دەخەنە مەترسییەوە؟**

- موبالەغەکراوە لە بارەی هەڵکشانی هێزی شیعە. پێشبینی کاردانەوەی توندی سوننە دەکرا، ئەمەش لە بەرژەوەندی سعودیەو ئەمریکیەکان شکایەوە. لە کۆتاییدا، ئەگەری ئەوە هەیە سعودیە و میسر ببنە هاوپەیمان، هەروەها ئەگەر ڕژێمی سوریا بڕوخێت ئەوا زۆرینەی سوننە زاڵدەبن. ئەمەش دەبێتەهۆی پەراوێزخستنی حزبوڵڵا، و هاوکاری کردنی ڕژێمی مەلەکی ئەردەن. بە دڵنیاییەوە مەحاڵە پێشبینی ئەوە بکرێت کە ڕوودەدات، بەڵام نابێت ئەوەمان لە یادبچێت کە هێزی گەورەی شیعە، ئێران، ئابووریەکی لاوازی




**پرۆفیسۆر دانیال چیرۆت ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لەزانکۆی واشنتۆن و تایبەتمەندە لەسەر ئەوروپای رۆژهەڵات و ماوەیەکیش ڕاوێژکاری رادیۆی ئەوروپای ئازادبووە کە پێش ڕووخانی دیواری بەرلین ئاڕاستەی وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵات دەکرا، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو کێشەمەکێشەی ئێستا لەنێوان گەورە هێزەکاندا لەسەر کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، وەك لە کێشەی سوریا رەنگی داوەتەوە، روسیا و چین لەلایەك بەرامبەر هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی راوەستاونەتەوە، بۆقسەکردن لەسەر ئەم پرسەو گۆڕانکارییەکان بەوەی ئایا تاچەند ئەمە سەرەتای دروستبوونی شەڕێکی ساردی دیکە لەنێوان رۆژئاوا لەلایەك و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە لایەکی ترەوە وتووێژێکمان لەگەڵ پرۆفیسۆر دانیال چیرۆت کرد ئەمەش دەقی وتووێژەکەی گوڵانە لەگەڵ پرۆفیسۆر چیرۆت.**




هەیەو ڕژێمێکە پاڵپشتی جەماوەری نییە، لە کاتێکدا عێراق وەك وڵاتێکی دابەشبو و ناسەقامگیر دەمێنێتەوە.

*** بە پێی بۆچوونی ئێوە، تا چەند ئەم گۆڕانکاریانە پێگەی ئەمریکایان لە ناوچەکەدا لاوازکردووە؟**

- کاتێك ئاوڕ لە ٦٠ ساڵی ڕابردوو دەدەمەوە، ئەوە دەبینم کە پێگەی ئەمەریکا هەمیشە هەڕەشەی لەسەربووە. جەمال عەبدوالناسر دۆستی ئەمەریکا نەبوو و ئەو کاتە پرسیارەکە ئەوەبوو ئایا ناسر، یاخود بەعس یاخود کۆمۆنیستیەکان باڵادەست دەبوون بەسەر وڵاتانی عەرەبیدا. وا لێکدەدرایەوە کە پاشایەتیەکانی ئەردەن و سعودیە ڕۆژگاریان بەسەرچووەو چیتر ناتوانن بمێننەوە. ئێستا شتەکان جیاوازن. دەوترێت سەلەفیە ئیسلامیەکان هەڕەشەن بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا، بەڵام با چاوەڕێ بکەین و ببینین واقیع چیمان پێدەڵێت. میسر وڵاتێکی هەژار و دانیشتووانێکی زۆری هەیە. بەم دواییە تورکیا بۆی دەرکەوت کە دەسترۆیشتوییەکی لە سوریا گرنگیەکی ئەوتۆی نییە، ئێرانیش دۆستێك نییە متمانەی پێبکرێت. ئیسرائیل دەوڵەمەندتر و بەهێزترە بە بەراورد بە ڕابردوو. بەڵێ، هەموو جۆرە هەڕەشەیەك هەیەلەسەر ئەمەریکا، بەڵام ئەم هەڕەشانە هەمیشە لە ئارادابوونە و هێشتا زۆر زووە بڵێین کە دۆخەکە لەرزۆکترە بە بەراورد بە هەر کاتێکی دیکە لە ڕابردوودا.

*** سوریا وڵاتێکە ڕووخانی یان بەردەوامبوونی هاوکێشەکە دەگۆڕێت، ئەگەر ڕژێمەکەی ئەسەد نەڕوخێت، ئەوا تا ئەندازەیەکی گەورە دۆخەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە، هەروەها ڕوخانەکەی هەلومەرجەکە دەگۆڕێت. بە پێی بۆچووی ئێوە تا چ ئەندازەیەك ڕوخانی ڕژێمی سوریا لە بەرژەوەندی ئەو هێزانەیە کە خۆیان بە هاوپەیمانی ڕۆژئاوا دادەنێن؟**

- پێم وانیی هیچ وڵاتێکی عەرەبی جگە لە عێراق ڕژێمی ئەسەدی قبوڵبێت. بە دڵنیاییەوە، تورکیاش ئەم ڕژێمە قبوڵ ناکات. تەنانەت حەماسیش خۆی دوو دەخاتەوە. بەڵام ئەگەر ڕژێمی عەلەوی لە سوریا بڕوخێت، ئەوا ئێران گرنگترین هاوپەیمانی عەرەبی خۆی لە دەست دەدات. کەواتە کێ دڵخۆش دەبێت؟ ئەمەریکی و ئەوروپیەکان خۆشحاڵ دەبن، هەروەها هەموورژێمە عەرەبیە سوننەکان و تورکیاش. کەواتە، بەڵێ، هاوپەیمانە ئەوروپیەکان خوازیارن ئەمە ڕوبدات، هەروەها هەمووهێزەکانی دیکەش، لە نێویاندا ئیسلامیە موحافیزکارەکان، تەنانەت ئەوانەی کە زۆر دژی ڕۆژئاوان.

*** تا ئێستا دۆخەکە بەو شێوەیە وەسف دەکرێت کە بریتیە لە هەڵکشانی هێزە ئیسلامیەکان، حاڵی حازر هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکان دەستیان پێکردووەو پێشبینیەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە ئەنجامەکە لە بەرژەوەندی پاڵێوراوی ئیسلامیەکان بێت. بە بۆچوونی ئێوە تا چەند ئەم هێزە ئیسلامیانە دەبنە هاوپەیمانی ئەمەریکا؟**

- هەر لایەنێك ئەتوانێت ببێتە هاوپەیمانی هەر هێزێکی گەورە. جەمال عەبدوالناسر و سەدام حوسێن کۆمۆنیستیەکانیان سەرکوتکرد و دەیان کوشتن لە وڵاتەکانیاندا، بەڵام پشتیوانیەکی گەورە دەکران لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە. لە ئاسیا پارتی «الخمیر الحمر»-کە پارتی سیاسی حکومڕان بوو لە کەمبۆدیا-زۆرێك لە کەمینەی چینیەکانی کوشت، بەڵام هەرچۆنێك بێت چین پشتیوانی ئەو ڕژێمەی کرد. بە دڵنیاییەوە هەندێ لە هێزە ئیسلامیەکان ئەتوانن ببنە هاوپەیمانی ئەمەریکا ئەگەر هەردوولا پێویستیان بە یەکتربێت. سعودیە ئەم کارە دەکات. ئێمە بە ئاسانی ئەوەمان لەبیردەچێت کە ئەنوەر سادات موسڵمانێکی موتەقی بوو، بەڵام پێی وابوو لە بەرژەوەندیدایە ببێتە دۆستی ئەمەریکا و ئیسرائیل. لەوەش زیاتر، هاوپەیمانێتیەکان بە ئاسانی دەگۆڕێن. گریمانەی ئەوە بکە کە بەهۆی گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردنی ئابووریەکەیەوە ئێران وەك ئێستا نەمێنێتەوە؟ دەکرێت هەموو جۆرە هاوپەیمانێتیەکان بە ئاسانی پێچەوانە ببنەوە. من باوەڕم وانییە کە کاتێك ڕژێمێکی ئیسلامی دێتەسەردەسەڵات ئەوا بە هەمان شێوە ڕەفتار دەکەن، یاخود چیتر بیر لە بەرژەوەندیەکانیان ناکەنەوە بە شێوەیەك کە پێچەوانەبێت لەگەڵ ئایدۆلۆژیاکەیاندا. هەروەها، هێزە گەورە دەرکیەکان هەمیشە بۆ ڕێگایەك دەگەڕێن بەرژەوەندیەکانیان بەدەست بهێنن لە ڕێیەوە.

*** تا چ ڕاددەیەك پێشبینی دەکەن دوای ڕووخانی ڕژێمی سوریا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو سەقامگیری و ئاسایی بوونەوە دەچێت؟**

- من پێشبینی ئەمە ناکەم. کێشەکانی ناوچەکە زۆر لە دیکتاتۆرێك گەورەترن. بەدەر لە پرسی نەوت و غاز، تەواوی ناوچەکە بنکەیەکی ئابووری لاوازی هەیە. ژمارەی گەنجانی دانەمەزراو لە زیادبووندایە. سیستمەکانی پەروەردە خراپن و گەنجان بۆ جیهانی هاوچەرخ پەروەردە ناکەن. گەندەڵی زۆر بەربڵاو و تەشەنەسەندوە. ئیسرائیل لە شوێنی خۆیەتی و ڕای گشتی لە نێو دەوڵەتە دراوسێکانیدا بە دوژمنکاری دەمێنێتەوە، تەنانەت لەو حاڵەتانەدا کە پەیماننامەی ئاشتی هەیە و تەنانەت لە کاتێکدا کە شەڕێکی ئاشکرا نییە. دوژمنایەتی نێوان شیعە و سوننە بەردەوام دەبێت. بە دەربڕینێکی تر، ئەگەر ڕژێمەکەی ئەسەد بڕوخێت، ئەوا نابێتەهۆی چارەسەرکردنی زۆرێك لە کێشەکانی ناوچەکە، لە ڕاستیدا ڕەنگە دۆخەکە خراپتر بێت ئەگەر سوریا ببێتە لوبنانێکی دیکە.



# سەرۆکی داهاتووی میسر بەسەر پلیتێکی سوورەوەبووی گەرمەوە

**«هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە نێوان محەمەد مورسی و ئەحمەد شەفیق»**

ئەسما حوسەینی ـ قاهیرە

مانگی ڕابردوو زیاتر لە پەنجا ملیۆن کەس لە خەڵکی میسر لە ڕووداوێکی ناوازەی مێژوویدا بۆ هەڵبژاردنی یەکەمین سەرۆکی هەڵبژاردەی ئازاد بۆ وڵاتەکەیان ڕوویان کردە سندوقەکانی دەنگدان، ئەم ڕووداوە نەك تەنیا لەسەردەمی شۆڕشی یۆلیۆی ١٩٥٢ کە کۆتایی بە حوکمی داگیرکاری ئینگلیزی هێناوە، بەڵکو تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ڕووداوێکی ناوازەیە، یەکەمین جاریشە بە ئیرادەیەکی میللییەوەو بەم شێوەئازادانەیەو لە پاش ئەو هەموو پاشاو سەرۆکانەی میسرەوە کەسێك بۆ سەرۆکایەتی هەڵدەبژێردرێت..

وێڕای ئەوەش هێشتا دیمەنەکە لە میسر ئەرخەوانی نییەو، لە پاش دەرکەوتنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کە بە گرنگترین قۆناغ دەژمێردرێت بۆ هەنگاوەکانی داهاتووی ئاوەدانکردنەوەی دەوڵەتی داهاتووی میسری،ململانێیەکی زۆر هەیە لە نێوان هێزو تەوژمە هەمەجۆرەکان، ئێستاش جەخت کراوەتەوە لەسەر خولێکی تری یەکلاکەرەوە لە نێوان هەردوو کاندیدکراو بۆ سەرۆکی میسر محەمەد مورسی پاڵێوراوی پارتی ئازادی و دادپەروەری سەر بە ئیخوانەکان لە بەرانبەر ئەحمەد شەفیق دوایەمین سەرۆك وەزیرانی سەردەمی حوسنی موبارەك، هێشتا ئەنجامە یەکلایکەرەوەکە ماوە، دابەشبوون و پەلکێش و ڕاکێشەکان زیاتر بوون، هەن پێیان باشە ئەوەی دێتە کۆشکی کۆمارییەوە کەسێکی ئیسلامی بێت تا بە شەرعی خواوەند حوکم بکات و هەشن دەیانەوێت کەسێکی لیبرالی بێت تاوەکو مەدەنی بوونی دەوڵەتەکە بپارێزێت، خەڵکانێکیش پێیان وایە پێویستە کەسایەتییەکی

**دیمەنەکە لە میسر ئەرخەوانی نییەو، لە پاش دەرکەوتنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، کە بە گرنگترین قۆناغ دەژمێردرێت بۆ هەنگاوەکانی داهاتووی ئاوەدانکردنەوەی دەوڵەتی داهاتوو، لە نێوان هێزو تەوژمە هەمەجۆرەکاندا ململانێیەکی زۆر هەیە..**



تا گوزارشت لەو هەموو قوربانیانە بکات کە لە پێناوی ئازادی میسردا خوێنیان ڕشتووەو گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی، هەشن پێیان باشە درێژبووەوەی ڕژێمی کۆن بێت و میسر لە تارمایی ئەم فەوزایەی ئێستا ڕزگار بکات، مەترسی زۆریش هەیە لە دواخستنی یان ساختە پێکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، وێڕای زەماناتی ئەنجومەنی سەربازی کە شتی وا ڕوونادات، ڕەنگە سەرەتای هەنگاوەکانی داهاتوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەموو بارگرانییەی هاتۆتە سەر شانی میسر لە ڕووی سیاسی و ئەمنی و ئابووری و کۆمەڵایەتی چ لە ناوەخۆیدا یان لە دەرەوەیدا ئەم هەڵبژاردنەی سەرۆکی میسر بێت..

هەردوو کاندیدکراوەکە بە هەموو ئامرازەکانەوە بزاف و چالاکیەکانی خۆیان چڕ کردۆتەوە بۆ ڕاکێشانی دەنگدەران چ لە ناو گوندو شارەکانەوە تا دەگاتە گەڕەکە شارستانیەکان و تەنانەت لە ناو خەڵکی دەستەبژێرو پەراوێزخراوەکانیشەوە، هەر یەکەیان بە شێوەیەك لە هەوڵدایە سەرنجی خەڵکی بۆ پێداویستی میسر لە ئاسایش و سەقامگیرکردنی باری ئابووری و سیاسی ڕابکێشێت، یەکێکیان لە ڕێی وتاری حەماسی وئایینیەوە سۆزی دەنگدەران دەجوڵێنێت و بۆ پشتگیری کردن لە بیرو ڕاکانی پیاوانی ئاینی دوای خۆی خستووەو پرۆژەی نەهزەی ڕاگەیاندووە کە جەخت لەسەر جێبەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلامی دەکات ئەوی تریان بە خیتابی عەقڵانییەوە خۆی وەك دەوڵەتمەدارێك نیشان دەدات کە لە توانایدایە کاروبارەکانی دەوڵەت مەدەنیانە بەڕێوەبەرێت و متمانەی هەموو عەرەب و جیهانیش بەو شێوەیە بەدەست بێنێت، هەر یەکەشیان لە هەوڵدان ئەو فراکسیۆنانە بە لای خۆدا ڕاکێشن کە لە خولی یەکەمین دەرپەڕێنراونەتە دەرەوەی ڕکابەری کردن..

بە پێچەوانەی ڕاپرسیەکانەوە کە چاوەڕێ دەکران عەمرۆموساو عەبدولمونیعم عەبدولفتوح

**گرفتەکانی زیادبوونی تاوان و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و بارگرژی بەردەوام و خراپبوونی باری ئابووری کە لە دوای بەهاری عەرەبییەوە ڕێژەکانی زیاتر بوون**



فارووق جویدە

نووسەرو شاعیری ناوداری میسری:

# خودا فرسەتی سەرۆکی داهاتووی میسر بدات کە میراتێکی قورسی لە گەندەڵی بۆ بەجێماوە

کەوتنە ڕیزبەندی چوارەمین و پێنجەمینەوە، کەچی حەمدین سەباحی بەرەو ڕیزبەندی سێیەم سەرکەوت، میسریەکان دەخوازن سەرۆکی داهاتوویان گرفتەکانی بێکاری و گرانی نرخەکان و نەبوونی خانووی نیشتەجێ بوون و ئەو هەژارێتییەیان بۆ چارەسەربکات کە ڕێژەکەی گەیشتۆتە ٥٠٪ دانیشتووانی وڵات، وێڕای گرفتەکانی زیادبوونی تاوان و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و بارگرژی بەردەوام و خراپ بوونی باری ئابووری کە لە دوای بەهاری عەرەبییەوە ڕێژەکانی زۆر زیاتر بوون..

گۆڤاری گولان ڕای خەڵکانێکی زۆری سەبارەت بە خەسڵەتەکانی سەرۆکی داهاتوو وەرگرتووە کە زۆربەیان پێیان باش بووە سەرۆکی داهاتووی میسر لە دەرەوەی مەنزوومەی (کۆسوڕی) گەندەڵی ڕژێمی پێشوو کاربکات بۆ گەڕانەوەی هەیبەتی دەوڵەت لە ناوەوەو دەرەوەیدا، تێڕوانینی ئایندەیی هەبێت و دادپەروەرانە هەست بە بەرپرسیارێتی بکات لە بەرانبەر ئازارو موعاناتی ڕۆژانەی خەڵکی و ئەرکەکانی خۆی لە بەرانبەر خواو نیشتمان و گەل بە دادپەروەرانە ڕاپەڕێنێ، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە زۆرترین دەنگ بەدەست بهێنێت تا زۆرینەی میسرییەکان پشتگیری لێ بکەن و شەرعیەتی میللی لەسەریان هەبێت تا دەوڵەت مەتین بێت و گەلێکی یەکگرتوو دروست بکاتەوەو بەرنامەکانیشی لە سنوورێکی زەمەنی دیاریکراودا جێبەجێ بکات، هەر زوو بە زوویی بودجەی تەرخان کراوی سەرۆکایەتی دابەزێنێتە خوارەوەو شەفافانە مووچەی خۆی بۆ گەلەکەی ڕابگەیەنێت، لە هەموو پارێزگاکان کۆشکەکانی سەرۆکایەتی بکاتەوە بە موڵکی گەل و وردە خەرجیەکانی حکومەت کەم بکاتەوەو گەندەڵی کارگێڕێتی نەهێڵێت و دینگەکانی دەوڵەتی یاساو دادوەری و یەکسانی و پێشکەوتنی خەڵکی و وڵاتەکە پێش هەموو بەرژەوەندییەکی تر بخات، هەموو ئەم ئومێدانە لای شەقامی میسرییەوە هەبوون، بەڵام تا ئێستا دەستووری میسری دانەڕێژراوەتەوە بۆیە بازنەی سەڵاحیاتەکانی سەرۆکی داهاتوو دیار نییە ئەمەیە کە ئەنجوومەنی سەربازی هان داوە ئەو دەسەڵاتانەی سەرۆکی داهاتوو دیاری بکەن بە پێی ڕاگەیاندنێکی دەستووری..

لەو بارەیەوە گۆڤاری ئیکۆنۆمیستی بەریتانیایی پێی وایە بە پێی ئەو ئیلهامەی گەلی میسر تا ئێستا کاندیدکراوێکی ئەوتۆ بوونی نییە، بەڵام هەڵبژاردنێکی بێگەرد باشترین هەنگاوە کە بۆ پێشەوە دەنرێت، گۆڤارەکە پێی وایە لە پاش ساڵ و نیوێك تێپەڕینی شۆڕشەکەوە میسر ئەم هەنگاوە دەنێت بۆ ڕۆیشتن بەو ڕێگە سەختەی دیموکراتیەت، کە نیگەرانی و ترسی زۆر هەیە لەوەی سەرۆکێکی ئیسلامی بە پاڵپشتی پەرلەمانێك کە ئیسلامی و سەلەفیەکان تێیدا زاڵ بن یاسای کۆمەڵایەتی دواکەوتووانە داڕێژنەوە، وا دەریش دەکەوێت جەنەڕاڵە سەربازییەکان دودڵ بن لە پرۆسەی تەسلیم کردنی فەرمانڕەوایی دەسەڵات و ناو بە ناو هەندێك فڕو فێڵ لە پرۆسەی دیموکراتی دەکەن، یەکەمین کاری داهاتووی سەرۆك داڕشتنەوەی دەستوورە، بەڵام بە بوونی پەرلەمانێك کە ئیسلامییەکان تێیدا زاڵ بن ئەمە بۆ سەرۆکێکی عیلمانی کارێکی زەحمەت دەبێت، ئەرکی سەرۆکی دادێت نەهێشتنی کەلێنی بەرینی نێوان ئیسلامیەکان و عیلمانیەکانە، هەروەها ئەرکی هەردوولاش چۆنیەتی بەڕێوەبردنی سوپایە، هەروەها هەستانەوەی ئەو بارە ناهەموارەی ئابووری وڵاتە..

**قۆناغی ئێستای میسر قۆناغێکی مەترسیدارە لە ژیانی گەلاندا. بەڵام قۆناغی دامەزراندن نییە. بەڵکو قۆناغێکی بەر لە دامەزراندنە. هەموو شتەکانیش چارەنووسیان دیار نین**

لە لایەکی ترەوە هەندێ لە توێژینەوەکان ئاماژە دەدەن بە تێچووی گرانبەهای پرۆپاگەندەکانی هەڵبژاردن کە بۆ هەر پاڵێوراوێك لە دە ملیۆن جنێی میسری تێپەڕیوە

لەو بارەیەوە دکتۆر عادل عامر سەرۆکی ناوەندی توێژینەوە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی میسر ڕایگەیاند کە هەندێك لە کاندیدکراوان لە دەرەوەی میسرەوە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەیان تەمویل کراوە بە تایبەتی لە لایەن هەندێك وڵاتی کەنداوەوە ئەوەش بە پێچەوانەی قسەکانی خۆیانەوە کە دەڵێن لە هەوادارانیانەوە تەمویل دەکرێن، چونکە تەمویلەکە بە گشتی بەهای زۆر بەرز بووە لە نێوان ١٢٠ تا ١٥٠ ملیۆن جنیە بووە، واتە بۆ هەر پاڵێوراوێك کە چەندین پسپۆڕیان بە کرێ گرتووە بۆ پرۆپاگەندەو فێرکردنی هونەری ئەتەکێت و چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ میوانان و جەماوەردا، هەر لەو توێژینەوەیەدا دوو دەوڵەتی کەنداو تۆمەتبارکراون بەوەی گوایە تەمویلی کاندیدکراوانیان کردووە تا کاڵای بە قەد باڵای کە ئەوان کە پێواویانە بدوورن، بێ ئەوەی ناوی دوو دەوڵەتەکەو ناسنامەی پاڵێوراوەکە دەربخات، بەوەی گوایە سەرەتا ٥٠ ملیۆن جنیەی پێدراوە لە کۆی ٢٠٠ ملیۆن ئەوەش تەنیا بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردنی، ئەگەری ئەوەی کردووە کە کۆی تێچووی پارەی سەرفکراو بۆ پروپاگەندەکان دەگاتە دە ملیار جنیەی میسری، لە کاتێکدا لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان تەنیا دە ملیۆن جنیەی بۆ هەر پاڵێوراوێك تەرخان کردبوو، بەڵام بەهای هەر هەڵمەتێکی هەڵبژاردنی پاڵێوراوێك هاتۆتە نزیکەی ١٥٠ ملیۆن جنیە..

هەریەکەیان لە پێناوی بردنەوەدا پشتیان بە ڕاوێژکارانی پروپاگەندەی ڕاگەیاندن بەستووەو گرێبەستیان بۆ ئەو مەبەستە ئەنجامداوەو هەر بۆ نموونەش باس لە کۆمپانیای برومو فسنی لوبنانی کراوە کە لە ڕێگەی کەناڵەکانی

**یەکەمین کاری سەرۆکی میسر لە داهاتوودا داڕشتنەوەی دەستوورە، بەڵام بە بوونی پەرلەمانێك کە ئیسلامییەکان تێیدا زاڵ بن ئەمە بۆ سەرۆکێکی عیلمانی کارێکی زەحمەت دەبێت**



دکتۆر عادل عامر
سەرۆکی ناوەندی توێژینەوە:

## هەندێك لە کاندیدکراوان بودجەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەیان لە دەرەوەی میسرەوە بۆ هات

ئاسمانییەوە ٥٠ ملیۆن جنیەی میسرییان لە هەڵمەتی عەمروموسا سەرف کردووەو هەر ریکلامێکیان بە ١٠ هەزار جنیە بۆ دابەزاندووە، هۆکاری پەنا بردنە بەر کۆمپانیاکانی دەرەکی پروپاگەندەیی هەڵبژاردن دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاژانسەکانی ناوخۆ شارەزاییان نییە و ئەمە یەکەمین ئەزموونە لە ناو میسردا کە کێبەرکێی لێ دەکەوێتەوە بۆ پایەی سەرۆکایەتی لە نێوان کۆمەڵێك پاڵێوراودا..

لەو بارەیەوە ئەلبەرت شەفیق بەڕێوەبەری کەناڵی (ON TV) پێی وا بوو کە کەناڵە ئاسمانیەکان زۆرترین کاریان بۆ پرۆپاگەندە دەکردو بەشی شێریان لەو بارەیەوە هەبووە بەو حیسابەی ئاسانترین ئامراز بوون لە گەیاندنی دەنگی پاڵێوراوان بە خەڵکی میسرو ئاماژەی داوە بەوەی بەهای تێچووی هەر ریکلامێك لە ٣ هەزار جنیە دەرنەچووە، وەك ئەوەی بڕیاری لەسەردرابوو کە ئەوەندە بێت، هەروەها سایتەکانی فەیس بووك و تویتەریش ڕۆڵێکی کارایان گێڕاوە لە گەیاندنی هەواڵەکانی پاڵێوراوان بەو حیسابەی کەمترین تێچوویان هەبووە بۆ پاڵێوراوان..

هەروەها ئاماژەشی داوە بەوەی کە هانا براوەتە بەر پسپۆڕانی ئەتەکێت بۆ زانینی چۆنیەتی جلوبەرگ پۆشینی سەرۆك و چۆنیەتی پێکەنین و فرمێسك ڕشتن و قسەکردن و توڕەبوونی لە بەرانبەر دەنگدەران و بینەران و میوانانی بیانیشدا..

لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان ڕێگەی دابوو بە بەخشین بە مەرجێك ٢./ ی بودجەکەی خۆپاڵاوتن تێنەپەڕێت و بەخشەریش لایەنی میسری بێت و ژمارەی حیسابی لە بانکی میسریدا هەبێت.

بیرمەندو شاعیری ناسراو فارووق جویدە لە لایەن خۆیەوە پێی وتین((خودا فرسەتی سەرۆکی داهاتووی میسر بدات کە میراتێکی قورسی لە گەندەڵی بۆ بەجێماوە، کە گەندەڵی وەك مێژوو کەلتورێکی لێ هاتووە، لەبەردەم سەرۆکی نوێدا زۆر دۆسیە هەن لە تاوانکارییەکانەوە دەست پێدەکات و بە خەونەکانی ئەم گەلە کۆتایی دێت، ئەویش خەونیان بۆ داهاتوویەکی باشترو ژیانێکی پڕ لە کەرامەتە، لەبەردەم سەرۆکی داهاتوودا زۆر کاری ئەستەم هەن کە دەکەونە پێش بونیادنانەوەی نیشتمانەوە، نیشتمانێك دەستی گەندەڵی هەموو شتێکی تێك داوەو خاوەن ویژدانانێك کە هەموو شتێکی نیشتمانیان تاڵانفرۆش کردووە، ئێستا ئەو هەڵە باوەی ڕژێمی پێشوو دەرکەوتووە کە هەردەم دەیوتەوە کە میسر وڵاتێکی هەژارەو بەرپرسیارێتی تێرکردن و تێگەیاندن و خوێندن و نیشتەجێ کردن و چارەسەری تەندروستی ٨٥ ملیۆن نەفەر پێویستی بە کارکردنی موعجیزەییە، هەمیشە پێیان دەوتین چاوەڕێی هاریکاری و پشتگیری بن ئەمەش وەك درۆیەکی شاخدار، زۆربەی چاودێران ڕاوبۆچوونەکانی جویدە پشت ڕاست دەکەنەوەو دەڵێن ڕاستە سەرۆکی داهاتووی میسر بەسەر پلێتێکی سوورەوەبووەوەیە، چونکە فەرمانڕەوایی گەلێك دەکات کە لە حاڵەتی شۆڕشگێڕیدان و بۆ ساڵانێکی دوورو درێژ ئارام نابنەوە، ئەوەش قۆناغێکی مەترسیداری ژیانی گەلانە، بەڵام قۆناغی دامەزراندن نییە بەڵکو قۆناغێکی بەر لە دامەزراندنە، هەموو شتەکان چارەنووسیان دیار نین، پێویستمان بە کاتی زیاترە تا ئەم گێژەڵوکانە دەنیشنەوەو شتەکان بە جوانتر ڕووندەبنەوە، لەوێوە دەتوانین بنەماکانی دامەزراندنی دەوڵەت بچەسپێنین کە بۆ دواتر نەوەکانی داهاتوو لە بەرهەمەکەی دەچننەوە..

**تا ئێستا دەستووری میسری دانەڕێژراوەتەوە، بۆیە بازنەی سەڵاحیاتەکانی سەرۆکی داهاتوو دیار نییە، ئەم شتەیە کە ئەنجوومەنی سەربازی هان داوە هەوڵ بدەن بە پێی ڕاگەیاندنێکی دەستووری ئەو دەسەڵاتانەی سەرۆکی داهاتوو دیاری بکەن.**